ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان

## پێکهێنان، چالاکیی، هەڵسەنگاندن

**راپۆرتی کۆتایی پرۆژەی**

**(بەشداریپێکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان**

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان)**

ئامادەکردنی:
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان**

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
سەرپەرشتیار: خالید عومەر ڕەشید
دیزاین: هەرێم عوسمان
ساڵی چاپ: ٢٠١٥
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: تاران
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی (١٨٢٩ )ی ساڵی (٢٠١٥) پێدراوە

ئەم کتێبە بەشێکە لە پرۆژەی
(بەشدارپێکردنو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هاووڵاتیان)
کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED) ئەمریکی
جێبەجێیدەکات.

**بێ بەرامبەر دابەشدەکرێت**

# پێشەکی

دەسەلاَتی بێ چاودێریی، دەسەلاَتێکی گەندەڵە، یاخود بەرەو گەندەڵی دەڕوات. لەم روانگەیەوە سیستەمی دیموکراسی کاردەکات بۆ ئەوەی دەسەلاَتی گەل وەک هێزێکی چاودێریکار لە چوارچێوەی چەندین دامودەزگادا جێبکاتەوە، جا ئەو دەزگایانە دەوڵەتی بن، وەک: پەرلەمانو ئەنجومەنەکانی پارێزگاو شارەوانیو هتد.. یان ناحکومیو جەماوەری بن، وەک: رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو گروپەکانی فشار. بۆ بەدیهێنانی دەسەلاَتێکی شەفافو دیموکرات، سیستەمی دیموکراسی تۆڕێکی جەنجاڵی بەم دەزگاو دامەزراوانە رایەڵ کردووە، بەشێوەیەک دەزگا چاودێریکارەکانیش جارێکی دیکە چاودێری دەکرێنەوە.

لەم روانگەیەوە رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان لە یەکەمین پرۆژەیدا (پرۆژەی بەشدارییپێکردنو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هاوولاَتیان) کاریدەکرد هەتا لەلایەکەوە پەیوەندی نێوان دانیشتوانی پارێزگاکەو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا بەهێز بکات، لەلایەکی دیکەوە خۆیو ئەو لایەنانە بکات بە چاودێر بەسەر ئەنجومەنەوە کە خۆی دامەزراوەیەکی چاودێریکارە، بۆ ئەم مەبەستەش رێکخراوەکەمان ماوەی زیاتر لە ساڵێک لەکاردا بوو.

ماوەی پرۆژەکە لە بنەڕەتدا ساڵێک بوو (٢٠١٤/٧/١ تا ٢٠١٥/٦/٣٠)، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پرۆژەکە، سێ مانگ ماوەکەی درێژ کرایەوە. پرۆژەکە چەندین چالاکی لەخۆ گرتبوو کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

– چاودێریکردنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەڕێگەی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا.

– ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فراوان بۆ ١٠ لیژنەی ئەنجومەن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانو ڕێکخراوەکانو هاوولاتیاندا، بەمەبەستی یەکترناسینو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو خستنەڕووی سەرنجو ڕەخنەو پێشنیارەکان.

– چاپکردنی ڕێبەرێک بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، کە تێیدا سەرەڕای خستنەڕووی چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی ئەم خولەی ئەنجومەن، یاسا پەیوەندیدارەکان بە کاری ئەنجومەنەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لیژنەکانو زانیاری کەسیو پەیوەندیکردنی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای لەخۆ گرتبوو.

– ڕاپۆرتی کۆتایی پرۆژە.

سەبارەت بە دواهەمین چالاکی، کە کتێبێکەو ئێستا دەیخوێننەوە، ڕوماڵێکی کورتو پوختی کارو بڕیارەکانی ئەنجومەنە لە ماوەی رابردوودا، ئەمە سەرەڕای خستنەڕووی ئەو کۆبوونەوانەی کە لەماوەی پرۆژەکەدا ڕێکخراوەکەمان لەنێوان لیژنەکانی ئەنجومەن لەگەڵ هاوولاتیانو فەرمانگەو ڕێکخراوەکاندا ئەنجامیداوە. لە کۆتاییشدا سەرنجو ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆمان لەسەر ئەم خولەی ئەنجومەنو لە چوارچێوەی چاودێریکردنی کارەکانیدا خراوەتەڕوو.

پێویستە بوترێت هەڵسەنگاندنی ئەم دامەزراوەیەو بڕیارلێدان لەبارەیەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەدیوێکدا بە رەچاوکردنی رەوشی قۆناغی گواستنەوە بەرەوە دیموکراسی لە هەرێمداو تازەیی ئەم دامەزراوەیە، ناچاریت هەندێک کەموکورتی بەئاسایی‌و سادە وەربگریت، یان هەندێکجار نادیدەیان بگریت. بەدیوێکی دیکەشدا ناکرێت دۆخەکە بکەیتە پاساو بۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی تەواوەتی بکەیت‌و خوێنەر واتێبگات کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دامەزراوەیەک، کراونەتە قوربانی بارودۆخێک یان لایەنێک. هاوکات ناکرێت بەتەنها ساڵێک، کە ساڵی دەستپێکردن‌و پێکهێنانی ئەنجومەنەکەیە دوای کێشمەکێشێکی سیاسی دورودرێژ، بڕیاری تەواوەتی‌و کۆتایی لەسەر چاپوکی‌و کارایی ئەنجومەنەکە بدرێت. لەبەرئەوە وەک رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، بەپێویستی دەزانین پرۆژەکە لەساڵی داهاتوودا بەردەوامبێت، بۆئەوەی بتوانرێت هەڵسەنگاندن‌و خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکرێت. بەو ئومێدەی بتوانین هەرێم‌و پارێزگاکەمان هەنگاوێکی دیکە لە کاروانی بەرەو دیموکراسیدا ببەینە پێشەوە.

جێی باسە ئەم پرۆژەیە لەلایەن گروپێکی سێ کەسیی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان (ئاواز سەلیم- سەرۆکی رێکخراو، دڵسۆز شەفیق- بەڕێوەبەری پرۆژە، خالید عومەر- رێکخەری پرۆژە،) بەپاڵپشتیی (سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED) جێبەجێکرا.

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

# چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی
# خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

* ئەنجومەنەکە بەگوێرەی یاساکانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، هەروەها یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچون، هەڵبژێردراوەو کاردەکات.

* رۆژی ٢٠١٤/٤/٣٠ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکە ئەنجامدرا.

* لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٢ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی راگەیاندو وادەیەکی بۆ تانەلێدان دیاریکرد، دواجار لە ٢٠١٤/٦/٩ بە فەرمی دوا دەرئەنجامی پەسەندکراو، راگەیەنرا.

* یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لە ٢٠١٤/٦/٢٤ بەڕێوەچوو، تێیدا (ئامانج نەجیب شەمعون) کە بەتەمەنترین ئەندامە، بە سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن هەڵبژێردرا، دواتر بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، کۆبوونەوەی یەکەم بە کراوەیی هێڵرایەوە.

* دوای رێککەوتنی سیاسی دوو لایەنی براوەی یەکەم (یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان)، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١١دا، پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەی هەڵبژێردران.

* بەگوێرەی رێککەوتنەکە، پۆستی پارێزگار درایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو (ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) کرایە پارێزگار، هەروەها پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا درایە بزوتنەوەی گۆڕانو (هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن) لە پۆستەکەدا دەستبەکاربوو. هەر بەپێی رێککەوتنەکە ئەم دوو پۆستەو چەند پۆستێکی کارگێڕیی

دیکە بۆ ماوەی ساڵێکو ٩ مانگ بەکاردەبنو دواتر ئاڵوگۆڕ دەکرێنو پێچەوانە دەبنەوە.

ئەم رێککەوتنە دواتر هێنرایە ئەنجومەنی پارێزگاو پەسەندکرا، بەڵام فراکسیۆنەکانی هاوپەیمانی نیشتیمانیو خزمەت لە کاتی دەنگدان لەسەر رێککەوتنەکە، چوونە دەرەوەی هۆڵی دەنگدانو فراکسیۆنی پارتیش رەتیکردەوە.

* دوای دانانی (ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) بە پارێزگار، (سەمەد ئیبراهیم محەمەد عەبدوڵڵا) لە جێگەی ئەو وەک ئەندامی ئەنجومەن دەستبەکاربوو.

* هەردوو لایەنی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)و (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) فراکسیۆنێکیان بە ناوی (خزمەت) پێکهێنا، ئەمەش تەنها هاوپەیمانێتییە لە ئەنجومەنەکەدا.

* بەمەبەستی ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەن بە بڕیاری ژمارە (١) لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٢ لیژنەیەکی کاتیی بە بەشداری (١١) ئەندامی خۆی پێکهێنا. پاش گەڵاڵەکردنی، لە کۆبوونەوەی دووەمیدا کە لە (٢٠١٤/١٢/١٧ تا ٢٠١٥/٢/١٩) بەڕێوەچوو ١٥ دانیشتنی تێدا ئەنجام درا، پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەندکرا.

# پوختەیەک لە بەڵێنو بەرنامەی کاری لیستەکان

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## خولی دووەم

## بزوتنەوەی گۆڕان

- پەیڕەوکردنی بنەمای ناناوەندی کارگێڕی لە هەرێمو پێدانی سەربەخۆیو دەسەڵاتی داراییو کارگێڕی زیاتر بە پارێزگاکان.

– چالاککردنی رۆڵـی چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ لێپرسینەوەو بەدواداچوونی کاروباری فەرمانگەو بەرپرسەکانی.

– دانانی بەرپرسی فەرمانگەکان لەسەر بنەمای شارەزاییو لێهاتوویو دەستپاکیو بەشێوازی کێبڕکێ لەنێوان ئەوانەی مەرجەکان دەیانگرێتەوە.

– پێداچوونەوەو گەشەپێدانی ماستەرپلانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی کە لەگەڵ گەشەی دانیشتوانو پێداویستیە ستراتیژیەکانی شارەکەدا بگونجێت.

– قەدەغەکردنی واستەکاری لە راپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان لەرێگەی چاودێریکردنو قورسکردنی سزاکانەوە.

– پێکەوەبەستنەوەی بەشو فەرمانگەو دامەزراوە کارگێڕیەکانی هەرێم لە قەزاو ناحیەکانو بەستنەوەی لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێت، بۆئەوەی هاووڵاتی بۆ مامەڵەیەکی ئاسایی سەردانی شوێنی دور یاخود زیاتر لە شوێنێک نەکات.

– چالاککردنی دەستەی نەزاهەو کارکردن بۆ ئاشکراکردنی داهاتو خەرجیەکانو ناچارکردنی بەرپرسەکان بە ئاشکراکردنی داهاتو سەرچاوەکانیان.

– کارکردن لەسەر بنەماکانی شەفافیەتو لێپرسینەوەو پاداشتو

سزاو پەرەپێدانی توانستە کەسیو کارگێڕیو ئابووریو یاساییەکان لە تەواوی دامودەزگاکاندا.

- زیادکردنی بودجەی پڕۆژە پیشەسازیەکان بە ڕێژەی ١٠٪ لە پارێزگای سلێمانیو قەزاکانیدا بەمەستی فراوانکردنی پیشەسازیە ناوخۆییەکان.

- هاندانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە بوارە پیشەسازیە جیاوازەکاندا لەڕێگەی ئاسانکاریو پێدانی قەرزو زەویو پاراستنیان لە کێبڕکێی بەرهەمە دەرەکیەکان.

- پشتگیریو پاڵپشتی کەرتی گەشتیاری لەڕێگەی پێدانی قەرز بە پڕۆژە گەشتیاریەکان لەپارێزگای سلێمانیو ناوچە گەشتیاریەکان.

# یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

- پەلەکردن لە دروستکردنی ژێرخانێکی تۆکمە بۆ پایتەختی رۆشنبیری (سلێمانی).
- دروستکردنو فراوانکردنی سەنتەری شاری سلێمانی (دەرگای سەرا).
- پاککردنو خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆ لە باشوری سلێمانیو بەکارهێنانەوەی بۆ ئاودانی دارو باخچەکانو پاراستنی ژینگە.
- دروستکردنی پێنج ناوچەی پیشەسازی.
- دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە بۆ کرێچیەکان.
- پشتگیریکردنی گەنجو لاوەکان لە هەردوو رەگەزو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیرییان تیایدا.
- دروستکردنی بازاڕی گەڕەک لە چەندین گەڕەکی سلێمانی.
- دروستکردنی مەلەوانگەو هۆڵی وەرزشی لە گەڕەکەکان بۆ هەردوو رەگەز.
- چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار لەو گوندانەی کە سەر بەسلێمانین.
- پاراستنی مافی نەخۆشو رێکخستنی عیادەکانو گەشەپێدانی تەندروستی خێزان.
- دابینکردنی ئامرازەکانی گەیاندن (میترۆ، پاس..هتد).
- بەبازاڕکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیو هەڵگرتنی باج لەسەری لە پێناو شارێکی سەوزو ژینگەیەکی پاک.
- یەکخستنی قوتابخانە حکومیەکان لەگەڵ قوتابخانە تایبەتەکان.

# یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

– چەسپاندنی ناناوەندێتیو فراوانکردنی دەسەلاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

– دابینکردنی خزمەتگوزاریو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریو کۆمەلایەتی پێویست بۆ هاوولاتیان لە ئاوو ئاوەڕۆو تەندروستی، کارەبا، سوتەمەنی، هاتووچۆو گەیاندنو..هتد.

– دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هاوولاتیان.

– لەناوبردنی هەژاریو بێکاریو دابینکردنی هەلی کارو یەکەی نیشتەجێبوون.

– گرنگیدان بە کشتوکاڵ وەکو داهاتێکی ئابووریو برەودان بە گوندەکان لەڕێی بنیاتنانەوەو دابینکردنی خزمەتگوزاری تیایدا.

– گەشەپێدانی پیشەسازیو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی لەڕێی هاندانی جێبەجێکردنی پرۆژەی بچوکو مامناوەند.

– دابینکردنی ژیانێکی تەندروستو ژینگەیەکی پاک بۆ هاوولاتیان لەڕێی بەدواداچوونی توند بۆ ئەو کارگانەی ژینگە پیسدەکەنو فراوانکردنی پانتایی سەوزاییو گرنگیدان بە جەنگەڵو دارستانەکانو پاککردنەوەی ژینگە لە پاشماوەی جەنگ.

– دابینکردنی ئاسایشی کۆمەلایەتیو دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی پێویستیەکان.

– دابینکردنی هەلی کار بۆ خانمانو بەشدارییپێکردنیان لە پرۆسەی سیاسیو ناوەندی بڕیارو دژی توندوتیژی وەستانەوە.

– گەشەپێدانی گەشتوگوزارو پاراستنی کلتوری ئیسلامیو شوێنە دێرینەکان.

- پاراستنی مندالآنو رێگرتن لە کارکردنیانو سەپاندنی خوێندنی ناچاری لەسەریان.
- دامەزراندنی کەمئەندامانو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆیان.
- کارئاسانی بۆ دروستکردنی مزگەوتو سەنتەری زانستە شەرعیەکانو فراوانکردنی رۆڵیان لەبۆنە ئاینیو نیشتمانیەکاندا.
- زیادکردنی بودجەی پترۆدۆلار بۆ شارو شارۆچکەکان بۆ دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ دروستکردنی قوتابخانەو باخچەی مندالآنو دایەنگەو نەخۆشخانە.

# کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

- گەیاندنی ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری پێویست بە هەموو شارو شارۆچکەکان لە هەرێم.
- فراوانکردنی پانتایی سەوزایی لە شارو شارۆچکەو ناحیەکان بەگوێرەی پێوەرە جیهانیەکان.
- پەیڕەوکردنی پترۆدۆلار لەو شارانەی نەوت بەرهەمدێنن.
- پارێزگاریکردن لە ئاژەڵو ڕێگرتن لە راوکردنی نایاسایی.
- رێکخستنی پەیڕەوی تەندروستی بەشێوەیەک ژیانێکی تەندروستی باش بۆ هەموو هاووڵاتییەک دابینبکات.
- کارکردن لەسەر چەسپاندنی پەیڕەوی ناناوەندێتی لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکاندا.
- دابەشکردنی وەزارەتەکان بەشێوەیەکی گونجاوو بەگوێرەی پارێزگاکان بۆ ئاسانکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان.
- کارکردن لەسەر پێدانی هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەک لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە.
- ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر تەندەری پڕۆژەکانو جێبەجێکردنی بە شەفافیەت.
- کارکردن بە سیستمی سیڤی بۆ دامەزراندنی بەرپرسانو بەڕێوبەرەکان لە پارێزگاکان.
- کارکردن لەسەر پەیڕەوکردنی سیستمی یەک پەنجەرە بۆ راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان.
- گرنگیدان بە شوێنە ئاینیەکانو بنیاتنانەوەی مزگەوتەکان.
- رێکخستنی کاروباری مزگەوتەکان لەلایەنی کارگێڕییەوە.

- ڕێکخستنی موچەی مامۆستایانی ئاینی لەڕێی دروستکردنی چەکی بانکی.

- دەبێت مامۆستا ئاینیەکان حەسانەی یاساییان هەبێتو ڕێگرتن لە لێپرسینەوەیان بەبێ مۆڵەتوەرگرتن لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی.

# پارتی دیموکراتی کوردستان

- گرنگی تەواو بدرێت بەبواری پەروەردەو خوێندنو دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجانو دوورخستنەوەیان لە توندوتیژیو گرنگیدان بە وەرزشو گەیاندنی بە ئاستێکی جیهانیو ئالٌوگۆڕکردنی ئەزموونی وەرزشی لەگەلٌ ولاٌتان.
- بەرگرتن لە بلاٌوبونەوەی مادەی هۆشبەرو بازرگانیکردن پێوەی.
- رێزگرتن لە کلتوری ولاٌتو ئاینە جیاوازەکانی کوردستان.
- دابینکردنی ئازادی بیروڕاو یەکسانی لەنێوان ژنو پیاودا.
- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە دەستوری عێراقو ناساندنی جینۆسایدو ئەنفالو کیمیابارانی کورد بە جیهانو قەرەبووکردنەوەی قوربانیان.
- بەشداریکردن لە حکومەتە ناوخۆییەکانو ئەنجومەنی پارێزگاکانو گواستنەوەی ئەزموونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرو دهۆک بۆ سلێمانی.
- رێگەنەدان بە دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتو پەیرەوکردنی یەک ئیدارەییو پشتبەستن بە ئەزموونو بڕوانامە لە دامەزراندن لە دەزگاو فەرمانگەکاندا.
- گرنگیدان بەیەکێتی نیشتیمانیو چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی گفتوگۆو رێککەوتنو گەشەپێدانو فراوانکردنی رۆلٌی کۆمەلٌگای مەدەنیو کۆمەلٌەو سەندیکاکانو بلاٌوکردنەوەی دیموکراسی لەنێو حکومەتە نێوخۆییەکاندا.
- بلاٌوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییو هۆشیارکردنی هاوولاٌتیو جێگیرکردنی پرۆگرامی پارێزگاریکردن لە ژینگە لە پرۆگرامی

خوێندندا.

- سودوەرگرتن لە سامانی سروشتی لە بەرهەمهێنانی چیمەنتۆو بەردو دارو شوشەو ئاسنو..هتد.

- کارکردن لەسەر کاراکردنی بانکی پیشەسازیو دابینکردنی قەرز بۆ پرۆژەی بچووک.

- دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ هەموو هاوولاّتییەکو کردنەوەی نەخۆشخانەی سەردەمیانەو دابینکردنی هەموو پێداویستیە پزیشکیەکانو هاندانی پزیشکانو پەرستاران بۆ کارکردن لە گوندەکان.

- گرنگیدان بە بەرهەمی خۆماڵیو ئاسایشی خۆراکو دروستکردنی بەنداوو پشتگیری لە جوتیارانو پرۆژە کشتوکاڵیەکان لەڕێی بانکی کشتوکاڵییەوە.

# لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان

– هـەولـدان بۆ بەکەلتورکردنی خوێندنەوەو گرنگیدانی زیاتر بەکتێبخانەکان بەتایبەت لەقەزاو ناحیەکان.

– هاوکاریکردنی مادیو مەعنەوی کۆمەڵەو رێکخراوەکانو رێزلێنان لە کەسانی داهێنەرو نوسەرو رۆشنبیرانو بەرهەمەکانیان.

– زیادکردنو گرنگیدان بە جۆری دایەنگەو باخچەی ساوایان لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست.

– رەخساندنی هەلی کار بۆ لاوانو گرنگیدان بەبەهرەو تواناکانیان، زیادکردنی قەرز بەمەبەستی هاندانی پرۆژەکانیان.

– زیادکردنو باشکردنی کۆنترۆڵی جۆریی.

– گرنگیدانی زیاتر بە چاودێری تەندروستیو لیژنەکانو پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان.

– هەوڵدان بۆ هێنانی ئامێرە پزیشکییە پێشکەوتووەکان لە سەرجەم بوارە پزیشکییەکانو پێگەیاندنی کادری تایبەتمەند.

– گەیاندنو باشترکردنی رێگاکانی هاتوچۆ لەسنوری پارێزگای سلێمانی.

– چاککردنی سەرجەم رێگاوبانەکانو دانانی هێمای هاتوچۆی پێویست بەشێوەیەکی مۆدێرن بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاوولاتیان.

– پێداچوونەوە بەسیستەمی غـرامـەی هاتووچۆو رێکخستنیان بەشێوەیەکی گونجاو کە سەلامەتی هاوولاتیان بنەمای دانانی بڕی غرامەکان بێت.

– زیادکردنی رێژەی سەوزایی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی.

– بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەپارێزیی.

– دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بەنرخێکی کـەمو قیستی درێژخایەن بۆ هاوولاتیانی کەمدەرامەتو کرێنشینان.

– گرنگیدان بە وەبەرهێنانی ناوخۆ لە بوارە جیاوازەکانی خۆراک، دەرمان، پیشەسازی، جلوبەرگ، کشتوکاڵو گواستنەوە.

# لیستی رافیدەین

- کارکردن لەسەر پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بەهاوولاتیان.
- هۆشیارکردنەوەی هاوولاتی بەجێبەجێکردنی سیستمی گشتی لەڕێی ناساندنی مافو ئەرکەکانی.
- هەستان بەبنیاتنانەوەی شارو چاککردنی ژێرخانی ئابوریو هاندانی پرۆژەی نیشتەجێکردن بۆ خزمەتکردنی هاوولاتیان بەتایبەت گەنجان.
- دابینکردنی هەلی کار لەڕێی پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت.
- کارکردن لەسەر بوژاندنەوەی بواری ئابوری لەڕێی گەشەپێدانی بواری پیشەسازیو کشتوکاڵو گەشتوگوزار.
- پاڵپشتی خانمانو پاراستنی مافەکانیان.
- لەنێو هەموو ئەوانەی هاتووە لە بەرنامەکانماندا، کارکردن لەسەر هێنانەدی مافە تایبەتەکانی گەلی مەسیحی لەپەراوێزی مافە گشتیەکاندا.

# ئەندامانی
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# خولی دووەم

تێبینی/ فراکسیۆنەکان بەپێی ژمارەی کورسیەکانیان لە ئەنجومەن ریزبەند کراون.

## فراکسیۆنی گۆڕان

هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن محەمەد
بەرزان محەمەد ساڵح محەمەد
بەناز حەمەڕەشید حەمەسەعید حەمەڕەشید
غالب محەمەد عەلی شکور
ئەنوەر تاهیر محەمەدساڵح مەعروف
هاوسەر هۆشیار محەمەد ئەمین
دیلمان عەزیز محەمەد ئەمین
رێبوار ئەحمەد مەولود مەحمود
محەمەد عەبدولوەهاب عومەر رەزا
رەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم پیرۆت
سێوە حەمەخدر ئەحمەد خدر
هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم ساڵح

## فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەلمە فاتیح تۆفیق محەمەد
ئەکرەم شەریف محەمەد ئیسماعیل
رێکەوت محەمەد زەکی ساڵح نەجم
ئازاد محەمەدئەمین حەسەن حسێن
محەمەد رەسوڵ موراد حەمەسور
رزگار حەمەنوری میرزا محەمەد
سەباح فەتاح ئەحمەد کەریم
هۆشیار ئیسماعیل مستەفا پیرۆت
نیاز ئەحمەد سەیدحەمەلاو مستەفا

ئاڤان جەمال ئەحمەد محێدین

سەمەد ئیبراهیم محەمەد عەبدوڵلا

## فراکسیۆنی خزمەت

مەهدی مەحمود محەمەد میرزا

خەدیجە عەبدولجەبار ئەحمەد محەمەد

فەیسەڵ ئیبراهیم عەزیز عەبدوڵلا

میدیا شێخ ئەحمەد ئیسماعیل عەبدولڕەحمان

## فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان

زیاد حەمەڕەزا مستەفا محەمەد

دانا محەمەدجەزا عەلی محەمەد

مینا سامی محەمەدئەمین مەعروف

## فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتیمانی کوردستان

فەرهاد تۆفیق حەسەن محەمەد

## فراکسیۆنی رافیدەین

ئامانج نەجیب شەمعون ئستفیان

# بڕیارەکانی
# ئەنجومەنی پارێزگا

خوولی دووەمـی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە تا بەرواری (٢٠١٥/٦/٣٠)، ١٨ بڕیاری دەرکردووە، بابەتە بڕیارلێدراوەکان یەک لە دوای یەک ئەمانەن:

• هەڵبژاردنو دانانی بەڕێز (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن محەمەد) بە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١١).

• هەڵبژاردنو دانانی بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد) بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە دەنگی (٢٩) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندام، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١١).

• هەڵبژاردنو دانانی بەڕێز (د. ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) بە پارێزگاری سلێمانی، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی سێیەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١١).

• پەسەندکردنی رێککەوتننامەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی گـۆڕان (فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان)، سەبارەت بە حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی، بەزۆرینەی رەهاو بەدەنگی (٢٤) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندام (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١١).

• هەڵبژاردنو دانانی بەڕێز (فەرهاد تۆفیق حەسەن) بە سکرتێری کاتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١٧).

- سوپاسکردنی هاووڵاتیانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لەبەرامبەر خۆڕاگرییانو داوای لێبوردنکردن لێیان بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنو پارێزگای سلێمانیو پێشکەشکردنی سڵاوو وەفا بۆ گیانی پاکی شەهیدان (بەرواری ٢٠١٤/١٢/١٧).
- بانگکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی، بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە رۆژی یەکشەممە ٢٠١٥/٢/١ سەعات ١٠ی بەیانی (بەرواری ٢٠١٥/١/٢٥).
- پەسەندکردنی پەیکەری رێکخستنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (بەرواری ٢٠١٥/١/٢٧).
- پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (بەرواری ٢٠١٥/١/٢٧).
- پەسەندکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن کە (١٧) لیژنەیە، پاڵپشت بە مادەکانی (٣١)و (٣٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (بەرواری ٢٠١٥/٢/١٢).
- پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سەردار قادر علی) بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەری بە دەنگی (٢٩) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٣/٣٠).
- پەسەندکردنی پاڵێوراوانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ پۆستەکانی (سەرپەرشتیاری ئیدارە، جێگری ئیدارە، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) کە بەپێی رێکەوتنی پێشتر پێیان درابوو کە سەرجەمیان ٢٢ پۆستن، (بەرواری ٢٠١٥/٣/٣٠).
- پەسەندکردنی پاڵێوراوانی بزوتنەوەی گـۆڕان بۆ پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان کە بەپێی رێکەوتنی پێشتر پێیان درابوو کە ژمارەیان (١٠) بەڕێوەبەری گشتییە، (بەرواری ٢٠١٥/٣/٣٠).

- پەسەندكردنی پاڵێوراو بەڕێز (ژیلوان عادل شكور) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا، بەدەنگی (٢٧) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٧).
- بەخشینی بەڕێز (فەرهاد تۆفیق حەسەن) لە پۆستی سكرتێری كاتیی ئەنجومەن، بەدەنگی (٢٢) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٧).
- بەڕێز (مەهدی مەحمود محەمەد میرزا) بە سكرتێری ئەنجومەن هەڵبژێردرا، بەدەنگی (٢٦) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٧).
- كۆبونەوەی هەشتەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە شاری چەمچەماڵ و لەیادی كارەساتی ئەنفالو جینۆسایددا، لە رۆژی ٢٠١٥/٤/١٤ بەڕێوەچوو. لیژنەی شەهیدانو ئەنفالو جینۆسایدو كەمئەندامانی سەنگەر راسپێردرا بە هاوكاری سەرۆكایەتی ئەنجومەن ئەجێندای كۆبونەوەكە رێكخەن (بەرواری ٢٠١٥/٤/٧).
- لەرێگەی سەندیكای كرێكارانی كوردستان/ لقی سلێمانییەوە، سەرۆكی سەندیكای كرێكارانی پێنجوێن لە زووترین كاتدا لاببرێت. لەدەرەوەی یاساو رێنماییەكانو بەبێ (پسولەی پارەوەرگرتن)ی رەسمیی، هیچ كەسو لایەنو سەندیكایەک بۆی نییە پارەو باجو رسومات لەكەس وەربگرێت. دۆسیەی تایبەت بە سەرپێچییەكانی مەرزی باشماخ رەوانەی دەستەی داواكاری گشتی دەكرێت بۆ لێكۆڵینەوەو پێویستە هەركەسو لایەنێک سەرپێچییان كردبێت سزای یاسایی بدرێن. داوا لە وەزارەتی دارایی بكرێت رێنمایی نوێ دەربكاتو مەرزو خاڵە سنوریەكان رێكبخاتەوە. ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریی وردی ئەم كەیسە دەكات تا دەگاتە ئەنجامێكی یاساییانەی شیاوانە كە لە بەرژەوەندیی گشتیو سەروەریی یاسادا بێت (بەرواری ٢٠١٥/٤/٧).
- پەسەندكردنی لۆگۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەدەنگی

(٢٤) ئەندام. ئەم لۆگۆیە وەک لۆگۆی رەسمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ٢٠١٥/٤/١٤ەوە کارییێدەکرێت (بەرواری ٢٠١٥/٤/١٤).

- کۆبونەوەی (نۆ)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەیادی دووجار شەهیدکردنی ئەو دەڤەرەدا ببرێتە قەزای پشدەر، لە رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤دا (بەرواری ٢٠١٥/٤/١٤).

- هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) لەسەر قەزای (دوکان)ەوە، پەیوەندیی کارگێڕییان بگوازرێتەوە بۆسەر ئیدارەی راپەڕین، ئەم بڕیارە بەپێی مادەی (٦) بڕگەی (١٣) و، مادەی (٢٦)و هەرسێ بڕگەکەی لەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، وەک پێشنیار بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی وەرگرتنی رەزامەندیی‌و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٤).

- پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سالار حسامەدین ساڵح عومەر) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی، بەدەنگی (٣٠) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).

- پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (عومەر عەبدوڵڵا فەتاح) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی، بەدەنگی (٣٠) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).

- پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (ئاکۆ یوسف ئەحمەد) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری‌و هونەری گەرمیان، بەدەنگی (٣٠) ئەندام (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).

- پەسەندکردنی پاڵێوراوانی لیستی خزمەت بۆ (جێگری ئیدارە، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) کە سەرجەمیان ١٠ پۆست بوون (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).

- ناحیەی (بەمۆ)، لەسەر ئیدارەی گەرمیانەوە، پەیوەندی کارگێڕی

بگوازرێتەوە بۆ سەر (پارێزگای هەڵەبجە)، (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).

- کۆبونەوەی (١١)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یادی راپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٣دا، ببرێتە قەزای سەیدسادق (بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠).
- دوای بانگهێشتکردنی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو لێپرسینەوەی، بڕیاری ئەنجومەن لە بەرواری ٢٠١٥/٦/٣٠ بەم شێوەیە بوو:

(بەهۆی خەمساردیی یان کەمتەرخەمیی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی)، وەک لە مادەی (٦) بڕگەی (٢) خاڵی (١/ج) یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتووە.

١. لە رووی ئیدارییەوە: داوا لە بەڕێز وەزارەتی شارەوانی بکرێت بەدەرکردنی فەرمانی دەستپێلەکارکێشانەوەی بەڕێز (خدر کریم محەمەد) سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لە پۆستەکەی، لە رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، تا ئەوکاتەی بەپێی مادەی (٣٥) یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنرێتەوە، وەزارەتی شارەوانی بەهەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانی هەڵەبجە دیارییبکات.

٢. لە رووی یاساییەوە: ئەم دۆسیەیە رەوانەی بەڕێز دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت بۆ گرتنەبەری رێکارە یاساییەکان. وێنەیەکیش پێشکەش بە بەڕێز فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی دەکرێت بۆ کاری پێویست.

# چالاکیەکانی
# لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا

تێبینی/

• کۆی چالاکیەکانی لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، لەو راپۆرتانەوە وەرگیراون کە لیژنەکان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان کردووە، هەندێک لەوانە کورتبرِییان بۆ کراوەو هەندێک زانیارییش بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یاخود دروستنەبوونی کێشەی یاسایی، پاش رەزامەندیی لیژنەکان، لابراون.

• بەشێوەیەکی گشتی ماوەی رومالْکراوی چالاکیەکان لە سەرەتای دروستبوونی لیژنەکانەوە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەیە، واتا مانگی شوبات تا تەموزی ٢٠١٥.

• چالاکیی لیژنەکان، بەگوێرەی ریزبەندیی ناوی لیژنەکان لە بڕیاری دامەزراندنیاندا دانراون.

## یەکەم/ لیژنەی کاروباری یاسایی

سەباح فەتاح ئەحمەد/ سەرۆک
ئەنوەر تاهیر محەمەد/ جێگر
محەمەد رەسوڵ موراد حەمەسور/ بڕیاردەر
رەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم/ ئەندام
بەناز حەمەڕەشید حەمەسەعید/ ئەندام

لیژنەی یاسایی بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی تری ئەنجومەنو لایەنی پەیوەندیدار، بەشداربووە لەچەندین چالاکیو چارەسەرکردنی چەندین گیروگرفت کە هاتوەتە بەردەمیان، کە بەشێکیان لەناو ئەنجومەنو بەشێکی تریان لەدەرەوەی ئەنجومەنو لەڕێگەی سەردانی مەیدانییەوە بووە بۆ ناوچەکانی سنوری پارێزگا.

### چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوە:

لیژنەکە ٤ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کردووەو لە ٤ کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکانیشدا بەشداربوون.

### دووەم/ نوسراوو پێشنیار:

١. بەهاوکاری لیژنەکانی (شارەوانی، هونەری) بەشداربوون لە لکاندنی هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) بە ئیدارەی راپەڕینو لێکترازاندنیان لەقەزای دوکان، لە رۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٤/٢١

پێشنیاری ئەم بابەتەیان کردووەو رۆژی هەینی ٢٠١٥/٤/٢٤ لە پشدەر پەسەندکرا.

٢. لە ٢٠١٥/٤/٢١ بەهاوکاری لیژنەکانی (شـارەوانـی، هونەری) پێشنیاریان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرد بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ سەردانی ناحیەی (حاجی ئاوا) بەمەبەستی ناساندنی وەکو قەزا، لە بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٤ لە پشدەر پێشنیارەکە پەسەندکرا.

٣. بەهامەهەنگی لیژنەکانی (شـارەوانـی، هونەری) پرۆژەیەکیان ئامادەکرد بۆ دەنگدان لەناو ئەنجومەن بۆ لێکترازاندنی ناحیەی بەمۆ لەقەزای خانەقینو ئیدارەی گەرمیانو لکاندنی بە پارێزگای هەڵەبجەوە لە رۆژی سێ شەممە بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٨.

٤. پشتگیریو رەزامەندیی لیژنە بە بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ گێڕانەوەی بینایەک لە دەربەندیخان بۆ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان.

٥. بەرزکردنەوەی یاداشتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن، بەهاوبەشی لیژنەی شارەوانی، بۆ دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ دیاریکردنی کرێیەکی مانگانە بۆ ئەو (٢٠) خانوانەی کە دروستکراون لەسنوری ناحیەکان.

٦. پێشنیاری لیژنە بۆ ناردنی نوسراوی فەرمی لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی گەرمیانو بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی چەمچەماڵ بۆ ناردنی ژمارەی شەهیدانو زیندانیانو کەمئەندامانو ئەنفالکراوانی سنورەکەیان بەمەبەستی ناساندنی چەمچەماڵ وەکو پایتەختی شەهیدو ئەنفال.

٧. پێشنیارکردن بە بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ دەربڕینی رەزامەندیی لەسەر بەکرێگرتنی شوێنی مانەوە بۆ (پارێزگار) وەکو سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لەسنوری پارێزگاو لەسەر بە کرێنەگرتنی

شوێنی مانەوە لەناو سلێمانی بۆ هەندێک لە قائیمقامەکان.

٨. بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنو پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نوێنەری لیژنەکانی (کاروباری یاسایی، شارەوانی، هونەری، کارگێڕی)و نوێنەری شارەوانی سلێمانی تایبەت بەگرفتی گوندەکانی سنوری ماستەرپلانی شارەوانی سلێمانی.

٩. لیژنەکە بە هاوبەشی لیژنەی شـارەوانـی، نوسراوی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کـردووە بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی تەیناڵ بۆ هێنانی ئەوەلیاتو ئەوراق سەبارەت بە داواکاریی شەش هەزار خێزان کە لەساڵی (١٩٨٩)دا لە ناوچەی پشدەرەوە بۆ ئۆردوگای بازیان راگوێزراون.

## سێهەم/ سەردانو بەدواداچوون:

١. سەردانی مەیدانی بۆ قەزای شارەزوور بەهاوکاری نوێنەری لیژنەکانی (کشتوکاڵ، شارەوانی) لە رۆژی دوو شەممە بەرواری ٢٠١٥/٥/٤.

٢. سەردانی مەیدانی بۆ گوندەکانی سنوری قەزای دەربەندیخان بۆ گرفتی گوندەکانی (کانی سارد، فەقێ جنە، دەرەدۆین، چەرمەگە) لە رۆژی دوو شەممە بەرواری ٢٠١٥/٥/٤.

٣. سەردانی مەیدانی بەهاوبەشی نوێنەری لیژنەکانی (هونەری، کارگێڕی، شارەوانی) لە رۆژی یەک شەممە بەرواری ٢٠١٥/٦/٧ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی خورماڵو دواتر گوندی (علی ئاوا)، داوای ناساندنی گوندێک بەناوی (مەتا) لە سنوری ناحیەی خورماڵ، سەردانی قایمقامیەتی قەزای سەیدسادقو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەرزنجە (سرۆچک)، سەردانی مەیدانیی گوندی باراو ی سەر بە ناحیەی بەرزنجە کە داوادەکەن لێکترازاندنیان بۆبکرێت لە ناحیەی بەرزنجەو بخرێنە سەر ناحیەی سیتەک.

# دووەم/ لیژنەی تەندروستیو ژینگە

رێبوار ئەحمەد مەولود/ سەرۆک
میدیا شێخ ئەحمەد ئیسماعیل/ جێگر
هۆشیار ئیسماعیل مستەفا/ بڕیاردەر
زیاد حەمەڕەزا مستەفا/ ئەندام
غالب محەمەد عەلی/ ئەندام

## چالاکیەکان

### یەکەم/ سەردانو بەدواداچوون:

لیژنەکە بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنی بوارەکە، چەندین سەردانو بەدواداچوونی ئەنجامداوە، لەوانە:

١. لیژنەکە رۆژی ٢٠١٥/٣/١٨ سەردانی نەخۆشخانەی خۆپاراستنی تەندروستی کرد بۆ بەدواداچوونو چارەسەرکردنی ئەو بڕە یارمەتییەی کە رێکخراوی جیهانی (WHO) تەرخانی کردبوو بۆ تیمێکی تەندروستی کە پێکهاتبوون لە (١٠٦) ئەندام لەهەموو پسپۆڕیەکان بۆ چاودێریو سەرپەرشتی تەندروستی خواردنو ئاوی خواردنەوەی ئاوارەکانی کەمپەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لەکۆتایی دانیشتنەکەدا لەگەڵ نوێنەری رێکخراوەکەو نوێنەری کارمەندو پزیشکەکان، توانییان کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن بەوەی بەشداربوونی کارمەندەکان بەشێوەی خولاوە بێت بۆ سێ مانگ جارێک، واتا هەر ٣ مانگ جارێک ئەم (١٠٦) ئەندامە بگۆڕرێ بۆ تیمێکی نوێ.

٢. سەردانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی بەمەبەستی

تاوتوێکردنی ئەم بابەتانە:

أ- کردنەوەی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شار لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

ب- هەوڵدان بۆ چوونەوە سەرکاری پزیشکە پلە بەندەکانو خەرجکردنی بڕی دیاریکراوی مانگانەی ئێشکگری، پاش چەندین هەوڵی لیژنەکە بە هەماهەنگی وەزیری تەندروستیو وەزیری دارایی، توانییان چارەسەری ئەم کێشەیە بکەنو پزیشکەکان بچنەوە بۆ دەوامی فەرمی خۆیان.

ج- بەدواداچوون بۆ سەرفبوونی بڕی (٦١٠ حەبی تامیفلۆ) بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی فاروق، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی، گەیشتنە چارەسەری ئەو بابەتە.

د- داوایان لە پزیشکانی ددان لە نەخۆشخانەی تایبەتی ددان کرد کە پشکنینی ڤایرۆسی جۆری (HBS) بۆ هەموو ئەو کەسانە بکرێت کە چارەسەری پزیشکی ددانیان بۆ دەکرێت، ئەوانیش داواکەیان پەسەندکرد.

هـ- هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی خۆراکی کارمەندانی نەخۆشخانەکان بەبڕێکی دیاریکراوی مانگانە لەبری خواردن، لە بەرامبەردا وەزارەتی تەندروستیو دارایی ڕەزامەند بوون.

و- داوایانکرد کە نەخۆشخانەی میللی لەناحیەکاندا بکرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕەزامەند بوونو بەڵێنیاندا لەداهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێی بکەن.

٣. ڕۆژی دوو شەممە ٢٠١٥/٦/٨ سەردانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانییان کرد بۆ ئەم تەوەرانە:

- دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕی هەناویو ددان بۆ مەڵبەندی

تەندروستی بەردەقارەمان.

– دابینکردنی پزیشکی پلەبەند بۆ مەڵبەندی تەندروستی باسەڕە لە ناحیەی شۆڕش لە قەزای چەمچەماڵ.

– راسپاردنی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ سەردانو بەدواداچوونی پێداویستیە تەندروستیەکانی مەڵبەندی تەندروستی باسەرە لەناحیەی شۆڕش.

– راسپاردنی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی گۆڕینی سیستمی خواردنی کارمەندانی نەخۆشخانە گشتییەکان کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دابیندەکرێت، بۆ (بەشە مانگانە) لەبەر خراپیو نزمی کوالێتی خواردنەکە.

– چارەسەرکردنی کێشەو گلەیی هاوولاتیو نەخۆشەکان لەسەر پزیشکی سۆناری نەخۆشخانەی شار.

٤. سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکانو بەدواداچوون بۆ کەموکوڕیەکانیانو ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی.

٥. سەردانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی (دایک سیتی)و بەدواداچوون بۆ جێگیرکردنی بڕی سەوزایی پێویست بە رێژەی ٢٠٪.

٦. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانو نەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستی گەرمیانو قەزای کفریو بەدواداچوون بۆ کێشەو کەموکوڕیەکانیان، لەو بارەیەوە لیژنەکە بڕیاریدا لەگەڵ وەزیری تەندروستی کۆببنەوە سەبارەت بە چارەسەری کەموکوڕیەکانیان.

٧. سەرۆکی لیژنەی تەندروستی سەردانی بنکەو مەڵبەندە تەندروستیەکانی ناحیەی بازیانی کرد بۆ بەدواداچوونی کەموکوڕیو پێداویستیەکانیانو ئاراستەکردنی نوسراوی فەرمی لەڕێگای

ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ چارەسەرکردنیان.

٨. پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی (پیشەسازیو وزە، تەندروستی، شارەوانی، کشتوکاڵ) بۆ سەردانی مەیدانیی ناوچەی تانجەرۆو گوندەکانی شێخ وەساڵو گۆپیتەو ئاڵی ئاواو کانی سپیکەو پێدانی یاداشتی لیژنە هاوبەشەکە بۆ پارێزگارو پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی مۆڵەتی یاساییو جێبەجێکردنی رێنماییە تەندروستیو ژینگەییەکان بۆ پالاوگەو کارگەکانی سنورەکە.

٩. کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵەی روەکدۆستان، بۆ چارەسەرکردنو بەیاساییکردنی نۆرینگەکانی دەرمانی گیایی، لەو بارەیەوە نوسراوی فەرمی لیژنەکە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی کرا بۆ بەیاساییکردنو مۆڵەت پێدانیان.

١٠. سەردانی بەڕێز وەزیری دارایی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتانەی خوارەوە:

أ- گۆڕینی سیستەمی ژەمی خواردنی کارمەندانی نەخۆشخانەکان بۆ بڕێکی دیاریکراوی مانگانە، لیژنەکە توانیی رەزامەندیی وەزارەتی دارایی وەربگرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەی ١٠ ساڵە کارمەندانی نەخۆشخانەکان ئەو داواکاریەیان هەیەو بۆیان جێبەجێ نەکراوە.

ب- گۆڕینی بەکرێگرتنی ئوتومبێل بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان بەکڕینی ئوتومبێل بەقیستی مانگانە بەهەمان تێچوونی بەکرێگرتنەکە.

ج- هاوتاکردنی موچەی شۆفێرو فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا لەگەڵ موچەی پۆلیس (ئەوانەی موچەکانیان لەخوار پێنج سەد هەزار دینارەوەیە).

د- رەزامەندی وەرگرتن بۆ گرێبەستی (٥٠) کارمەند بۆ کردنەوەی

بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شار.

١١. سەردانی مەیدانیی لەگەڵ لیژنەی شارەوانیو کشتوکاڵ بۆ بەدواداچوونی زیادەڕەویو پڕکردنەوەی بیرو چاڵاوە بێ مۆڵەتەکان لە چەمی قلیاسانی پارێزگای سلێمانی.

١٢. بەدواداچوون بۆ ئەو ئامێرو کەلوپەلە پزیشکیانەی کە بۆ مەڵبەندی تەندروستی گرتوخانەی گـەوران هاتبوو، لەوبارەیەوە لیژنەیەکی پسپۆڕیان پێکهێنا لەڕێگەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانییەوە بۆ پشکنینو تۆمارکردنو وەرگرتنی.

١٣. لەسەر پێشنیاری لیژنەکەو بە هاوبەشی لیژنەی پیشەسازیو وزە، سەردانی مەیدانیی بۆ کارگەو کارخانەکانی ناحیەی بازیان کرا کە (١٠٤) کارگەی تێدایە، پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ ئیدارەی کارگەکان، هەردوولا لەسەر دوو خاڵ رێککەوتن:

أ- دامەزراندنی فەرمانبەرو پسپۆڕو هونەریو کرێکارو شۆفێر بۆ کارگەکان لە خەڵکی ناوچەکە لە بری خەڵکی دەرەوەی بازیان.

ب- دیاریکردنی رێژەیەک لەداهاتی ساڵانەی کارگەکان بۆ بازیانو خەرجکردنی لە پرۆژەی خزمەتگوزاریدا تەنها لەسنوری ناحیەی بازیاندا.

١٤. سەبارەت بە داواکاریو پێشنیاری دانیشتوانی سەیدسادق لەسەر کەرتی تەندروستی کە بە راپۆرتێک پێشکەشی لیژنەی تەندروستییان کردووە، لیژنەکە سەردانی قەزاکەیان کردو تەواوی داواکاریەکانیان گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزورو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیو بڕیاردرا بۆ ئەومەبەستە لەگەڵ وەزیری تەندروستی کۆببنەوە.

## دووەم/ نوسراو:

لیژنەکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانو بەجێهێنانی داواکاریەکان، چەندین نوسراوی ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، کە ئەمانەن:

١. سەبارەت بە کەموکورپیەکانی نەخۆشخانەی (شەهید غەریب هەڵەدنی) لەسنوری قەزای دوکان، لەڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە نوسراو کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بەژمارە (٤٣١) لە ٢٠١٥/٦/١دا.

٢. لەدوای سەردانی هەردوو لیژنەی تەندروستیو پیشەسازیو بازرگانی بۆ ناوچەی پیشەسازی بازیان، نوسراوی فەرمی بەژمارە (٣٨١) لە ٢٠١٥/٥/٢١دا لەڕێگای ئەنجومەنەوە ئاڕاستەی فەرمانگەی ژینگە کراوە بۆ پابەندبوونی سەرجەم کارگەکان بە یاساو ڕێنماییەکانەوە.

٣. سەبارەت بە کەموکوڕی بنکەی تەندروستی تەیناڵو مەڵبەندی تەندروستی سلێمانی بەردەقارەمان لەڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە نوسراوی ژمارە (٤٢١) لە ٢٠١٥/٦/٤ ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی کراوە.

٤. بۆ کارگەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین کە بەشێکی زۆریان مۆڵەتیان نییەو ڕێنمایيە تەندروستیو ژینگەییەکان جێبەجێ ناکەن، نوسراوی فەرمی ژمارە (٤٩٢) لە ٢٠١٥/٦/٢٢ ئاڕاستەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین کراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە.

٥. سەبارەت بە تێکچونو پیسبوونی ئاوی کارگەی جامی (س.)و پشکنینی ئاوی خەزانی گرتوخانەی گەورانی سلێمانی، نوسراوی فەرمی ئاڕاستەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی کراوە بۆ پشکنینی نمونەی هەردوو ئاوەکە بە ژمارە (٤٥٢) لە ٢٠١٥/٦/١٥.

٦. سەبارەت بە دابینکردنی ئامێری هەڵمژین (سکر) بۆ نەوتی خاوی ئەو تەنکەرانەی کە لە سنوری قەزای دەربەندیخانو دوکان بەهۆی ڕووداوی

هاتوچۆ وەردەگەڕێنو نەوتەکەیان دەڕژێتە ناو دەریاچەکانەوە، نوسراوی فەرمی بەژمارە (٤٧٨) لە ٢٠١٥/٦/٢١ ئاڕاستەی دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگە کراوە.

٧. سەبارەت بە پرۆژەی شاری ئاسۆی گەش (کارمەندانی تەندروستی) لەگەڵ وەبەرهێنان هەماهەنگییان کردووە کە لە هەموو گۆڕانکاریەکان ئاگاداربنو بەشداربن لەکۆبوونەوەی دوا بڕیاری ئەم پرۆژەیە بە نوسراوی فەرمی بەژمارە (٢٢١) لە ٢٠١٥/٥/٢٦.

## سێهەم/ چالاکیی دیکە:

لیژنەکە چەندین چالاکیی دیکەی ئەنجامداوە، وەک:

١. دابینکردنی دوو پزیشک بۆ قەزای پشدەر لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، چونکە پێشتر پزیشکیان هەبووە کە عەرەب بوونو گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان.

٢. بەشداریی لە کۆبوونەوەیەک کە ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان سازیکردبوو بە بەشداری بەڕێوەبەرایەتیەکانو ڕێکخراوەکانو هاووڵاتیان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کەرتی تەندروستیو سەرنجو رەخنەو پێشنیارەکان لەو بارەیەوە.

٣. بەشداریکردن لە پانێلێکی کراوە لەسەر نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لە سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلەتەکنیکو پێدانی پێشنیارو راسپاردەی لیژنەکە بەئامادەکاری سیمینارەکە.

٤. دابینکردنی پاسەوان بۆ خەزانی ئاوی خواردنەوەی ناحیەی بازیانو چارەسەرکردنی کەموکوڕی خەزانەکە.

# سێهەم/ لیژنەی پەروەردەو فێرکردن

نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو/ سەرۆک
هاوسەر هۆشیار ئەحمەد/ جێگر
مینا سامی محەمەد/ بڕیاردەر
مەهدی مەحمود محەمەد/ ئەندام
رزگار حەمەنوری میرزا/ ئەندام
سێوە حەمەخدر ئەحمەد/ ئەندام
دیلمان عەزیز محەمەد/ ئەندام

## چالاکیەکان

### یەکەم/ سەردانو کۆبوونەوەو بەدواداچوون:

١. سەردانی هەندێ پڕۆژەی دروستکردنی خوێندنگەی بنەڕەتیو ئامادەییو دواناوەندیو کۆمەڵگەی پەروەردەیی، لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانیو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە.

٢. سەردانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای رانیەو پشدەر لە ٢٠١٥/٤/٢٠و بەئاگابوون لە کێشەکانیان کە ئەمانەن:

أ- گرفتی سەرەکی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکە کەمی نەسریەی بەردەستە کە مانگانە بەکاریبهێنن بۆ پێداویستی پەروەردەییو بوونی جیاوازیی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی دیکە.

ب- خوێندکارانی سنورەکە بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەبێت بچنە پارێزگای سلێمانی، بەمەش کێشەی هاتوچۆیان بۆ دروستدەبێت، کە تەنها لە قەزای رانیەدا ژمارەیان ٥٦٠ خوێندکارە، داواکارن

تاقیکردنەوەکان لە قەزاکانی خۆیاندا بێت، لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ بەڕێوەبەری پلانی پەروەردەی گشتی باسی ئەو کێشەیە کرا.

ج- نەبوونی ئۆتومبێل بۆ هاتوچۆی قوتابیانی گوندەکان بۆ گەیشتن بە خوێندنگەکەیانو بڕینی ئەو بڕە پارەیە کە چل هەزار دینارە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی قوتابییەکان واز لە قوتابخانە بهێنن.

د- نەبوونو کەمی قوتابخانەی گونجاوو زۆری ژمارەی قوتابیانو کەمی کەلوپەلی قوتابخانەکانو خراپی کوالێتی ئەو کاڵایانەی کە بۆ قوتابخانەکان کڕاون.

هـ- کەمی میلاک بۆ وانە زانستیەکانو زمانی ئینگلیزیو کەمی فەرمانبەرو کارگوزارو چاودێرو پاسەوان بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانو خوێندنگەکانو کەمی یاری بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان.

٣. سەردانی قوتابخانەی باسەڕەی بنەڕەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی بۆ بینینی بارودۆخی خراپی قوتابخانەکە کە لە خانووی کرێدان، لە رووبەری ١٥٠ مەتردا ٢٥٠ قوتابی تێدایە، لە ٢٠١٥/٤/٢٨ داواکراوە کابینەیان بۆ دروستبکەن لەسەر زەوی قوتابخانەکە.

٤. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژهەڵات بەمەبەستی ئاگابوون لە دۆخی قوتابخانەکانی پەروەردەی رۆژهەڵاتو تاوتوێکردنی دۆخی قوتابخانەی رۆژی ئینگلیزی.

٥. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی مەشقو راهێنان لە سلێمانیو بەسەرکردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرانەی باخچەو قوتابخانەکان کە لەوێ خول-یان هەبوو، بۆ گوێگرتن لە داواو کێشەکانیانو دروستکردنی پردی پەیوەندیی لە گەڵیانداو بەڵێنی هاوکاری پێدانیان.

٦. سەردانی قوتابخانەی بنەڕەتی ١-٩ی مەولانا خالیدی تێکەڵاو

لەگەڕەکی ئیسکان، قوتابخانەکە ٣ دەوامی تێدایە داواکارن دەوامی سێیەم (کە قوتابخانەی کوڕانی ئێوارانن) لابدرێت.

٧. سەردانی پەروەردەی شارباژێڕ بۆ ئاگابوون لە کێشەکانیانو ئاگادارکردنەوەیان بۆ نۆژەنکردنەوەی خوێندنگەی ماوەت-ی بنەڕەتی.

٨. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باخچەی ساوایانی زەماوەند، هەروەها چارەسەری کێشەی خوێندنگەی بابانو دەستکەوتنی بەڵگەی تەواو بۆ ساغکردنەوەی ئەو پارچە زەوییەی کە خوێندنگەی بابانی تێدابوو کە تائێستا موڵکی پەروەردەیە.

٩. سەردانی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیانو بەڵێندان بە هاوکاریکردنیان.

١٠. سەردانی وەزیری پەروەردەو پێشکەشکردنی سێ پرۆژەو کۆبوونەوە لەگەڵ راوێژکارانو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوەو قسەکردنی ورد لەسەر پرۆژەکان کە ئەمانەن:

یەکەم: ئەو برە پارەیەی کە لە فرۆشگای قوتابخانەکانی شاری سلێمانی-دا کۆبووەتەوە لەساڵی ٢٠٠٧وەو تائێستا بەکارنەهاتووەو دەکاتە نزیکەی دوو ملیار دینار، بەکاریبهێنن بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانو کڕینی کەلوپەلی پێویست بە قوتابخانەکان. لیژنەی پەروەردەیی بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی کارگێڕی سەردانی بەڕێوەبەری ژمێریاری گشتییان کردووەو لەبوونی ئەو پارەیە ئاگاداریان کردەوە.

دووەم: پرۆژەی بەکراوەهێشتنی باخچەی منداڵان لە وەرزی هاویندا.

سێیەم: لەزۆربەی سەردانەکان بۆ قوتابخانەو باخچەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان لیژنەکە لە کەمی کارگوزارو باخەوانو پاسەوان ئاگادارکراوەتەوە، هەربۆیە داوا لەوەزارەت کراوە کە سود

وەربگرێت لەو کارمەندانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی رێکخراوەکانن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیاتە.

١١. میواندارێتی مامۆستا حەوێز سەرپەرشتیاری قوتابخانە بنەڕەتیو ئامادەییەکان بۆ بەرچاوڕوونیی سەبارەت بە کۆنفراسی پەروەردەیی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئەنجام درابوو.

١٢. سەردانی قوتابخانەی پیرەمەگرونی بنەڕەتیو چاودێریکردنی نۆژەنکردنەوەیو جەختکردن لە بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی بۆ دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان هەتا لەسەر بودجەی تەرخانکراوی قوتابخانەکە دروستبکرێت.

## دووەم/ چالاکیی دیکە:

١. بەشداریی لە وۆرکشۆپێکدا لە ژێر ناونیشانی (رەوشی خوێندنی ئاوارەکانی ناوخۆو پەناهەندەی خۆرئاوا) کە لە کۆتاییدا راسپاردەو پێشنیارەکانی ئامادەبووانی وۆرکشۆپەکە بەرزکرایەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بە ئامادەبوونی یونسێفو نوێنەرایەتی پەروەردە لە حکومەتی عێراقدا.

٢. بەشداریی لە کۆنگرەی پەروەردەیی.

٣. ئامادەکاریی بۆ وۆرکشۆپێکی پەروەردەیی دەربارەی ئەو قوتابخانەو باخچانەی بە زمانی ئینگلیزی کراونەتەوە سەبارەت بە پێوەرەکانیو مەرجەکانو دەستنیشانکردنی رێژەیەک کە وابڕیارە لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت، بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانی ئەنجومەن.

## چوارەم/ لیژنەی کارگێڕیو دارایی‌و ئابوری

ئازاد محەمەد ئەمین/ سەرۆک

مەهدی مەحمود محەمەد/ جێگر

هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم/ بڕیاردەر

ئامانج نەجیب شەمعون/ ئەندام

رێکەوت محەمەد زەکی ساڵح/ ئەندام

## چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوە:

لیژنەکە چەندین کۆبوونەوەی ناوخۆیی‌و هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی دیکەدا ئەنجامداوە، بەم شێوەیە:

١. ئەنجامدانی ٦ کۆبوونەوەی لیژنە.

٢. بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی پەیوەندیەکان‌و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣. ئامادەکاریی بۆ کۆبوونەوەی هەرسێ لیژنەی کارگێڕی‌و دارایی ئەنجومەنەکانی هەرێم لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمان لە هەولێر تایبەت بە سەربەخۆبوونی ژمێریاری‌و کارگێڕی ئەنجومەنەکان‌و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان.

### دووەم/ چالاکیی جۆراوجۆر:

١. لیژنەکە وەڵامی سەرجەم ئەو نوسراوانەی داوەتەوە کە ئاڕاستەی کراوە دوای بەدواداچوونی تەواو، کە خۆی لە دەیان نوسراودا دەبینێتەوە.

٢. سەردانی وەزارەتی پەروەردە بە یاوەری لیژنەی پەروەردە لە ئەنجومەن، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانو راوێـژکـارەکـان سـەبـارەت بە ژمێریاریو داهاتی فرۆشگەکانی پەروەردەکان.

٣. بەشداریی لە کۆبوونەوەو ۆرکشۆپەکانی رێکخراوەکان کە بابەتەکانیان تایبەتبوون بە کاروباری لیژنەکە.

٤. بەشداریی لە چالاکییەکی رێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری (KEDO) کە تایبەتبوو بە دروستکردنی (ئەنجومەنی کار لە هەرێم) بە ئامادەبوونی کەرتی تایبەتو شارەزایانی بواری ئابوری.

٥. سەردانی ژمێریاریی پارێزگای سلێمانیو بەدواداچوون بۆ نوسراوەکان.

٦. سەردانی بەڕێوەبەری گشتی ژمێریاری پەروەردەی سلێمانی بە یاوەری بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە.

٧. سەردانی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان.

٨. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکانی ١و ٢و گەنجینەی چەمچەماڵ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کارە ژمێریاریانەی کە پەیوەستبوو پێیانەوە.

٩. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بۆ وەرگرتنی ئامارو تۆماری ژمارەی دانیشتوانو ژمارەی قەزاو ناحیەو گوندەکان.

١٠. بانگهێشتی رێکخراوی (کیدۆ)و کەرتی تایبەتو ژووری بازرگانیو میوانخانەکانو شارەزایانی بواری ئابوریو بەڵێندەرانو وەبەرهێنەران بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، کۆبوونەوەکە بەئەنجام گەیەنرا.

## پێنجەم/ لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو

فەرهاد تۆفیق حەسەن/ سەرۆک
ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم/ جێگر
سەمەد ئیبراهیم محەمەد/ بڕیاردەر
مینا سامی محەمەد/ ئەندام
هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم/ ئەندام

لیژنەکە لە ڕاپۆرتی چالاکیەکانیدا نوسیویانە «لەناو ئەندامانی لیژنەکەدا کەسمان پسپۆڕی بواری کشتوکاڵی نین، بۆیە بۆئەوەی کارەکانمان باشتر بەڕێوەبەرین، پێویستیمان بە ڕاوێژکاری پسپۆڕی بوارەکە هەیە». خاڵێکی دیکەش کە کاریگەری لەسەر ئەدای لیژنەکە هەبووە، ئەوەیە کە شوێنی دانیشتنی ئەندامانی لیژنەکە ناوچە (قەزا) جیاوازەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی نەگرتۆتەوەو تەنها دانیشتوی دوو قەزای سنورەکەن، لەبەرئەوەی پێداویستی لۆجستیکیشیان وەک پێویست نەبووە، نەیانتوانیوە هەموو ناوچەکان بەسەر بکەنەوە.

### چالاکیەکان

### یەکەم: سەردانو خۆناساندنو هەماهەنگی:

لیژنەکە بەمەبەستی خۆناساندنو دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا سەردانو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێک لایەندا کردووە، لەوانە:

١. کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان.

دواتر لە بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٧ لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمو لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان، لە پەرلەمان پێکەوە کۆبوونەوەو کێشەو گرفتەکانی کەرتی کشتوکاڵیو لیژنەکانی کشتوکاڵو چۆنیەتی چارەسەرەکانی تاوتوێ کران.

٢. کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵەی خانووی پلاستیکی بۆ تاوتوێکردنی کارو چالاکیو گرفتو داواکاریەکانیان.

٣. رۆژی ٢٠١٥/٦/٣ لیژنەکە بەشداریکرد لە دانیشتنێک کە رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان سازیدابوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوەکانو بەشێک لە بەڕێوبەرایەتیەکانی پەیوەندیدار بە بواری کشتوکاڵەوە، تێیدا پرسی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوو کێشەو گرفتەکان باسکران.

٤. سەردانی بەشی کشتوکاڵی بتوێن لە بەرواری ٢٠١٥/٣/٣و گەیاندنی کەموکورتیو داواکاریەکانیان.

٥. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیەو هۆبەی ئاودێری سەنگەسەرو بەشی کشتوکاڵی سەنگەسەرو هۆبەی ئاودێری رانیە.

٦. لە ٢٠١٥/٤/١٠ لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی کرد، یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی ئەم سەردانە، دروستکردنی لیژنەیەکی هەماهەنگی بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ کە پێکهاتووە لە (شارەزایەک، بەڕێوەبەری پلان، بەڕێوەبەری زەویوزار) بەمەبەستی هاوکاریکردنی لیژنەکەو هەماهەنگی لەو کێشەو داواکاریانەی دێتە بەردەستیان.

## دووەم/ بەدواداچوونی مامەڵەی هاوولاتیان:

لیژنەکە لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن یاخود هاوولاتیان

خۆیانەوە، مامەڵەو سکاڵاو داواکاریـیـان بەدەستگەیشتووەو بەدواداچوونیان کردوەو وەڵامەکانیان پێگەیاندونەتەوە.

بەتێکڕا ١٧ سکاڵای هاوولاتیان بەدەست لیژنەکە گەیشتووە کە تایبەت بوون بەکێشەی زەویوزار، ئەوانیش لەگەڵ (تارا بەکر-بەڕێوەبەری بەشی زەویــوزاری سلێمانی) کە هاوکات ئەندامی لیژنەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانییە، تاوتوێیان کردونو چارەسەر یان رێگەی چارەسەریان بۆداناون.

سەبارەت بە کێشەکانی زەویوزار، لیژنەکە ئاماژە بەوەدەکات کە «ئەم بابەتە گرفتی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، چونکە بەشێک لە جوتیارەکان یان ئاگاداری یاساو رێنماییەکان نین، یاخود وەک پێویست پەیڕەوی ناکەنو بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی کێشەی زەوی کشتوکاڵی، هەروەها هەرچەندە لە ناحیەو قەزاو پارێزگادا لیژنەی چارەسەری کێشە کشتوکاڵییەکان هەیە، بەڵام هاوولاتیان خۆیان ناچنە ئەو لیژنانەو راستەوخۆ سەردانی ئێمە دەکەن».

## سێهەم/ چالاکیی هاوبەش:

لیژنەکە چەندین چالاکییان بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی دیکەی ئەنجومەنی پارێزگادا ئەنجامداوە، کە ئەمانەن:

١. بەیاوەری نوێنەری لیژنەی شارەوانیو پیشەسازیو وزە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سیتەکو بەنزینخانەیەکی مۆدێرنیان کرد، کە پابەندی رێنماییەکان نەبووبوو بەگوێرەی ئەو مۆڵەتەی وەریگرتبوو. رۆژی دواتر بەڕێوەبەری زەویوزاری سلێمانیو روپێوێکیان بردو دڵنیابوونەوە لە سەرپێچییەکانیو پێشنیاری داخستن یان چاککردنیان بەپێی رێنماییەکان

بەنوسراو بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

٢. سەردانی قـەزای شـارەزور لەبەرواری ٢٠١٥/٥/٤دا بەیاوەری لیژنەکانی شارەوانیو یاسا، بۆ کێشەی گەڕاندنەوەی ١٩٩٧ دۆنم زەوی لە موڵکی شارەوانییەوە بۆ کشتوکاڵو پێشنیاری خۆیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرد.

٣. سەردانی قـەزای دەربەندیخانو گوندەکانی دەرەدۆیـنو فەقێ جنەو چەمەرگەو گەڕەکی کانی سارد لە بەرواری ٢٠١٥/٥/٤دا بەیاوەری لیژنەکانی شارەوانیو یاسا، لیژنەکە راپۆرتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرد.

٤. رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٤ بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی شارەوانیو تەندروستیو ژینگەو پیشەسازیو وزە، سەردانی گوندەکانی (ئاڵیاوا، کانی سپیکە، شێخ وەساڵ، گۆپتەپە)یان کرد.

٥. سەردانی چاڵاوگەکانی سەر چەمی قلیاسان لەبەرواری ٢٠١٥/٥/٢٥دا بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی شارەوانیو تەندروستیو ژینگە.

٦. بەیاوەری بەڕێزان (رێکەوت زەکیو فەیسەڵ ئیبراهیم) لە بەرواری ٢٠١٥/٧/٢ سەردانی ناحیەی خورماڵیان کرد بۆ کێشەی ئەو زەویەی بینای کشتوکاڵی خورماڵی تێدایە.

## چوارەم/ وەرگرتنو بەبازاڕکردنی گەنم:

لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو وەک ئەندامی لیژنەی باڵای وەرگرتنی گەنم، بەبەردەوامی سەردانی بنکەکانی وەرگرتنی کردووەو کۆبوونەوەی بەردەوامیان لەو بارەیەوە هەبووە، لە ژێر رۆشنایی ئەو کارانەشدا ئەم زانیارییانەی خستۆتە بەردەم ئەنجومەن:

١. رێـژەی پێشبینیکراو بۆ بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ کە

وەربگیرێتو بەپێی پشتگیریی کە بەزیادەوەش پێشبینیکرابوو ٢٤٧ هەزار تەن گەنم بووە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا، بەڵام بە هەوڵی هەمولایەک توانرا لەو کاتە دیاریکراوەدا نزیکەی ٢٦٣ هەزار تەن گەنم وەربگیرێت.

٢. هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە جوتیارانو بەڕێوەبەرایەتی سایلۆ هەیانبوو لە پڕۆسەی وەرگرتنی گەنمدا، بریتیبوو لە شوێنی وەرگرتنو ماوەی وەرگرتنی گەنمەکەو وەستان لەسەرەدا، ئەمەش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕایەوە:

أ- ئەو پشتگیرییانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵەوە بۆ جوتیاران دەکرا، هەڕەمەکیو بەبێ سەردانو پشکنین کرابوو، ئەمەش وایکردبوو کە عەلافەکان مامەڵە بە پشتگیریەکانەوە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵمان لێ ئاگادارکردۆتەوەو بڕیاریانداوە بۆ ساڵی داهاتوو بەپێی پشکنین پشتگیری بۆ جوتیارەکان بکەن.

ب- درەنگ دەستپێکردن بەئامادەکاریەکان، چونکە لەگەڵ ئەوەی ٢٠١٥/٥/٢٣ دیاریکرابوو بۆ وەرگرتنی گەنم، لە ٢٠١٥/٦/٦ دەستکرا بە پرۆسەکە، بۆیە لیژنەکە وا بڕیارمانداوە بۆ ساڵی ٢٠١٦ لە مانگی دووەوە دەستبکەین بە ئامادەکارییەکان.

ج- رێکنەخستنی شێوازی سەرەو وەستانی زۆر لەسەرەدا: لەبەرئەوەی تا خاوەن گەنمەکە، گەنمەکەی نەختستایە سەیارەوەو نەیهێنایە بۆ بنکەکان، سەرەیان بۆ نەدەنوسرا، جوتیارەکان چەندین رۆژ بەبارەوە لەسەرەدا دەوەستانو شەوانە (٥٠ بۆ ١٠٠) هەزار دینار کرێیان دەدا، ئەمەش جوتیارانی بێزارکردبوو، هاوکات ئامانجی وەرگرتنی گەنمی کە هاوکاریکردنو هاندانی جوتیارانە، لەناوبردبوو،

چونکە هەموو قازانجەکە بۆ خاوەن بارهەڵگرەکان دەبوو نەک جوتیارەکان. بۆ چارەسەری ئەمەش، لیژنەکەمان هەر لەیەکەم رۆژەوە پێداگری کرد تا جوتیارەکان تەنها بە پشتگیرییەکەی کشتوکاڵ بتوانن سەرە بنوسنو کە سەرەکەیان نزیکبووەوە ئینجا گەنمەکەیان باربکەنو بیهێنن، خۆشبەختانە لە کۆتاییدا بەقسەیان کردینو بۆ رێگریکردن لە فێڵکردن لە پشتگیرییەکاندا، وەک ئاماژەمان پێدا بەپێی سەردانو پشکنینی لیژنە بۆ ساڵی داهاتوو پشتگیرییان بۆ دەکرێت.

٣. کێشەکانی شوێنی هەڵگرتنی گەنم:

أ- سایلۆی پیرەمەگرون: هەرچەندە توانای ئەم سایلۆیە ٨٠ هەزار تەنە، بەڵام ئەمساڵ درەنگ تەواوبوو، هەروەها چەند کێشەیەک هەبوو لە بچوکی تاقیگەکەی لەگەڵ گرفتی قەپانەکەی کە لە سەرو ٨٠ تەنەوە نەیدەخوێندەوە، هەروەها جەگەکانیش بەباشی ئیشی نەدەکردو گەرم دەبوو، داوامانکرد لە کۆمپانیاکە کە دەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکاتو وەزارەتی بازرگانیمان لێ ئاگادار کردەوە.

ب- سایلۆی سەیدسادق: ئەمیش بەهەمانشێوە درەنگ تەواوبوو، کێشە لە بچوکی تاقیگەکەیو جەگەکانیدا هەبوو کە توانای بەرزکردنەوەی زۆر کەمبوو، هەر زوو لەکارکەوت، بۆ ئەمەش کۆمپانیاکە ئاگادارکرایەوە کە دوو جەگی ئەسڵی هەشتا تەنی بۆ بهێنێت.

ج- ئەو شوێنانەی کە بنکەن، گۆڕەپانەکەیان بچوک بوو پێویستی بە گۆڕەپانی یەدەگ هەبوو، هەموویان چارەسەر کران.

د- ئەگەر سایلۆکانی کەلارو رانیەو چەمچەماڵ تەواو بن، کە رەنگە بۆ ساڵی داهاتوو تەنها ئەوەی کەلار تەواو نەبێت، تاڕادەیەک

کێشەی شوێنی هەڵگرتنی گەنممان نابێت، ئەمە جگە لەوەی داوای ١٠ پەنکەری ٢٠ هەزار تەنی کراوە بۆ هەڵگرتن.

هـ- یەکێک لەکێشەکان ئەوەیە لە وەزارەتی بازرگانی عێراقییەوە کارمەند دێت بۆ پشکنینو دیاریکردنی نمرەی گەنمەکە، ئەمەش دوو کێشەی هەیە: لەلایەکەوە رێگرە لە دامەزراندنو پەروەردەکردنی کادری خۆماڵی، لەلایەکی تریشەوە ئەو کارمەندە عەرەب-انە کێشەی هاتوچۆو رێگەپێدانیان لە بازگەکانی سنوری پارێزگاو ناو پارێزگای سلێمانی بۆ دروست دەبوو.

## رەخنەو پێشنیارەکان

لە بەشی کۆتایی راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو-دا چەندین رەخنەو پێشنیار خراونەتە روو کە ئەمانەن:

### یەکەم/ رەخنەکان:

١. بەداخەوە پێدەچێت سەرۆکایەتی ئەنجومەن متمانەی بە لیژنەکانی نەبێت، چونکە ئێمە بەنوێنەرایەتی سێ لیژنە سەردانی قەزای شارەزورمان کرد بۆ کێشەی گەڕاندنەوەی زەوی شارەوانی بۆ کشتوکاڵ، دوای ئەوەی لەگەڵ بەڕێزان قایمقامو سەرۆکی شارەوانیو کشتوکاڵو روپێوەکانیان گفتوگۆمان کرد، راپـۆرتو زانیاریو پێشنیاری خۆمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەرزکردەوە، هەروەها هەمان سێ لیژنە سەردانی گوندەکانی دەرەدۆینو چەمەرگەو فەقێ جنەمان کردو بەیاوەری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان، بەهەمانشێوە زانیاریو پێشنیارەکانمان بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی

ئەنجومەن، کەچی ئەنجومەن لەبری دیراسەکردن‌و گفتوگۆکردن‌و بڕیاردان لەسەر بابەتەکان، نوسراوی ئاڕاستەی قەزاکان کردەوە بۆ پێدانی زانیاری، بە واتا ئەنجومەن گومانی لە زانیاریەکانی لیژنەکان هەبووە، تا ئێستاش ئەو لایەنانە هیچ زانیارییەکیان بۆ نەناردونەتەوەو کێشەکان لەجێگەی خۆیانن.

٢. لە رەمەزانداو لە ٢٠١٥/٧/٦ بۆ کێشەی خاوەن باخێک بە ناوی (ک. ح) سەردانی کۆسەی چەم‌و گوندی بابان-مان کرد، لەسەر باخەکە زانیاریەکانمان بە راپۆرت بۆنوسین‌و بۆ چارەسەری کێشەکە ٦ پێشنیارمان بە ریزبەندی بۆنوسین کە چارەسەرێکی لۆژیکیانە بوو، کەچی بەداخەوە دوای ئەوەی بەڕێز بەڕێوەبەری ناحیە پێشنیارەکانی ئێمەی بە ریزبەندی پەیڕەو کردبوو، لایەنی بەرامبەری کێشەکە سەردانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی کردبوو، بەڕێزیان لەگەڵ ئەوەی دەیزانی لیژنەکەی ئێمە بەدواداچوونی کردووە، هەمان کێشەی ئاڕاستەی لیژنەی شارەوانی کرد، هەرچەندە کاتێک پێشنیارەکانمان بۆ لایەنی بەرامبەریش خوێندەوە، ئەوان پێشنیارەکانی ئێمەیان پێ لۆژیکی‌و بێلایەنانە بوو، کەچی بەداخەوە بەڕێزیان متمانەیان بەلیژنەکەمان نەبوو.

٣. پێمانوایە خوێندنەوەی ئەم راپۆرتانە لە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیەو ناکرێت کاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەخوێندنەوەی کارو چالاکییەکانی لیژنەکانەوە بکوژین، چونکە بەپێی پەیڕەو، لیژنەکان راپۆرتی خۆیان لەڕێگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دەکەن‌و بەڕێزیان دوای خوێندنەوەی ورد، ئەوەی پێویستی بە بڕیاردان یان گفتوگۆی پێش بڕیاردان‌و دەرکردنی رێنمایی هەبێت، ئەوانە دەخرێنە بەرنامەی کۆبوونەوەکان‌و بڕیارو رێنمایی پێویستیان لەبارەوە دەردەکرێت، نەک هەموو راپۆرتێک، لە کاتێکدا هەندێکجار ئەوەی پێویستی بەبڕیار بێت ناخرێتە بەرنامەی کۆبوونەوەوە، بۆ

نموونە بەبێ بڕیاری ئەنجومەنو تەنیا لەسەر پێشنیاری لیژنە هاوبەشەکەی ئێمە، بەنزینخانەکەی سیتەک راگیرا.

## دووەم/ پێشنیار:

١. پێشنیار دەکەین نوسراو بکرێت بۆ پارێزگا بۆئەوەی ئەندامێکی لیژنەکەمان لە لیژنەی بالای چارەسەرکردنی کێشە کشتوکاڵیەکانی پارێزگادا دابنرێت.

٢. لیژنەکانی ئەنجومەن مانگانە یان وەرزانە راپۆرتی کارو چالاکییەکانیان دوای ئەوەی بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەرزدەکەنەوە، بۆ ئیمەیڵی هەموو ئەندامان بنێردرێتو لە پێگەو لاپەڕەی ئەنجومەندا بڵاوبکرێتەوە، جگە لەوانەی نهێنین یاخود پەیوەستن بە ئاسایشی نەتەوەییەوە.

٣. دانانی راوێژکار لەبوارەکەی خۆماندا بەشێوەی گرێبەست.

٤. پێشنیار دەکەین ئەنجومەن هەرچۆنێک بێت بتوانێت بودجەیەک پەیدا بکات لەرێگەی حکومەتەوە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک کۆنفرانس بۆ گەشەپێدانی پارێزگاکە بەتایبەت لە بوارەکەی ئێمەدا کە کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئـاوەو بنەمای گەشەی ئـەم ولاتــەو بنەمای ئاسایشی نەتەوەییو خۆراکو ئابوری ئەم ولاتەیە لە ئایندەدا، تەنانەت ئەگەر لەرێگەی حکومەتیشەوە نەکرا، لەرێگەی پەیداکردنی سپۆنسەرەوە، بەهەمانشێوەش بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی گرنگو پێویست.

٥. دانانی فلتەرێک بۆ ئەو سکالاو داواکاریانەی دێنە ئەنجومەن پێش ئەوەی ئاراستەی لیژنەکان بکرێن، چونکە بەشێکیان چونەتە دادگاو دادگا بڕیاری داوەو لە دەسەلاتی ئەنجومەندا نییەو بەشێکیشی کاری ئەنجومەن نییە.

# شەشەم/ لیژنەی شەهیدانو ئەنفالو کیمیابارانو جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر

سەلمە فاتیح تۆفیق محەمەد/ سەرۆک
محەمەد عەبدولوەهاب عومەر/ جێگر
زیاد حەمەڕەزا مستەفا/ بڕیاردەر

## چالاکیەکان

## یەکەم/ یاداشتو نوسراو:

لەمبارەیەوە لەو راپۆرتەدا کە لیژنەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کردووە، ئەم چالاکیانەیان خستۆتەڕوو:

١. پێشکەشکردنی یاداشتێک بۆ دەستەی سەرۆکایەتیو پشتیوانیکردن لە نەورۆزی بەرگری، لەسەر ئەم یاداشتە دەستەی سەرۆکایەتی بە نوسراوی ژمارە ١٨٩ سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی ئاگادارکردوەتەوە کە بەشداریی یادەکانی راپەڕینو سەردانی ماڵە شەهیدەکان بکەن لە سنوری خۆیاندا.

٢. بەنوسراوی ژمارە (٩) لە کۆبوونەوەی حەوتەم داوایانکردوە کە کۆبوونەوەی هەشتەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ٤/١٤ لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ یان گەرمیان ئەنجامبدرێت، دواتر ئەنجومەن بڕیاریدا کە کۆبوونەوەکە لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ ئەنجامبدرێت.

٣. بەنوسراوی ژمارە (١٠) داوای دەرماڵەی خوێندنیان کردوە بۆ منداڵانی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش، کە لە کۆبوونەوەی هەشتەمی

ئەنجومەن لە چەمچەماڵ بە كۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەندكراو بەنوسراوی ژمارە (٣٢٨) ئاراستەی پەرلەمان كراوە.

٤. بەنوسراوی ژمارە (١٣) پشتیوانییان لە شاری چەمچەماڵ كردوە بۆ ئەوەی ببێت بە پایتەختی شەهیدانو ئەنفالكراوانی كوردستان، لە كۆبوونەوەی هەشتەم لە ٤/١٤ لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ بە كۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەندكرا، بەڵام هەتا ئێستا سەرۆكایەتی ئەنجومەن نوسراوی پشتیوانیەكەی بۆ پەرلەمان نەكردووە.

٥. بەنوسراوی ژمارە (١٢) داوایان لە دەستەی سەرۆكایەتی كردووە كە كاربكرێت بۆ دروستكردنی پێناسی تایبەت بە كەسوكاری شەهیدانو ئەنفالكراوان بۆ راییكردنی كارەكانیان لە دامودەزگا فەرمیەكاندا.

٦. بەنوسراوی ژمارە (١٦) داوایانكردووە كە كۆبوونەوەی نۆیەمی ئەنجومەن لە ٤/٢٤ لە شاری قەڵادزێی دووجار شەهید ئەنجام بدرێت، دواتر داواكە پەسەندكراو كۆبوونەوەی نۆیەمی ئەنجومەن لە یادی بۆردومانی ئەو شارەدا لە قەڵادزێ ئەنجامدرا.

## دووەم/ كۆبوونەوەو سەردانو بەدواداچوون:

لەمبارەیەوە لە راپۆرتەكەیاندا نوسراوە:

١. بەشداریكردنمان لە یادەكانی راپەڕینو كیمیابارانی هەڵەبجەو سێوسێنانو یادی ئەنفال لە چەمچەماڵو دۆڵی جافایەتیو بەشداریكردنمان لە دەیان مەراسیمو پرسەو چلەی شەهیدان لە زۆربەی ناوچەكاندا.

٢. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالكراوانی سلێمانیو گەرمیانو مەكتەبی شەهیدانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەمەبەستی هەماهەنگیكردن لە نێوانماندا، هەروەها

سەردانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵو لە دێینە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو داواکاریەکانیان.

٣. بەیاوەری بەڕێز (د. ئاسۆ) پارێزگاری سلێمانی سەردانی زیاتر لە (١٢٠) ماڵی شەهیدەکانی شەڕی داعشمان کردووە لە زۆربەی ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لەوانە (پیرەمەگرون، چەمچەماڵ، چوراتاو زەلان، بەردەقارەمانو بازیان، کەلارو کفریو سەرقەڵاو رزگاری، سەیدسادق، خەلەکان، قەڵادزێو هەڵشۆو پێنجوێنو دەربەندیخان)و گەیاندنی هاوکاری بەڕێز پارێزگاری سلێمانی.

٤. لە بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٥ سەردانی بەڕێز (محمود حاجی ساڵح) وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوانمان کرد. ئەم داواکاریو پێشنیارانەمان ئاڕاستەی بەڕێزیان کرد: گرنگیدان بە تاقانەکانی ئەنفالو کیمیابارانو دروستکردنی ناسنامەی رێزلێنان بۆیان. گرنگیدان بە مۆنۆمێنتەکانی ئەنفال لە چەمچەماڵ، کەلار، دوکانو هەڵەبجە کە تەنها بینانو پێداویستیەکانی تێدا نییە. پەلەبکرێت لە خەرجکردنی پارەی ئەو خوێندکارانەی کە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا دەخوێنن‌و کچو کوڕی شەهیدنو وەزارەت پارەی خوێندنەکەیان بۆ دەدات. جیاوازی نەکرێت لە نێوان شەهیداندا بۆ رێزلێنانو کردنەوەی خوێندنگاو باخچەو شەقامەکانو هەڵواسینی وێنەکانیان. دابینکردنی پاس بۆ هاتوچۆکردنی فەرمانبەرانی شەهیدانی گەرمیان. کەسوکاری شەهیدان ببەخشرێن لەو برە پارەیەی کە لە کاتی تەملیککردنی خانوەکانی حکومەتدا لێیان دەسەنرێت. داوای پشتیوانیمان لێکرد بۆ دابینکردنی دەرماڵەی خوێندن بۆ منداڵانی شەهیدانی شەڕی دژی داعش، بە سوپاسەوە بەشێک لە داواکاریەکانی بۆ جێبەجێکردنو

بەڵێنی هەموو هاوکاریو پشتیوانییەکی پێداین.

٥. بەدواداچوون بۆ داواکاریو سکالای هاوولاتیان کە ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە لە لایەنی پەیوەندیدار.

٦. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو کچو کوڕە شەهیدانەی کە لەزانکۆو پەیمانگا ئەهلیەکان دەخوێننو پارەی خوێندنیان لە حکومەتەوە بۆ دەدرێت کە ساڵانە تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی وەزارەتی شەهیدان ٣ ملیار دینار پارەی خوێندن بۆ کچو کوڕی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی دەدات، بەپێی نوسراوی ژمارە (٣٥٦٩)ی وەزارەتی کاروباری شەهیدانو کیمیاباران ئەو پارەیە راستەوخۆ لە نێوان وەزارەتەکانو زانکۆو پەیمانگاکان ئەهلیەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ خوێندکاران، بەڵام بەداخەوە زانکۆو پەیمانگا ئەهلیەکان پابەند نابن بەو بڕیارەوە، بۆ ئەمساڵ توانیمان بەشێک لەو کێشانە لەگەڵ چەند زانکۆیەک چارەسەر بکەین.

٧. کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەرپرسی بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی سلێمانیو کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەرو بەشێک لە رێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ئەنفالو تاوتوێکردنی کێشەو گرفتەکانو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان کە بە سوپاسەوە رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان رێکیخستبوو.

## حەوتەم/ لیژنەی سکاڵاو بەدواداچوونو دەستپاکی

ئەنوەر تاهیر محەمەد/ سەرۆک
سەلمە فاتیح تۆفیق/ جێگر
مینا سامی محەمەد/ بڕیاردەر

### چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوەی لیژنە:

بەمەبەستی راپەڕاندنی کارەکانی، لیژنەکە حەوت کۆبوونەوەی ئەنجامداوە بۆ بینینو بڕیاردان لە سکاڵاو داواکاریی هاووڵاتیان کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە ئاڕاستەی کراوە.

### دووەم/ بەدواداچوونی سکاڵاکان:

لەلایەن لیژنەکەوە ١٣١ سکاڵای جۆراوجۆر بینراوەو ٢٠ سکاڵاش ئامادەیە بۆ کۆبوونەوەی لیژنە. ئاکامی بەدواداچوونی سکاڵاکان بەم شێوەیەیە:

- ٥٥ سکاڵایان راپۆرتی بۆ نوسراوە، لەلایەن لیژنەکەو ئەنجومەنی پارێزگاوە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار کراوە بۆ کاری پێویست، کە ١٠ سکاڵایان لەلایەن شارەوانی سلێمانیو فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ کراوە، ٢٥ سکاڵا لەدەسەڵاتی لایەنی پەیوەندیدار بەدەربووە، ٢٠ سکاڵایان لەچاوەڕوانی جێبەجێکردندان.
- ١٢ سکاڵا کێشەی موڵکداری بووەو پەیوەندی بە دادگاوە هەبووە، چارەسەری لە دەسەڵاتی ئەنجومەندا نەبووە.

- ٩ سکاڵا داوای دابینکردنی زەوی نیشتەجێبوون‌و شوقەو قەرەبوی کردووە، ئەمەش لە دەسەڵاتی لیژنەکەو ئەنجومەندا نەبووە.
- ٥ داواکاریی کە داوای دامەزراندن کراوە، وەڵام دراونەتەوە بەوەی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەندایە.
- ٢٥ سکاڵا رووبەڕووی لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەن کراوەتەوە.
- ٢٥ سکاڵا نارەزایی دەربڕین بووە لە نەخشەی گوندەکانی قولەرەیسی، مەلاداود، رازیانە، خێوەتە، تانجەرۆ، کانی گۆران‌و کانی حەمەو هتد...

## سێهەم/ چالاکیی دیکە:

جگە لە چالاکیەکانی پێشتر، لیژنەکە ئەم چالاکیانەشی ئەنجامداوە:

أ- ئەندامانی لیژنەکە بەشدارییان لەچەندین لیژنەی کاتیی کردووە، وەک لیژنەی وردبینی کە لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە پێکهاتووە بۆ وردبینی لە سودمەندبووانی شوقەکانی کەنەکەوە، سیتەکو زرگوێز.

ب- بەشداریی لە لیژنەی یاسایی کە لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە پێکهاتووە بۆ بینینی سکاڵای هاووڵاتیان لە سودمەندبووانی شوقەکان‌و لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی لە سودمەندبووانی شوقەکانی کەنەکەوەو سیتەکو زرگوێز، ١٢ شوقە لە سودمەندنەبوونی نارەوا وەرگیراوەتەوە.

ج- بەشداریی لە لیژنەی بەدواداچوون بۆ راکێشانی کارەبا بۆ گوندی دەرەقەیسەر کە بە دەیان ملیۆن دینار بەهەدەر درابوو، لایەنی کەمتەرخەم دەستنیشانکراوەو نوسراو بەرزکراوەتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ لێپرسینەوە.

د- بەشداریی لە لیژنەی کاتیی بۆ بەدواداچوونی سکاڵای خاوەن بەنزینخانەیەک لەسەر قائیمقامیەتی قەزای سەیدسادق کە بەنزینخانەکەی داخرابوو.

## هەشتەم/ لیژنەی وەرزشو لاوان

هاوسەر هۆشیار محەمەد/ سەرۆک
مینا سامی محەمەد/ جێگر
هۆشیار ئیسماعیل مستەفا/ بڕیاردەر

بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی لیژنەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کردووە، چالاکیەکانیان ئەمانەن:

### یەکەم/ کۆبوونەوەی لیژنە

لیژنەکە سێ کۆبوونەوەی ناوخۆیی ئەنجامداوە.

### دووەم/ ئامادەکردنی پرۆژەی وەرزشی:

لیژنەکە لەرێگەی چەند مامۆستایەکی وەرزشییەوە لەوانە مامۆستا (رزگار محەمەد رەوف) پرۆژەیەکیان ئامادەکردوە بەناوی (پرۆژەیەک بۆ پێشخستنی وەرزشی پارێزگای سلێمانی) کە بەهیوان لەداهاتوودا لەگەڵ چاکبوونی قەیرانی داراییدا هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ جێبەجێکردنی.

### سێهەم/ سەردانو بەدواداچوون:

لەم رووەوە چالاکیەکان ئەمانەن:

- ٢٠١٥/٣/٢٦ سەردانی ناوەندی وەرزشو لاوانی قەڵادزێ.
- ٢٠١٥/٣/٢ سەردانی ناوەندی وەرزشو لاوانی رانیە.
- ٢٠١٥/٤/٨ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی لاوانی سلێمانی.

- ٢٠١٥/٤/١٦ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی سلێمانی.
- ٢٠١٥/٧/٧ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕینو هەردوو لێپرسراوی ناوەندی وەرزشو لاوانی ڕانیەو قەڵادزێ سەبارەت بە ڕەوشی یاریگاکان.
- سەردانی سەرجەم فێرگە وەرزشیو یانەو تیپە میلییەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپـەڕیـنو دوکـانو پیرەمەگرونو دابینکردنی کەلوپەلی وەرزشی بەپێی توانا بۆیان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی باڵای تیپە میلییەکانی سلێمانیو گوێگرتن لەداواکاریو کێشەو گیروگرفتەکانیان.
- دانیشتن لەگەڵ لیژنەی تیپە میلییەکانی سەیدسادق.
- سـەردانو دانیشتن لەگەڵ یانەو تیپە میلییەکانو فێرگە وەرزشیەکان لەسنوری ئیدارەی گەرمیان لەڕێگەی (محەمەدی شێخ وەهاب)و گەیاندنی داواکاریو کێشەو کەموکوڕیەکانیان لە کەلار، دەربەندیخان، باوەنور، کفری. هەروەها دابینکردنی بەشێکی باش لە کەلوپەلی وەرزشی بۆیان لەرێگەی پارێزگارەوە.
- کردنەوەی خولی وەرزشی لە ناوشاری سلێمانیو هاوکاریکردنیان لەلایەن پارێزگارەوە.
- کردنەوەی چەندین خولی وەرزشی لە زۆربەی قەزاو ناحیەکاندا لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە لەسەر تێچووی خۆیان لەهەموو فراکسیۆنەکاندا. هەروەها هێنانی داواکاریو کێشەو کەموکوڕیەکان لەسنوری خۆیان، لەو بارەیەشەوە لیژنەکە سوپاسێکی زۆر ئاڕاستەی ئەو ئەندامانە دەکات کە هاوکارییان کردوون.

## نۆیەم/ لیژنەی کاروباری ئاینی

فەیسەڵ ئیبراهیم عەزیز/ سەرۆک
سەمەد ئیبراهیم محەمەد/ جێگر
رەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم/ بڕیاردەر

بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی لیژنەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کردووە، دەتوانین چالاکیەکانیان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

### یەکەم/ کۆبوونەوەی لیژنە:

کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەکە لە رۆژی ٢٠١٥/٣/٩ ئەنجامدراو تێیدا بەرنامەی کار دانرا بەوەی کە دەست بکەن بە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی پارێزگای سلێمانیو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی، هەروەها سەردانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان.

### دووەم/ سەردانو بەدواداچوون:

١. ٢٠١٥/٣/١٦ کاک سامان ئەندامی لیژنەی هاوبەشی ئەوقافو تەندروستی کە چاودێریی پاکو خاوێنیو تەندروستی شوێنە ئاینیەکان دەکەن، سەردانی لیژنەکەی کردو لەکۆبوونەوەیەکدا باسیان لەکاری لیژنەکەیانو ئەو گرفتانەی کە دێتە رێگەیان، کرد. دیاربوو گرفتیان ئەوەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف وەک پێویست بەدەم کارەکەوە ناچن، بۆیە لیژنەکە بە نامەی فەرمی لەڕێگەی

سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە ئاگاداریانکردنەوە لە گرنگی لیژنەکەو پێویستی بەشداربوونیان. گرفتێکی تریان ئەوەبوو کە پێشتر ئوتومبێلیان هەبووە بۆ سەردانەکانیان کە گرێبەست بووە، بەڵام بەهۆی ئەم گرفتە داراییەوە ئێستا ناتوانن بەردەوام بن. لیژنەکە ئەم گرفتەیان لەگەڵ پارێزگاردا باسکردو بەڵێنیدا کە پارەی ٤ مانگیان بۆ دابین بکات.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەکە لەگەڵ د.رزگار بەڕێوەبەری خۆپاراستنی سلێمانی قسەی کرد کە کۆپییەکی فۆڕمی هەموو سەردانەکانی لیژنەکەیان، بۆ لیژنەکەی ئەنجومەن بنێرن، هەتا بەرچاوڕوون بن بەرامبەر کارەکانیانو هەروەها بزانن کێشەو گرفت لە چ مزگەوتو شوێنێک هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەوقاف کار بۆ چارەسەری بکەن.

٢. ٢٠١٥/٤/٦ لیژنەکە سەردانی هەردوو بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی کرد، ئامانج لەسەردانەکە ئاشناکردنی ئەو بەڕێزانە بوو بە کارو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنو دەربڕینی هاوکاریو پشتگیری ئەنجومەن بۆ ئەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگە.

٣. ٢٠١٥/٤/١٩ پێشوازیکردن لە مامۆستا غەریب پێنجوێنی ئەندامی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان، هەردوولا کێشەکانی ئەوقاف بەگشتیو گرفتی گواستنەوەی خوێندنگە ئیسلامیەکان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵایان تاوتوێکرد. هەروەها باس لە موڵکەکانی ئەوقافو چۆنیەتی بەکرێدانیانو مامەڵەپێوەکردنیان کرا.

٤. ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٧ لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ڕاپەڕینی کرد. لەگەڵ بەڕێوەبەرو بەرپرسی بەشەکانو

تێکڕای پشکنەرەکانو بەرپرسی لقی زانایانی ڕاپەڕین لەشاری ڕانیە کۆبوونەوە. لەکۆبوونەوەکەدا باس لە کێشەو گرفتەکانی ئەو سنورە کرا، هەروەها ژمارەی سەرجەم مزگەوتەکانو ناوی سەرجەم فەرمانبەرانو شوێنی دەوامکردنیان وەرگیرا.

٥. ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٤ سەردانی وەزیری ئەوقافیان کرد لەشاری هەولێر، تەوەری کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لە ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەران لەو وەزارەتە.

## سێیەم/ نوسراو:

ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٤ لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بە نوسراوی ژمارە (٣٢٠)، لیژنەکە داوای لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی کرد بۆ ناردنی ناوی سیانیو پلەی وەزیفیو شوێنی کارکردنی تەواوی کارمەندانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەیانو ناردنی ناوی تەواوی مزگەوت، تەکیە، کەنیسە، حسێنیەو شوێنە ئاینیەکانی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتیە.

## دەیەم/ لیژنەی پیشەسازیو وزە بازرگانیو سەرچاوە سروشتیەکان

غالب محەمەد عەلی/ سەرۆک
هۆشیار ئیسماعیل مستەفا/ جێگر
مەهدی مەحمود محەمەد میرزا/ بڕیاردەر
دانا محەمەد جەزا/ ئەندام
دیلمان عەزیز محەمەد/ ئەندام
بەناز حەمەڕەشید حەمەسەعید/ ئەندام
رێکەوت محەمەد زەکی سالّح/ ئەندام

### چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوەی لیژنە:

لیژنەکە (٦) کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەو چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامداوە.

### دووەم/ چارەسەرکردنی کێشە:

لیژنەکە رۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا:

١. پرسی بوتڵی غازی شەبەقو هەڵاڵە.

٢. کێشەی هاوردەکردنی چیمەنتۆی فەل لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە (١٦٠٠) شۆفێری بێکار کردبوو.

٣. چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای نۆرینگەکان بەتایبەت نۆرینگەکانی شەقامی گۆران.

## سێهەم/ کۆبوونەوەو سەردانو بەدواداچوون:

١. کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جەودەت سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیو وزە لە پەرلەمانی کوردستان کە چەند بابەتێکی گرنگ باسی لێوەرکراوە کە چۆن هەماهەنگی بکەن لەگەڵ یەکتر لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوتو گاز.

٢. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتیەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی بەنزین لە گەرمیانو چەندین ناوچەی ترو باشترکردنی کوالێتی بەنزین.

٣. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پاڵێوگەکانی سلێمانی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ئیشوکارو کەموکورتیەکانیان، بەمەبەستی چارەسەرکردنو بەدواداچوون بۆ کێشەی کارنەکردنی ئەو ئۆتومبێلانەی (مۆبیل تیست) کە ماوەی زیاتر لە ساڵێک کاریان پێنەکراوە.

٤. بەدواداچوون بۆ زیاتر لە (٤١) پالاوگەی بێ مۆڵەت بەمەبەستی راگرتنی کارەکانیان.

٥. بەدواداچوون بۆ ناوچەی پیشەسازی لە قەزای عەربەت کە بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی نابێت بکرێتەوە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە.

٦. بەدواداچوون بۆ دوو کارگەی بەرگدورین لە ناوچەی شەکرەکە لە شاری سلێمانی کە وەزارەتی پیشەسازیو بازرگانی گرێبەستەکانیانی لێوەرگرتونەتەوەو لیژنەکە داوایکرد ئەو بڕیارە زوو جێبەجێ بکرێت.

٧. بەدواداچوون بۆ کارگەی بزماری (دۆڵەڕوت) کە لە (٢٠١١/٧/١٨) دامەزراوە بەپێی نوسراوێکی پارێزگای سلێمانی کە

بڕی زیاتر لە هەشت ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تێدا سەرفکراوە بۆ کڕینی ئامێر، بەڵام تائێستا دەستبەکار نەبوون.

٨. سەردانکردنی کارگەی ڕاسان لە ناحیەی بازیان بۆ زیاتر بەئاگابوون لە کارەکانی.

٩. سەردانکردنی کارگەی (سێ سنە) بۆ دروستکردنی ئاوی بوتڵ بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کارەکانی.

١٠. سەردانکردنی کارگەی (سۆپەر ستیل) بۆ دروستکردنی شیش لە ناحیەی بازیان بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کارەکانی.

١١. سەردانکردنی بەڕێوەبەرایەتی نەوتو کانزا لە ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی هاوکاریو ئاگاداری لە کارەکانی.

١٢. بانگهێشتکردنی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتیەکانی سلێمانی بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی سوتەمەنیو بەنزینو ئەو گرفتانەی کە بۆ هاووڵاتیانی دروستکردووە.

١٣. کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرهەمە نەوتیەکانو بەڕێوەبەری پاڵاوگەکانی سلێمانیو بەڕێوەبەری ئوتومبێلی (مۆبیل تیست) سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارخستنی ئەو ئوتومبێلانەو دابەشکردنیان بەسەر ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە (ئوتومبێلێک بۆ مەرزی پەروێزخان، ئوتومبێلێک بۆ مەرزی باشماخ، ئوتومبێلێک بۆ ناوشاری سلێمانیو ئوتومبێلێک بۆ دەرەوەی شاری سلێمانی).

١٤. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی بەمەبەستی چۆنیەتی چارەسەری گرفتی کەمی کارەباو کەمکردنەوەی کێشەکان.

١٥. سەردانی وەزیـری بازرگانیو پیشەسازی بەمەبەستی خەرجکردنی پارە بۆ دروستکردنی سایلۆ لە سنوری گەرمیانو

سەرفکردنی پارە بۆ دروستکردنی سایلۆی پیرەمەگرون کە ئەو پرۆژەیە ئێستا تەواوبووە.

١٦. کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوی (سکالاو چاودێری) بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر خراپی کوالێتی بەنزینو چۆنیەتی چارەسەرکردنی.

١٧. بەدواداچوون بۆ (نۆ) تەنکەر بەنزینی کوالێتی خراپ کە لەلایەن گومرگی سلێمانییەوە گیرابوو، بۆ لیژنەکە دەرکەوت بەپێی نوسراوەکان بە کوالێتی خراپەوە گیراون، بەڵام هەوڵدراوە وەک کوالێتی باش بهێنرێتە سنوری پارێزگای سلێمانی.

١٨. بەدواداچوونو داواکردنی کردنەوەی وێستگەی گاز بەتایبەت ئەو وێستگەیەی کە لە ئاشتی کاتی خۆی ئیشی کردوەو ئێستا داخراوە.

١٩. بەدواداچوون بۆ کێشەی هاوولاتییەک کە دەستی کردبوو بە دروستکردنی بەنزینخانەیەک، ئەو بەنزینخانەیە هیچ رێنماییەکی بەنزینخانەی جێبەجێ نەکردبوو دواتر بڕیاری داخستنی درا.

٢٠. لەسەر سکالای هاوولاتیان سەردانی چەند بەنزینخانەیەکیان کردووە لە سلێمانیو داوایان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنو لایەنی پەیوەندیدار کردووە کە لێپرسینەوە بکات لەگەڵ بەنزینخانەی (ئا.) کە سەرپێچی کردبوو.

٢١. لیژنەیەکی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی سکالا، سەردانی قەزای سەیدسادقیان کرد بەمەبەستی کێشەی داخستنی بەنزینخانەی (س) دواتر راپۆرتێکیان ئامادەکردو بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا.

٢٢. کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی کوردستانو بریکاری وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەولێر بەمەبەستی گفتوگۆکردن

لەسەر کەمیی بەنزین لە پارێزگای سلێمانی.

٢٣. کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمپانیایەک کە داوای (٢٠) دۆنم زەویو مۆڵەتی دەکرد بۆ دروستکردنی چەند پاڵاوگەیەکی گازی سروشتیو دروستکردنی وێستگە بۆئەوەی گاز بە ئوتومبێلو ماڵان بدات، داوایان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووە هەستێت بە سازدانی سیمینارێک بۆ ئەو کۆمپانیایە بۆئەوەی روونکردنەوە بەتەواوی ئەندامانی ئەنجومەنو بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بدات بۆ ئەو مەبەستە.

٢٤. سەردانی شۆفێرەکانی قەزای کەلار (هێڵی ناوخۆ) لەسەر گرفتی کەمی گازو بەنزین لەسنورەکەو خراپی کوالێتی، دواتر کۆبوونەوەیان لەگەڵ قایمقامیەتی ئەو شارە بەمەبەستی چارەسەری ئەو کێشەیە.

٢٥. وەک لیژنەی هاوبەش (تەندروستیو ژینگە) سەردانی چەند پاڵاوگەیەکیان کردووە لە تانجەرۆ بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کارەکانیان.

٢٦. نوسراوی فەرمییان کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ داواکردنی کارەبای بەردەوام بۆ هەردوو سایلۆی پیرەمەگرونو سەیدسادق.

٢٧. چەندینجار کۆبوونەوەو پەیوەندیکردن لەگەڵ بەڕێزان پارێزگارو جێگری پارێزگارو بەڕێوەبەری سایلۆی پیرەمەگرون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سایلۆکان، هەروەها ئاڕاستەکردنی نوسراوی فەرمی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنو لەڕێگای بەڕێزیانەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازیو بازرگانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جوتیاران.

٢٨. پەیوەندیکردنو سەردانیکردنی مۆلیدە ئەهلیەکان لەسەر سکاڵای هاووڵاتیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتیەکان لەگەڵ

خاوەن مۆلیدە ئەهلیەکان قسەیان کردووە.

٢٩. لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە داوایانکردوە نوسراوی فەرمی بکرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیــرانو وەزارەتـــی کـارەبا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە نزیکی ٣٠٠ مێگاوات زیاتر دەدرێت بە پارێزگای هەولێر لەچاو پارێزگای سلێمانی، ئەمە لەکاتێکدایە کە داهاتی کارەبای سلێمانی زیاترە وەک لە هەولێر.

٣٠. سەردانی لیژنەکە بۆ کارگەی رۆنی قەندیل لە پیرەمەگرون بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کارپێکردنی کارگەکە.

٣١. سەردانی پاڵاوگەی کورد ئۆیل لە قەزای دوکان کە ئێستا ٩٠٪ی کارەکانی تەواوبووەو مۆڵەتی کارکردنیان پێنەدراوە، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە دەڵێت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێی وتوین نەوتی شیواشۆکمان نییە بۆ پاڵاوگەکە، لیژنەکە نوسراوی فەرمی کردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆئەوەی رونکردنەوەیان بدەنێو چـارەسـەری ئەم کێشەیە بکەن، چونکە بەکارپێکردنی پاڵاوگەکە، گرفتی سوتەمەنی چارەسەر دەکرێت.

٣٢. دانیشتن لەگەڵ بەڕێزان بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەری سایلۆی پیرەمەگرون بۆ چارەسەری کێشەی بارهەڵگرەکان کە بەهۆی سستی وەرگرتنی دانەوێڵە لە سایلۆی پیرەمەگرون، ئوتومبێلە بارهەڵگرەکان بەشێک لە شەقامەکانی پیرەمەگرونیان تێکدابوو، توانییان شوێنێکی تایبەتیان بۆ دیاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگرتنی دانەوێڵە، لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند قسەیانکردو نوسراویان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەرزکردەوە.

## یانزە/ لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیو هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن

محەمەد رەسوڵ موراد/ سەرۆک
زیاد حەمەڕەزا مستەفا/ جێگر
محەمەد عەبدولوەهاب عومەر/ بڕیاردەر
میدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل/ ئەندام
رێبوار ئەحمەد مەولود/ ئەندام
هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم/ ئەندام
سەمەد ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم/ ئەندام

## چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوە:

لە ٢٠١٥/٢/١٩ تاکو ٢٠١٥/٧/٧ ئەم لیژنەیە حەوت کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، بەگشتی ئەجێندای کۆبوونەوەکان جیاکردنەوەو خوێندنەوەی سکاڵاو داواکاریەکانی هاوولاتیان بووە، سەرەڕای دابەشکردنیان بەسەر سێ گروپی دوو کەسی، بەمەبەستی بەدواداچوونو وەرگرتنەوەی وەڵامی پێویستی سکاڵاکانو ئاڕاستەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

### دووەم/ سەردانو خۆناساندن:

لەمبارەیەوە لە راپۆرتی لیژنەکەدا نوسراوە: «لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەکەماندا، بڕیارماندا دەستپێکی کارەکانمان سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بێت کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەکاری ئێمەوە هەیە.

یەکەم سەردانمان لەبەرواری ٢٠١٥/٢/٢٢ بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیو بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بوو. دواتر لیژنەکەمان بەگوێرەی شوێنی دانیشتنی ئەندامان، بەسەر ناوچەکاندا دابەشکردو بەردەوام بووین لەسەردانەکانمان. لەماوەیەکی کورتدا سەردانی زۆرینەی سەرۆکایەتی شارەوانیەکانو بەڕێوەبەرایەتی ئاوو کارەباو هاتوچۆی سلێمانیو گەرمیانو هەڵەبجەو راپەڕینو قەزاو ناحیەکانمان کرد، بەمەبەستی یەکترناسینو ئاگاداربوون لە کێشەو گرفتەکانیانو کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان».

## سێهەم/ سکاڵاو بەدواداچوون:

هەتا بەرواری ٢٠١٥/٧/٥، (١٠٧) داواکاریو سکاڵا لەلایەن لیژنەکەوە بینراوە، ٦ سکاڵا راستەوخۆ وەڵام دراونەتەوە، ١١ سکاڵایان لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا بەدەربوون، ٧ سکاڵا ئاڕاستەی لیژنەکانی دیکەی ئەنجومەن کراوە. (٨٣) سکاڵا بەدواداچوونیان بۆ کراوەو یاداشتیان بە ژمارەو بەروار ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کراوە، بەم شێوەیە:

١. (٢٦) سکاڵا لە هاوولاتیانی سلێمانییەوە هاتووە، (١٧) سکاڵا بۆ کێشەی زەوی بووە، پەیوەندییان بە شارەوانییەوە بوو، ئەوانیتر پەیوەندییان بە خزمەتگوزاریەکانی تری ئاوو گواستنەوەو گەیاندنو هاتوچۆوە هەبووە.

٢. (٧) سکاڵا لە هاوولاتیانی ئیدارەی گەرمیانەوە هاتووەو پەیوەندییان بە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانیو ئاوو رێگەوبانەوە هەبووە.

٣. (٢١) سکاڵا لە هاوولاتیانی ئیدارەی راپەڕینەوە هاتووە کە زۆرینەیان پەیوەندییان بە خزمەتگوزاریەکانی ئاوو کارەباو رێگاوبانەوە هەبوو. پێنج سکاڵاشیان پەیوەندیی بە زیادەڕۆییەوە بوو.

٤. (٥) سکاڵا لە هاوولاتیانی پارێزگای هەڵەبجەوە هاتووە کە دوانیان دەربارەی زیادەڕۆییەکان بوونو ئەوانیتر پەیوەندییان بە خزمەتگوزاریەکانی

شارەوانییەوە هەبووە.

٥. (٧) سکالاَ لە هاوولاَتیانی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانیو شارباژێڕەوە هاتوون کە زۆربەیان دەربارەی کێشەی زەوی بوون.

## چوارەم/ بەشداریی لە لیژنە کاتیەکاندا:

ئەندامانی لیژنەکە لە چەندین لیژنەی کاتیدا بەشداربوون، وەک:

١. لیژنەی پێکهاتوو لە نوێنەرانی لیژنەکانی (یاسا، کشتوکاڵ، شارەوانی) بۆ بەدواداچوونی کێشەی زەویوزار لە هەڵەبجەی تازە.

٢. لیژنەی کاتیی پێکهاتوو لەلیژنەکانی (هونەری، کشتوکاڵ، شارەوانی) بەدواداچوون بۆ گواستنەوەی (گوندی باراو) لە سنوری ناحیەی سروچک بۆ سەر ناحیەی سیتەک.

٣. لیژنەی کاتیی پێکهاتوو لە نوێنەرانی لیژنەی (یاسا، کارگێڕی، شارەوانی) بەدواداچوون بۆ دیاریکردنی سنوری شارەوانی قەزای شارەزوور.

٤. لیژنەی پێکهاتوو لە نوێنەرانی لیژنەی (کشتوکاڵ، تەندروستی، شارەوانی) بۆ بەدواداچوونی چالاَوە نایاساییەکانی چەمی قلیاسان.

٥. لیژنەی پێکهاتوو لە نوێنەرانی لیژنەی (پیشەسازیو وزە، کشتوکاڵ، شارەوانی) بۆ دیاریکردنی کەموکوڕیەکانی بەنزینخانەی (هـ) لە ناحیەی سیتەکو چەندان لیژنەی تر.

## پێنجەم/ پێشنیارەکان:

١. لیژنەکە پێشنیاری کردووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی وەزارەتەکانی (شارەوانی، کشتوکاڵ، دارایی).

٢. پێشنیاری چۆنیەتی کارکردن لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو خانوانەی حکومەت لە ناحیەکاندا بۆ فەرمانبەران دروستی کردوون، بەلاَم لەلایەن

هەندێک خەڵکەوە داگیرکراونو کڕینو فرۆشتنیان پێوەدەکرێت.

٣. پێشنیار بۆ بەڕێزان لیژنەی شەهیدانو ئەنفالکراوو کەمئەندامان بۆ چاکسازیکردن لەم دەزگایانەدا.

٤. پێشنیار بە هاوکاری لیژنەی کاروباری یاسایی بۆ دانانی پێوەرو چۆنیەتی بەناحیەکردنی هەر گوندێکو بە قەزاکردنی هەر ناحیەیەک.

٥. پێشنیار بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقوڕنەو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی راپەڕین بۆ رێکخستنەوەی شەقامەکانی نێوان چوارقوڕنەو رانیەو بازاڕی چوارقوڕنە.

## شەشەم/ ژمارەیەک لەو کەیسانەی لەسەر دەستی ئەندامانی لیژنەی شارەوانی چارەسەرکراون:

١. بەدواداچوونی نوێنەری لیژنەی شارەوانی بۆ کێشەی شۆفێرانی تەکسی هێڵی (کەلار – کفری) کە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی گەرمیانەوە چارەسەرکرا.

٢. بەدواداچوونی لیژنەکە بۆ هۆکاری وەستانی پرۆژەی ئاوی خاسێ کە کۆمپانیای (ڤ) جێبەجێی دەکات، دواتر لەڕێگەی بەڕێز پارێزگای سلێمانییەوە چارەسەری کێشەکە کرا.

٣. بەدواداچوونی لیژنەکە بۆ کێشەی (عەلوەی رانیە) کە لەڕێگەی ساختەکاری لەمزایەدەدا کێشەی بۆ پیشەوەران دروست کردبوو، دواتر لەڕێگەی ئیدارەی راپەڕینەوە چارەسەری کێشەکە کرا.

٤. بەدواداچوونی نوێنەری لیژنەکە بۆ کارە نایاساییەکانی کۆمپانیای (ڕ) کە دواتر کەیسەکە گەیشتە دادگاو کۆمپانیای ناوبراو پابەند کرا لەباجی کارە نایاساییەکانی (٦٠) شوقە لە کەلار بۆ پێشمەرگە دروست بکات.

# دوانزە/ لیژنەی پارێزگاریی (ئاسایش، پۆلیس، بەرگری شارستانی)

دانا محەمەد جەزا/ سەرۆک
سەباح فەتاح ئەحمەد/ جێگر
بەرزان محەمەد سالح/ بڕیاردەر
میدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل/ ئەندام
محەمەد عەبدولوەهاب عومەر/ ئەندام

بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی لیژنەکە پێشکەشی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە، تەواوی چالاکیەکانیان لە بەرواری ٢٠١٥/٢/٢٤ تا بەرواری ٢٠١٥/٧/٢٦ خستۆتە روو، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چالاکیەکان دەکەینو بەهۆی هەستیاری بابەتەکانەوەو پەیوەندیدارییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، ناوەڕۆکی هەندێک لە چالاکیەکانو وردەکاریەکانیان، پاش وەرگرتنی رەزامەندیی لیژنەکە، بڵاوناکەینەوە .

## چالاکیەکان

### یەکەم/ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنە:

لیژنەکە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی چەندین کۆبوونەوەی ناوخۆیی ئەنجامداوە کە بەم شێوەیەن:

- رۆژی ٢٠١٥/٢/٢٤ یەکەم کۆبوونەوەی لیژنە ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی هەریەک لەدانای شەهید جەزا، بەرزان محەمەد، میدیا

شێخ ئەحمەد، ئامادەنەبوونی هەریەکە لە سەباح فەتاح بەهۆی مۆڵەتی نەخۆشیو محەمەد شێخ وەهاب بە هەمان هۆ.

بابەتەکانی کۆبوونەوەکە: ئەکتیڤکردنی زۆنەکان بۆ زیاتر ئاگابوون لەهەلومەرجی کاری بەڕێوەبەرایەتیەکان، چۆنیەتی ئاگابوون لەکاری لیژنەی ئەمنی پارێزگا، بەرنامەی کۆبوونەوەی دەوری لیژنە، سەردانی بەڕێز پارێزگار، باسکردن لە کاری داهاتووی لیژنەکە، چۆنێتی دانانی بەرنامەی کار، خشتەی کارو سەردانەکان.

• رۆژی ٢٠/٤/٢٠١٥ دووەم کۆبوونەوەی لیژنەکە بە بەشداری هەریەکە لە: دانای شەهید جەزا، سەباح فەتاح، میدیا شێخ ئەحمەد، محەمەد شێخ وەهاب.

بابەتەکانی کۆبوونەوەکە: خوێندنەوەی نوسراوەکانی هاتوو، گفتوگۆکردن سەبارەت بەکاری داهاتوو، ئەنجامی کاری پێشوو، پلانی سەردانەکانی داهاتوو.

گرنگترین ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە:

ا. سەبارەت بە سکالای کارمەندانو پۆلیسەکانی بەرگری شارستانی سلێمانی، کۆبوونەوە بڕیاریدا کە نوسراوێک ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ بکرێت بۆ وەرگرتنی راوبۆچونی بەڕێزیان لەسەر ئەم بابەتەو ئاگادارکردنیان لەبابەتەکەو دوای وەرگرتنی وەڵامی تەواو، دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ بڕیار لەسەری بەپێشنیاری لیژنەوە.

ب. بڕیاردرا بە رێکخستنی دانیشتنێک لەگەڵ بەڕێز رائید محەمەد بەرپرسی پۆلیسەکانی یەکەی پارێزگاری بۆ زانینی گرفتو کێشەکانیان.

ج. بەرنامەیەکی تر رێکبخرێت بۆ سەردانی بەڕێزان بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگاری سلێمانیو بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی.

د. بەڕێز سەباح فەتاح هەڵدەستێت بە رێکخستنی سەردانێک بۆ

سنوری هەڵەبجەی تازە، شارەزور، سەیدسادق بۆ بەدواداچوونی هەندێک پێشنیارو گرفتو سەردانی بنکەکانی پۆلیسو ئاسایشو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بەسنوری کاری لیژنەکە لەو ناوچانە.

هـ. بڕیاردرا بەوەرگرتنی بۆچوونی ئەنجومەن سەبارەت بە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بۆ ئەندامانی ئەنجومەن. دوای قسەکردن لەگەڵ بەڕێز عەمید نزار، بڕیاردرا بە ئاسانکاری بۆ دروستکردنی مۆڵەتی چەک هەڵگرتن تەنها بۆ ئەندامانی ئەنجومەن هەرکەس پێویستی پێیبێت.

و. کۆبوونەوە بڕیاریدا بە سەردانی هەریەکە لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

• رۆژی ٢٠١٥/٥/١٨ لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆی گرێدا بە ئامادەبوونی هەریەکە لە دانای شەهید جەزا، میدیا شێخ ئەحمەد، محەمەد شێخ وەهاب. کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێی کارو چالاکیەکانی ئەم دواییەی لیژنەکە بوو هەروەها بۆ دانانی پلانی داهاتووی لیژنەو وەڵامدانەوەی نوسراوەکانو ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت بە کارەکانیان.

• ٢٠١٥/٦/٢٩ لیژنەی پارێزگاری بەئامادەبوونی هەریەکە لە دانای شەهید جەزا، سەباح فەتاح، میدیا شێخ ئەحمەد، محەمەد شێخ وەهاب، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا. گرنگترین تەوەرەکان:

- خوێندنەوەی نوسراوو راپۆرتی پێشوو قسەکردن لەسەر نوسراوی داهاتوو.

- باسی کێشەی تایبەتی چەند پۆلیسو هاوولاتییەکو یاداشتی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە شارەزورو چەند بابەتێکی تر.

- گفتوگۆ لەسەر وەڵامی نوسراوەکانی پێشوو.

• رۆژی ٢٠١٥/٧/٢٦ لیژنەکە دوا کۆبوونەوەی خۆی رێکخست بۆ تاوتوێی دوا پێشهاتو ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنو

ئامادەکردنی راپۆرتی گشتی لیژنە بە ئامادەبوونی هەریەکە لە بەڕێزان دانای شەهید جەزا، سەباح فەتاح، میدیا شێخ ئەحمەد، محەمەد شێخ وەهاب.

## دووەم/ سەردانو بەدواداچوون:

لە ماوەی کارکردنیاندا لیژنەکە چەندین کۆبوونەوەو سەردانو بەدواداچوونی بۆ کێشە پەیوەندیدارەکانی ئەنجامداوە، لەم رووەشەوە چالاکیەکانیان ئەمانەن:

١. رۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانیو کۆبوونەوە لەگەڵ عەمید حەسەن بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی بەمەبەستی یەکترناسینو هەماهەنگی لەکاری داهاتوودا. لە کۆبوونەوەکەدا باس لەبابەتی خاڵی پشکنینی سنوری شارەزور کرا وەک بەدواداچوونێک بۆ نوسراوەکەی بەڕێز عومەر عینایەت ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

٢. لیژنەکە لە بەرواری ٢٠١٥/٦/١٦ بۆ جاری دووەم سەردانی بەڕێز عەمید حەسەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی کرد بۆ تاوتوێکردنی هەندێک بابەتی تایبەت بەکاری لیژنەکەو ئاڵوگۆڕی زانیاری.

٣. رۆژی ٢٠١٥/٣/١٧ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانیو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی بەمەبەستی یەکترناسینو هەماهەنگی لەکاری داهاتوودا.

٤. ٢٠١٥/٣/٢٦ سەردانو کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز عەمید نزار بەرپرسی کاروباری ناوخۆ لەپارێزگا. باس لەکێشەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەو چۆنیەتی کارو هەماهەنگی داهاتوو کرا.

٥. رۆژی ٢٠١٥/٤/٥ لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی

بەرگری شارستانی سلێمانی کردو لەگەڵ بەڕێز عەمید دیار کۆبوونەوەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەم کێشانە کرا: کێشەی کارەکانی بەرگری شارستانی، گرفتەکانی بەردەم لێکدانی بنکەکانی سنوری گەرمیان بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سلێمانی، کێشەی ئەو کارمەندانەی سکالایان کردبوو لەبەر ناردنیان بۆ کارکردن لە بەندیخانەکان، کێشەی هەندێک لە دەسەلات کە پێویستە بدرێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەک دەسەلاتی پێدانی مۆڵەت.

٦. رۆژی ٢٠١٥/٤/٥ لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی کردو لەگەڵ عەمید ساڵح بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکە کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دەستخۆشی لەم بەڕێوەرایەتیە کرا کە یەکێکە لەوانەی سەرکەوتوبووە لەکارەکانیدا، هەروەها باسی کێشەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان لە کەلار کرد، باسی چەند کێشەیەکی تری یاسایی کرا کە گرفتیان بۆ دروستدەکات وەک کێشەی رەگەزنامە کە حکومەتی ناوەند دانی پێدا نانێت.

٧. رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٠ لیژنەکە سەردانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی کردو لەگەڵ عەقید ئەکرەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکە کۆبوونەوە، بەمەبەستی یەکترناسینو هەماهەنگی لەکاری داهاتووداو باسکردنی کێشەو گرفتەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە، هەروەها میکانیزمی چارەسەرو پشتگیریکردنی داواکانیانو هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنیان.

٨. رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٠ لیژنەکە سەردانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کردو لەگەڵ بەڕێز تاهیر قادر بەڕێوەبەری فرۆکەخانە کۆبووەوە، بەمەبەستی یەکترناسینو گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە گشتییەکانو تایبەتمەندییەکانی فرۆکەخانەو ئەو گرفتانەی دێتە بەردەمیانو رۆڵی ئەنجومەن بۆ هاوکاریکردن لە گەشەکردنی

کارەکانیان.

٩. رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٠ لیژنەکە سەردانی ئاسایشی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کردو لەگەڵ بەڕێز سامان مەولود بەڕێوەبەری ئاسایشی فرۆکەخانە کۆبووەوە، بەمەبەستی یەکترناسینو چۆنێتی هەماهەنگیکردنو هاوکاریکردنیان وەک لیژنەی پارێزگاری ئەنجومەن.

١٠. رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠ شاندێکی لیژنەکە کە پێکهاتبوون لە دانای شەهید جەزا، سەباح فەتاح، میدیا شێخ ئەحمەد، محەمەد شێخ وەهاب، سەردانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ (کەریم سنجاری)یان کرد. لەم سەردانەدا جگە لەخستنەڕووی کارو چالاکییەکانیان، گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانەش کرا:

- دەستخۆشی لەوەزارەتی ناوخۆ بۆ بەشداریکردنیان لەبەرەکانی جەنگ لەڕێگەی ناردنی هێزەکانی سەر بە وەزارەتیان.

- کێشەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی کە لە چوارچێوەی کاری لیژنەی پارێزگاری ناوخۆدایە، کێشەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە خرانە بەردەم وەزیری ناوخۆ: (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت).

- داوای کەمکردنەوەی رۆتینی فەرمانگەکان کرا بەدانانی بەرنامەو رێنمایی نوێ.

- داواکرا مەشقی تایبەت هاوشێوەی مەشقی بەرگری شارستانی بەپۆلیسو ئاسایش بکرێت.

- هاوتاکردنی موچەو دەرماڵەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ (حکومەتی ناوەندیش بڕیاری لەسەرداوە).

- دەرکردنی رێنمایی نوێ دەربارەی مۆڵەتی چەک.

- دابینکردنی جلوبەرگ بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان بەپێی

تواناو پێویستی.

- بنبڕکردنی دیاردەی کۆکردنەوەی ئابوونەی حیزبی.

لە بەرامبەردا بەڕێز (کەریم سنجاری) وەزیری ناوخۆ دەستخۆشی لە لیژنەکە کردو بڕیاریدا کە:

- بەپێی توانا ئاسانکاری بۆ فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی بکات.

- تەنسیب بکرێت بۆ هەندێک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس لە سلێمانی.

- زیادکردنی بڕی بەنزین بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان بڕیاری لەسەر دراوەو بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی دەکرێت.

١١. ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٤ لیژنەکە سەردانی بەڕێز لیوا سالار عەمیدی کۆلێژی پۆلیسی سلێمانی کرد. بەگشتی ئامانجی ئەم سەردانە بریتی بوو لە یەکترناسین لەنزیکەوەو ئاشنابوون بەکاری یەکتر، دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا بۆ هاوکاری ئەم دەزگایەو بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

١٢. لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن (١٠٤)ی کردو لەگەڵ بەڕێز رائید دڵشاد بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنو ستافی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کۆبووەوە، بەمەبەستی یەکترناسینو لەنزیکەوە ئاشنابوون بەکاری یەکترو دروستکردنی هەماهەنگی زیاترو دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان.

١٣. ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢ لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی کرد بەمەبەستی یەکترناسینو لەنزیکەوە ئاشنابوون بەکاری یەکترو دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر.

## سێهەم/ کۆبوونەوەو بەشداریی لە چالاکیی دیکە:

سەرەڕای کارەکانی پێشوو، لیژنەکە چەندین کۆبوونەوەی دیکەی ئەنجامداوەو بەشداریی لە چالاکیی دیکەدا کردووە کە پەیوەندیداربوون بە کارەکانیانەوە، ئەو چالاکیانەش ئەمانەن:

١. رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ بەشداری سەرۆکی لیژنە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لە کۆبوونەوەکەدا سەرەڕای تاوتوێکردنی چەند کاروبارێکی گشتی لیژنەکان، چەند بابەتێکی پەیوەست بە لیژنەی پارێزگاری گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، لەوانە گۆڕینی ناوی لیژنەکە.

٢. رۆژی ٢٠١٥/٥/٧ کۆبوونەوەی لیژنەکە لەگەڵ بەڕێز (د. ئاسۆ فەرەیدون) پارێزگاری سلێمانی. لەم کۆبوونەوەیەدا باسی کاری لیژنەکەو میکانیزمی هەماهەنگیو ئاڵوگۆڕی زانیاریو پتەوکردنی پەیوەندی کار لەگەڵ پارێزگارو لیژنەکە کرا، جگە لە گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێکی گشتی تر.

٣. رۆژی ٢٠١٥/٦/٦ دانای شەهید جەزا وەک سەرۆکی لیژنەو بەنوێنەرایەتی لیژنە بەشداریکرد لە کۆڕبەندی کورد بۆ پرسی میانڕەویی کە سەنتەری گەشەپێدانی لاوان لە هۆتێل (مەمو زین) ئامادەی کردبوو.

٤. نوێنەرانی لیژنەکە کە پێکهاتبوون لە (دانای شەهید جەزاو میدیا شێخ ئەحمەد) بەشدارییان کرد لە کۆبوونەوەیەک کە رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) بە هاوکاری رێکخراوی (ئێن. ئی. دی) ئەمریکی رێکیان خستبوو، مەبەست لە کۆبوونەوەکە دانیشتن بوو لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لە سنوری سلێمانی پەیوەندیدارن بە کارەکانی لیژنەکەوە، بە ئامانجی گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانیانو خستنەڕووی راو سەرنجەکان.

## سیانزە/ لیژنەی هونەریی (پلانو پرۆژەکانو ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانو گەشتوگوزار)

خەدیجە عەبدولجەبار ئەحمەد/ سەرۆک
هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم/ جێگر
رزگار حەمەنوری میرزا/ بڕیاردەر
بەناز حەمەڕەشید حەمەسەعید/ ئەندام
رێکەوت محەمەد زەکی ساڵح/ ئەندام
هۆشیار ئیسماعیل مستەفا/ ئەندام
زیاد حەمەڕەزا مستەفا/ ئەندام
رەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم/ ئەندام
میدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل/ ئەندام

### چالاکیەکان

### یەکەم/ کۆبوونەوە:

بۆ راپەڕاندنی کارەکانی، لیژنەکە ٩ کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەو ٩ کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکانی ئەنجامداوە.

### دووەم/ بەسەرکردنەوەو بەدواداچوون:

لیژنەکە بەدواداچوونی بۆ ئەم کێشەو پرۆژانە کردووە کە ئاکامی هەندێک لەوانە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە:

١- داواکاری هاوولاتیانی گەڕەکی ماردین/ سلێمانی
٢- کێشەی گرین سیتی.

٣- کێشەی هاوولاتیانی ناحیەی چوارقوڕنە/ کۆمپانیای ڤاری کارین.

٤- کێشەی هاوولاتیانی شاری رۆشنبیران/ کۆمپانیای ژاکۆ.

٥- کێشەی هاوولاتیانی سەردەم سیتی/ زیلاند.

٦- داواکاری گوندی سۆفیان/ ناحیەی بنگرد.

٧- داواکاری گوندی زێوکە/ ناحیەی ژاراوە.

٨- داواکاری هاوولاتیانی گوندی خوردەلوکی سەر بە قەزای دوکان.

٩- پڕۆژەی دروستکردنی تانکیو تۆڕی ئاو بۆ گوندی قەیتول لەگەڵ دروستکردنی تانکی (٣٠٠)م٣و راکێشانی هێڵی ئاوو دابەشکردنی ئاو لە قادرکەرەم.

١٠- پڕۆژەی دانانی مەسعەد بۆ باڵەخانەی سەید حەسەن لە سلێمانی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانییە.

١١- پڕۆژەی (دروستکردنی بینای دادنوسو نامەکان) لە هەڵەبجە.

١٢- پـڕۆژەی گەشەپێدانی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی (گۆیژە — ئەزمەر — دەباشان)

١٣- بەدواداچوون بۆ شێوازی دابەشکردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیەو ١٩ خانووی فەرمانبەران لە ناحیەکانداو پێشنیارکردنی ئالیەتێکو ناردنی بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ کارلەسەرکردنی لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە.

١٤- پڕۆژەی دروستکردنی (شەقامی دووسایدو کارەبای ژێر زەویو دانانی رووناکی) بۆ ناو بازاڕ لە رانیە/ ئیدارەی راپەڕین، لیژنەکە داوایکرد سەرۆکایەتی ئەنجومەن نوسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران/ لیژنەی پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ مەبەستی پشتگیری لە تەواوکردنی پڕۆژەکە.

١٥- پڕۆژەی بینای ئیدارەی راپەڕین.

١٦- سەبارەت بە داواکاریی خاوەن پشکەکانی چاڤی لاند، دوای بەدواداچوون، لیژنەکە راپۆرتێکیان ئامادەیەو پێشنیار دەکەن بخرێتە بەرنامەی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنەوە.

١٧- بەدواداچوون بۆ دانانی پێوەری ئاوی ماڵان لە گەڕەکەکانی هەڵەبجە.

١٨- بەدواداچوونی کێشەی ئامێری یاریکردنی منداڵان کە بەهۆی رەشەباوە تێکشکانو نزیکەی ١٧ منداڵ برینداربوو لە چاڤی لاندو هەندێک گەڕەکی سلێمانی.

١٩- بەدواداچوون بۆ کێشەی ماستەرپلانی هەڵەبجە کە لەساڵی ٢٠٠٨ەوە لەلایەن کۆمپانیای IGCOی ئەڵمانیەوە ئامادەکراوەو هەڵەو کەموکورتی زۆری تێدایە، لیژنەکە چەندین کۆبوونەوەی لەو بارەیەوە ئەنجامداوەو لەکۆتاییدا وەرگرتنی وەک ماستەرپلان رەتکرایەوەو داواکراوە بۆ دیزاینکردنی ماستەرپلانێکی نوێ. بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەکە سەردانی هەردوو وەزیری (پلاندانانو شارەوانی) کرد بۆ پێشکەشکردنی یاداشتێک لەسەر پێویستی دوو پرۆژەی گرنگ بۆ هەڵەبجەو ماستەرپلانێکی نوێ.

٢٠- بەدواداچوون بۆ کێشەو کەموکورتی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە- سیروان- سەیدسادق لە چەند کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمپانیای کۆری سانگ یۆنگ جێبەجێی دەکات.

٢١- پرۆژەی کڕینو دانانی بوستەرپەمپ لە بێستان سور/ عەربەت.

٢٢- دروستکردنی ژووری پاسەوانو تەواوکاری بۆ ئاوارەکانی عەربەت.

٢٣- پـرۆژەی دروستکردنی تانکی ئاوو راکێشانی ئاو لە گوندی (شەکرالی).

٢٤- پرۆژەی دروستکردنی تانکی ئاوو تۆڕی ئاو لە گوندی (گردی گۆ).

٢٥- بــەدواداچــوون بۆ كـارگـەی دۆشــاوی تەماتە لە سیروانو گەیاندنی كەموكورتییەكانی بە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، ئەوانیش مەیدانیی سەردانی پرۆژەكەیان كردو چارەسەری كەموكورتیەكانیان كرد.

٢٦- بەدواداچوون بۆ كێشەی داگیركردنی باخچەیەك لە گەڕەكی سەروەرانی (٢)و راگرتنی زیادەڕەوییەكەی.

٢٧- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ مەبەستی هەماهەنگی لە ٢٠١٥/٣/٣.

٢٨- پێشكەشكردنی دوو پرۆژە بۆ ئەنجومەن لەسەر جێبەجێكردنی سیستەمی كوالێتی (ISO)ی نێودەوڵەتی، تائێستا خوێندنەوەیان بۆ نەكراوە.

٢٩- پێشكەشكردنی یاداشتێك بە ئەنجومەن بۆ پێداویستی بەدواداچوونی شێوازی كاركردنو دامەزراندنی هاوولاتیان لە كۆمپانیای گازپرۆم، لیژنەكە سەردانی قائیمقامیەتو ئاسایشی شارەزووری كردو لە كۆتاییدا لەسەر پێشنیاری ئەوان پارێزگاری هەڵەبجە بڕیاریدا كە دامەزراندن تەنها لەڕێگەی یەكە ئیداریەكانەوە بێت نەك راستەوخۆ لەڕێگەی ئاسایشەوە.

٣٠- پرۆژەی تەواوكاری ڕێگای سەیرانگای ئەحمەدئاواو دروستكردنی ژوورێك بۆ پاسەوان لە سەیرانگای ئاوێسەر.

٣١- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ بەدواداچوونی كێشەی كۆمپانیای (ڕێناسی نوێ).

٣٢- ئامادەبوون لە ناحیەی سیروان بۆ چاودێری شێوازی دابەشكردنی (٥٠) خانوی حكومی بەسەر هاوولاتیاندا.

٣٣- بەدواداچوون بۆ پرۆژەی ڕێگای كەمپی زانكۆی هەڵەبجە كە

لەسەر داوای لیژنەکە، لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای سلێمانی سەردانی مەیدانییان کردو راپۆرتی پشتگیرییان نووسی بەوەی ئەو پڕۆژەیە پێویستە دەست بەکارەکانی بکرێتەوەو کێشەی سەرەکییە لەبەردەم زانکۆی هەڵەبجەدا بۆ خوێندنی ساڵی داهاتوو، بڕیارە لە ماوەیەکی کەمدا دەست بکرێتەوە بە ئیشوکاری پڕۆژەکە.

٣٤- سەرۆکی لیژنەی هونەری ئەندامی لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی شارەوانی هەڵەبجە بوو کە بابەتی بەدواداچوونەکە بە سێ کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە کۆتا گەیشت.

٣٥- کێشەی پارچە زەوی (لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان) کە دەیانەوێت بیکەن بە شوێنی نیشتەجێبوون، کێشەکە ئێستا لە لێکۆڵینەوەدایە.

## سێهەم/ چالاکیی هاوبەش:

لیژنەکە بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی یاساییو شارەوانیو کارگێڕی ئەم چالاکیانەی ئەنجامداوە:

١. لکاندنی هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) بە ئیدارەی راپەڕینەوەو لێکترازاندنیان لەقەزای دوکان، لەکۆبوونەوەی ئەنجومەن رۆژی هەینی ٢٠١٥/٤/٢٤ لەپشدەر پەسەندکرا.

٢. پێشنیارکردن بۆ پێکهێنانی لیژنەی مەیدانی بۆ (حاجی ئاوا) بەمەبەستی ناساندنی وەک قەزا.

٣. لێکترازاندنی ناحیەی بەمۆ لە قەزای خانەقینو ئیدارەی گەرمیانەوەو لکاندنی بە پارێزگای هەڵەبجەوە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە ٢٠١٥/٤/٢٨ پەسەندکرا.

٤. سەردانی مەیدانیی لە ٢٠١٥/٦/٧ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی خورماڵو گوندی (علی ئاوا)و داوای ناساندنی گوندێک بەناوی

(مەتا) لەسنوری ناحیەی خورماڵو سەردانی قەزای سەیدسادقو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەرزنجە (سرۆچک)و سەردانی مەیدانی گوندی (باراو)ی سەر بە ناحیەی بەرزنجە کە داوادەکەن بخرێنە سەر ناحیەی سیتەک.

٥. لەگەڵ لیژنە هاوبەشەکاندا بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنو پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە لیژنەکانی (یاساییو شارەوانیو هونەریو کارگێڕی)و نوێنەری شارەوانی سلێمانی تایبەت بە گرفتی گوندەکانی سنوری ماستەرپلانی شارەوانی سلێمانی.

## چوارەم/ چالاکیی دیکە:

سەرەڕای ئەو لایەنانی پێشوو، لیژنەکە ئەم چالاکیانەشی ئەنجامداوە:

١. وەرگرتنی رەزامەندیی پارێزگای سلێمانی بۆ لێدانی بیرێکی قوڵ بۆ مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە.

٢. وەرگرتنی رەزامەندیی پارێزگای سلێمانی بۆ کڕینی (٨) مۆلیدە بۆ یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی هەڵەبجە.

٣. ئەنجامدانی دوو سیمینار بۆ لیژنەکەو بەشداریی هەردوو لیژنەی پیشەسازیو شارەوانی بۆ بەڕێزان راوێژکاری خۆبەخشی پارێزگاری سلێمانی (ئەندازیار هۆشیار رەسوڵ)و بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی (فەرمان غەریب) لە هۆڵی ئەنجومەن.

## چواردە/ لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی

ئامانج نەجیب شەمعون/ سەرۆک
بەناز حەمەڕەشید حەمەسەعید/ جێگر
دیلمان عەزیز محەمەد/ بڕیاردەر
خەدیجە عەبدولجەبار ئەحمەد/ ئەندام
نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو/ ئەندام

### چالاکیەکان

#### یەکەم/ کۆبوونەوەی لیژنە:

لیژنەکە چوار کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداوە.

#### دووەم/ سەردانو بەدواداچوون:

لەمبارەیەوە لە راپۆرتی چالاکییەکانیاندا کە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان کردووە، نوسیویانە:

١. سەردانو کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەلاّیەتی سلێمانی پێشوو ئێستا بەئامانجی ئاشنابوونمان بە کارو چالاکیەکانیان، لەهەمانکاتدا ئاگاداربوون لە گرفتو کێشەکانیان.

٢. چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی کۆمەلاّیەتی پەرلەمانی کوردستانو خستنەڕووی کێشەو گرفتە گشتیەکانی کاروباری کۆمەلاّیەتی لەشاری سلێمانیو دەوروبەریو کێشە کۆمەلاّیەتیەکانی هاوولاّتیانی پارێزگاکە.

٣. سەردانو کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری کۆمەلاّیەتی

ناوچەی پشدەر لە رانیە بەمەبەستی ئاشنابوونمان بە کارو چالاکیەکانیان.

٤. سەردانی بەڕێوەبەری زیندانی گەورەمان کرد بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی زیندانیانو کێشەکانیانو چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی بەندیخانەکە لەگەڵیان.

٥. سەردانو کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری کۆمەڵایەتی ئیدارەی گەرمیان لە کەلار، بەمەبەستی ئاشنابوونمان بە کارو چالاکیەکانیان.

٦. بەشداریمان لە چالاکی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دژی ژنان کە بریتیبوو لە کۆبوونەوە لەگەڵ زیندانیانی حوکمدراوی ژنان لە زیندانی ژنانو روونکردنەوەی ئەرکو مافە تایبەتەکانیان.

٧. لەسەر پێشنیارو بەهەماهەنگی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە، سەردانی بەڕێز وەزیری پەروەردەمان کرد لە هەولێر، لەو سەردانەدا کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرو راوێژکارانو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت کرد بۆ خستنەڕووی پێشنیاری کردنەوەی باخچەی ساوایان وەک چالاکیی پشووی هاوینە بۆ منداڵانی فەرمانبەرو کەرتی تایبەت.

٨. بەشداریمان وەک لیژنەی کۆمەڵایەتی لە بەسەرکردنەوەی ماڵە شەهیدانی پاراستنی خاکو بوونمان دژ بەهێزی شەڕو تاریکی بەناو داعش. هەروەها چەند سەردانێکی دیکە لەبواری چالاکیی ژنان لەلایەن ژنە ئەندامەکانی لیژنەکەمانەوە.

٩. بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانو لیژنەی کارگێڕیو دارایی ئەنجومەن، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بۆ دانانی میکانیزمێکی کارکردن بۆ بەدواداچوون بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی لەبودجەی تەرخانکراو بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی کەمئەندامانو تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیو چاودێری خێزانو موچەی تایبەت.

١٠. وەڵامدانەی سەرجەم ئەو نوسراوانەی ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە.

## سێهەم/ بەشداریی کۆڕو سیمینار:

لەمڕووەوە لە راپۆرتی لیژنەکەدا چالاکیەکانیان بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە:

١. بەشداریمان لە سیمیناری رێکخراوی کیدۆ بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای کاروباری کۆمەلایەتی کە لیژنەی کۆمەلایەتی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی کردبوو.

٢. بەشداریمان لە کۆڕو سیمیناری خانەی بەساڵاچوان بەهاوکاری رێکخراوی چالاکی لاوان (YAO) کە تیایدا نمایشی کارو چالاکیەکانی بەساڵاچوان کرا.

## چوارەم/ پێشنیار:

١. پێشکەشکردنی پێشنیاری چەسپاندنی مافی ژنان لە پلەو پایە لە دەسەلاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی خۆجێیەتیەکانو حکومەتی هەرێمو پلە تایبەتەکان، کە بەنوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ژمارە (٥٤٩) لە ٢٠١٥/٧/٢ بەرزکرایەوە بۆ لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتانو لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان.

٢. پێشکەشکردنی پێشنیاری بەرزڕاگرتنی رۆڵی ژنانو بەبەشدارییان لە پاراستنی خاکو نیشتمانو شەهیدبوونیان لەم رێگایە، بەوەی داوا بکرێت لە شارەوانی بەناونانی یەکێک لە باخچە گشتیەکانی شاری سلێمانی بەناوی ژنە شەهیدی پێشمەرگە (نەقیب رەنگین یوسف).

## پانزە/ لیژنەی رۆشنبیریو هونەرو راگەیاندنو پاراستنی ئاسەوار

ئاڤان جەمال ئەحمەد/ سەرۆک

فەرهاد تۆفیق حەسەن/ جێگر

محەمەد عەبدولوەهاب عومەر/ بڕیاردەر

### چالاکیەکان

لە راپۆرتێکدا کە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان کردووە، چالاکیەکانیان بەم شێوەیە خستۆتەڕوو:

١. بەشداریکردنی سەرۆکی لیژنە وەک ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری جەژنی نەورۆزو ئەنجامدانی چەند چالاکییەک.

٢. سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەمان کرد لەبەرەکانی پێشەوە جەنگ لەسنوری پارێزگای کەرکوک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شارەکەو بەئامادەبوونی جێگرو سکرتێرو بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن.

٣. رۆژی دوو شەممە (٢٠١٥/٣/٩) لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای کرد، لەسەردانەکەدا بەدواداچوونمان کرد بۆ شوێنی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو کە داوای گواستنەوەیان کردبوو.

٤. رۆژی یەک شەممە بەرواری (٢٠١٥/٣/٢٩) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانیمان کرد بەمەبەستی ناساندنی لیژنەکەمانو ئەندامانی بۆ بەرێزیانو لەنزیکەوە ئاشنابوون بە کارو چالاکیو پرۆژەکانو گیروگرفتو کێشەکانیان.

٥. رۆژی چوار شەممە (٢٠١٥/٤/٨) لیژنەکەمان لەگەڵ رێکخراوەکانو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە کاروباری لیژنەکەمان کۆبووەوە، تێیدا

باسمان لە کارو چالاکییەکانو پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانو رێکخراوەکانو هاوولاتیان کرد.

٦. رۆژی (٢٠١٥/٤/٨) لیژنەکە سەردانی گوندی بێستان سوری کرد بۆ کێشەی گردی (یاسین تەپە) کە کێشەی خەڵکی ئەو گوندە هەبوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی، چونکە گردی یاسین تەپە گردێکی مێژوویی زۆر کۆنەو ئاسەواری دێرینی زۆر تێدایە. لیژنەکەمان بڕیاریدا ئەو گردە وا پێویست دەکات سیاجی بۆ بکرێت تا مەڕو ماڵات نەچێتە سەر ئەو گردەو نەشێوێنرێت، دواتر بە نوسراوی فەرمی داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کرد کە دەرخستەکانی بۆ بنێرن بە تێچووی سیاجی ئەو گردەو هەوڵدان بە سیاجکردنی بۆئەوەی هەم خەڵکی گوندەکە کێشەیان نەمێنێتو هەم گردەکە بپارێزرێت لە نەمانو شێواندن لەلایەن خەڵکی ناوچەکەو مەڕو ماڵاتەکانیانەوە. دەرخستەکەیان بەم دواییانە بۆ ناردین، ئێمەش هەوڵدەدەین بیبەینە لای پارێزگارو کاری جدی بۆ بکرێت.

٧. سەرۆکی لیژنەکە لە سەرەتاوە لەلایەن سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنەوە راسپێردرا بۆ دروستکردنی لۆگۆیەک بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دوای هەوڵێکی زۆر لۆگۆیەک پێشنیارکراو لە رۆژی ٤/١٤ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لە چەمچەماڵ بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

٨. لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەری رۆشنبیریو هونەری کرد بەمەبەستی پیرۆزباییو یەکترناسینو هەماهەنگی زیاتر لەنێوانمانداو باسکردنی کێشەکانی بوارەکە بەتایبەت بڕینی مینحەی دەزگا رۆشنبیریو هونەریەکانو کێشەی گەلەریەکەی سەردەم کە پێشتر ناڕەزایی هونەرمەندان بە نوسراو هاتە لامان بۆ بەدواداچوونی.

٩. رۆژی (٢٠١٥/٦/١) سەردانی وەزیری رۆشنبیری-مان کرد بۆ ناساندنی لیژنەکەمانو هەماهەنگیو باسکردن لە کێشەو گرفتەکانی بواری رۆشنبیریو

هونەریو کەلتوریو ئاسەوار، هەروەها چەند پێشنیارێکمان خستە بەردەم بەرێزیانو چەندین بابەتی دیمان باسکرد کە پەیوەندی بە رەوشی هونەرو هونەرمەندانو ئەدەبیاتەوە هەبوو.

١٠. وەک سەرۆکی لیژنە سەردانی قەزای ماوەتم کرد، بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە چوینە لای قایمقامو بۆ کێشەو گرفتەکانی ئەو ناوچەیە، دواتر لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکان کۆبوینەوە بۆ باسکردن لەخواستو داخوازیو گرفتەکانیان، هەر لەوێ چەند کێشەیەک هاتنە بەردەستمان لەوانە کێشەی نەبوونی سەنتەری رۆشنبیریو نەبوونی پێداویستی کتێبخانەو چەند بابەتێکی تر.

١١. رۆژی (٥/٣١) سەردانی ئیدارەی گەرمیانمان کردو لەسەر کێشەو گرفتەکانی ئەو دەڤەرە قسەمان کرد بەتایبەت کێشەی شوێنەوار لە کفری.

١٢. لیژنەکەمان لەسنوری ئیدارەی گەرمیان ئەم شوێنانەی بەسەر کردووەتەوەو بەدواداچوونی بۆ کردوون: شوێنەوارەکانی شاری کفری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری گەرمیان، پرۆژەی دروستکردنی هۆڵی رۆشنبیری کەلار، بەشداریو هاوکاری کەمپینی بەردەوامیی رۆژنامەی ئاوێنە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان. هەروەها لەرێگەی وەزیری داراییەوە توانیمان ئوتومبێلێک بۆ شوێنەواری گەرمیان دابینبکەین بۆ ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتیەکە.

١٣. بەشداریی چەندین وۆرکشۆپو سیمینارو کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ پسپۆڕانو مامۆستایانی تایبەت بە بوارە جیاکانو باسکردن لە رەوشی هونەریو کێشەکانی هونەرمەندانو ئەدیبانو چەندین بابەتی ترو ئامادەبوونمان لە پێشانگاکانو کارە هونەرییەکانی دیکە.

١٤. بەیاوەری بەڕێز پارێزگار سەردانی کارگەی جگەرەی سلێمانیمان کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ بەڕێزان قایمقامی نوێو

بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیریو هونەرو سەرۆکی شارەوانیو چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ لەبواری کەلتوریو هونەریو رۆشنبیری، بۆ باسکردن لە پرۆژەی کردنی کارگەی جگەرەی سلێمانی بەناوەندێکی هونەریو رۆشنبیری لەلایەن رێکخراوی کەلتوری بەردەوام بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری کارگەی جگەرە. دواتر هەر لە میانەی سەردانەکەماندا بەدواداچوونمان کرد بۆ زیادەڕەوی هۆتێل (ڕ) بۆ سەر موڵکی کارگەی جگەرەی سلێمانی.

١٥. لیژنەکەمان بەدواداچوونی کرد بۆ پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی هۆتێل (فەرەح)و دوکانەکانی ناوەندی بازاڕەکە کە خاوەن دوکانەکان گلەییان لە خودی پرۆژەکەو نۆژەنکردنەوەی دوکانەکان هەبوو کە گوایە جیاوازیی کراوە لە نێوانیاندا.

١٦. لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی سلێمانی کرد بۆ بەدواداچوون لەسەر کێشەی فەرمانبەرانی کتێبخانەی (عەربەت)و بانگهێشتی بەڕێوەبەری کتێبخانەی عەربەتمان کرد بۆ زیاتر روونکردنەوەو زانیاری لەسەر بابەتەکە.

١٧. بە هاوبەشی لیژنەی یاسایی لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ بەدواداچوون لەسەر کێشەی هاووڵاتی (ش. ک) بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ئ. س) بۆ کاری ریکلامی سەر شەقامەکانی سلێمانی، لە ئێستادا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریو ئەوەلیات و مەرجەکانی تەندەرەکەینو بەدواداچوونی وردی بۆ دەکەین.

١٨. لیژنەکەمان لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی شوقەکان بەسەر چینی رۆشنبیرانو هونەرمەندانو رۆژنامەنوساندا پێشنیاری خۆی هەبووەو داوایکردووە کە مەرجەکان لە خزمەت ئەو چینو توێژەدا بێت کە هیچ موڵکێکی بەناوەوە نییەو دانیشتوی شارەکە بێتو کرێچی بێت، چەندین جار لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە.

١٩. لیژنەکە چوار کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداوە.

# شانزە/ لیژنەی پەیوەندیەکانو کاروباری ئەندامانو ڕێکخراوە مەدەنیەکان

بەرزان محەمەد ساڵح/ سەرۆک
ڕزگار حەمەنوری میرزا/ جێگر
فەیسەڵ ئیبراهیم عەزیز/ بڕیاردەر
ئازاد محەمەد ئەمین/ ئەندام
دیلمان عەزیز محەمەد/ ئەندام

کارەکانی ئەم لیژنەیە خۆی دەبینێتەوە لە راییکردنی (کاروباری ئەندامانی ئەنجومەن) کە لە ماوەی رابردوودا تائێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەم کارەی خستۆتە ئەستۆی خۆی، ئەمە سەرەڕای دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

لەو چوارچێوەیەشدا لیژنەکە لە راپۆرتێکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کردووە، چالاکیەکانی بەم شێوەیە خستۆتەڕوو:

- لەگەڵ ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM)، چەندینجار کۆبوونەوەمان کردووەو پرۆژەیان هەیە بۆ ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ بۆ هاوکاریکردنی نزیکەی دوو هەزار خێزانی کەم دەرامەت لە پارێزگای سلێمانی.
- رۆژی ٢٠١٥/٣/٢ بەشداریمانکرد لە وۆرکشۆپێک کە ڕێکخراوی بەرەو هاونیشتمانیبوونی گەنجان سازیکردبوو سەبارەت بە ئاوارەکانی ناوخۆی وڵات، کە ماوەی سێ رۆژی خایاند لە هۆڵی هۆتێل رامادا.
- رۆژی ٢٠١٥/٣/٥ لەگەڵ (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)و

چەند رێکخراوێکی دیکە کۆبوینەوەو روونکردنەوەمان پێدان سەبارەت بە کاروباری لیژنەی کاروباری ئەندامانو پەیوەندیەکانی ئەنجومەن.

- رۆژی ٢٠١٥/٣/٨ پێشوازیمانکرد لە لیژنەی پەیوەندیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، دوای کۆبوونەوە بڕیارماندا لیژنەی هاوبەشی ئەنجومەنەکانی پارێزگای هەرێم پێکبهێنین کە نوێنەرایەتی ئەنجومەن بکەین بۆ پرسە گرنگەکان لە پەرلەمانو حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەند.
- رۆژی ٢٠١٥/٣/١٢ بەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، پێشوازیمان لە بەڕێوەبەری پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی کرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (دکتۆر ئیلی عون) باسی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنجومەنو رێکخراوی ناوبراو کرا.
- رۆژی ٢٠١٥/٤/١٥ بەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێشوازیمانکرد لە نوێنەری رێکخراوی هابیتاتو UNDPو گفتوگۆی پێویست کرا سەبارەت بە پرۆژەکەیان کە دروستکردنی شاری ئارامە لە سلێمانی وەک نمونە.
- رۆژی ٢٠١٥/٥/٢ کـۆبـوونـەوەی لیژنەی پەیوەندیەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە باڵەخانەی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیو هەماهەنگی لەنێوان ئەنجومەنو پەرلەمان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان.
- رۆژی ٢٠١٥/٦/٣ لەهۆڵی ئەنجومەن سیمینارێکمان سازکرد سەبارەت بەکاریگەری سۆز لە بەڕێوەبردنو سەرکردایەتیکردندا، کە ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی ئەنجومەن بەشداربوون.
- رۆژی ٢٠١٥/٦/١٠ وەک لیژنەی پەیوەندیەکان سەردانی شاری

دەربەندیخانو کەلارمان کرد بەمەبەستی پەیداکردنی زانیاری سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە دەڤەری گەرمیان.

- ڕۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ لەقاوەخانەی کلتوری بەشداری کۆبوونەوەیەکمان کرد کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەبەشداری راوێژکاری ڕێکخراوی (NED)ی ئەمریکی سازیدابوو.
- ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٨ لیژنەی کاروباری ئەندامان بە هاوکاری ڕێکخراوی سکالاو چاودێری، خولێکی راهێنانی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن سازکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەتەکێت، لەهۆڵی هۆتێل تایتانیک.
- ڕۆژی ٢٠١٥/٧/١ بەبەشداری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێشوازیمانکرد لە ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی.
- ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٢ لیژنەکەمان لەگەڵ ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان بڕیاریدا بەدواداچوون بکات بۆ بەهەدەردانی بودجەی وڵات لەڕێگەی موچەی تایبەتەوە.

## حەڤدە/ لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچو کۆچبەران

سێوە حەمەخدر/ سەرۆک
سەمەد ئیبراهیم محەمەد/ جێگر
ئاڤان جەمال ئەحمەد/ بڕیاردەر

لە راپۆرتی لیژنەکەدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کراوە، چالاکیەکانیان بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

١. لە بەرواری ٢٠١٥/٢/٣ سەردانی کەمپی عەربەتمان کرد بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەپێدانی پێداویستیە ماددیو مرۆییەکان، بەتایبەتی چۆنیەتی خەرجکردنی بڕی ئەو یەک ملیۆن دینارەی کە بۆ هەرماڵێکی ئاوارە دابینکرابوو، بەڵام ناعەدالەتی لەدابەشکردنیدا هەبوو.

٢. لە بەرواری ٢٠١٥/٨/٣ بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکرابوو بۆ پێدانی بە ئاوارەکان، سەردانی نوسینگەی کـۆچو کۆچبەرانی سلێمانیو لیژنەی باڵای پەنابەرانی عێراقیمان کرد. بڕیاری لیژنەکە ئەوەبوو کە هەر ماڵێک بێبەش بووە لەو بڕە پارەیە یان کەمی پێدراوە، دەتوانێت سکاڵا ئاڕاستەی لیژنەکەمان بکات بۆئەوەی ئەو مافەی بۆ بگەڕێنینەوە، دواتر ئیدارەی کەمپەکەمان ئاگادارکردەوە.

٣. ٢٠١٥/٢/٨ بەشداربوین لە نمایشکردنی کارو چالاکیەکانی ماڵی بەساڵاچوانو خستنەڕووی ئاستەنگو گرفتەکانی ئەم بەڕێوەبەرێتیە لە هۆڵی های کریست.

٤. ٢٠١٥/٣/١ لەگەڵ پارێزگارو بەیاوەری خانمی یەکەمی عێراق،

بەمەبەستی دابەشکردنی هاوکاری کە لەلایەن بەرپێزیانەوە دابین کرابوو، سەردانی کەمپی ئاوارەکانی عەربەتمان کرد. لەنزیکەوە گوێبیستی ئیدارەی کەمپەکە بوین، بە نوسراوێک سەرجەم پێداویستیەکانی ئاراستە کردینو ئێمەش بە نوسراوێک بەرزمانکردەوە بۆ جەنابی پارێزگار بۆئەوەی بتوانێت بۆیان دابینبکات.

٥. ٢٠١٥/٤/١٩ سەردانی لیژنە بۆ نوسینگەی مافی مرۆڤی کەلار بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کارو چالاکیەکانیان، دواتر پرۆژەیەکی (٦) خاڵییان لەرێگەی ئەنجومەنەوە پێشکەشکردین کە ئەمانەن:

- هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ مافەکانیان.
- دەرخستەیەک بۆ پرۆژەی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.
- دەرخستەیەک بۆ توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی (شێوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو کاریگەری لەسەر رەفتاری منداڵ).
- دەرخستەیەک بۆ ئەنجامدانی چالاکی تایبەت بە رۆژی جیهانی منداڵان لە ٢٠١٥/٦/١ لەسنوری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان.
- دەرخستەی شانۆگەری پێشمەرگە.
- دەرخستەی ئەو شمەکانەی کە پێویستن بۆ دروستکردنی قۆناغەکانی بەرنامەی (توانای تۆ).

وێڕای پشتگیریو دەستخۆشی زۆرمان بۆ ئەم پرۆژانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ بودجەیەکەوە لەئەنجومەنو قەیرانی داراییەوە، نەتوانراوە وەک پێویست هاوکارییان بکرێت، بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بە بڕیاری (٤٤٧) رۆژی ٢٠١٥/٦/١١ پرۆژەکانی رەوانـەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کردووە.

٦. ٢٠١٥/٥/٢٤ سەردانی قەزای دوکان بەمەبەستی ئاگاداربوون لە

چۆنیەتی دروستکردنی (کارتی زیرەک) کە نرخی تەنها (١٠) هەزار دینارە کە لەلایەن دوو فەرمانبەرەوە دروستکراوە، بەڵام مەبلەغی زیاتر لەو بڕە پارەیە وەرگیراوە بۆ زیاتر لە (٧٠٠) خێزانی ئاوارە، دواتر راپۆرتی لیژنەکە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرا، بە بڕیاری (٤٩٤) بەرواری ٢٠١٥/٦/٢٣ کۆنوسەکە رەوانەی نوسینگەی کۆچو کۆچبەرانی عێراق- سلێمانی کرا بۆ لێکۆڵینەوەو ئیجرائاتی پێویست.

٧. بەیاوەری پارێزگاری سلێمانی سەردانی ناحیەی بەرزنجەمان کرد بەمەبەستی کردنەوەی (١٥٢) کابینە بۆ ئاوارەکان کە لەلایەن رێکخراوی (UNDP)و هابیتات-ەوە ئەنجام درابوون.

٨. سەبارەت بە سکاڵای ئەو (٥٠) هاوولاتییەی کە خێزانی ئاوارەبوونو چەکی قەرەبووکردنەوەیان ئاڵوگۆڕ پێکرابوو لەجیانی ئەمان کەسانی تریان بە مەحسوبیەت پێش خستبوو، دوای هەوڵو پەیوەندییەکی زۆر لەگەڵ بەڕێوەبەری نوسینگەی کۆچو کۆچبەرانی هەولێرو بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی پارێزگا، قەرەبووی هەر پەنجا خێزانەکە دەکرێتەوە بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان ژمارە (٩٠٠٠) بەرواری ٢٠١٥/٤/٣٠.

٩. سەبارەت بە کێشەی هەر سێ فەرمانبەرەکەی کۆچبەران، ئەوانیش گەڕاونەتەوە فەرمانگەکەی خۆیان دوای هەڵوەشاندنەوەی تەنسیبەکەیان.

١٠. سکاڵای (رێکخراوی سەربەخۆی پەنابەرانی رۆژهەلات) کە خۆی لە یاداشتێکی (٨) خاڵیدا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی لەسنوری دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بۆیە بە نوسراوێک رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنمان کرد تا لەڕێگەی خۆیانەوە رەوانەی نوسینگەی پەرلەمانی

سلێمانی بکەن، تاکو بتوانن یاسایەک یاخود ڕێنماییەک دەربکەن سەبارەت بەو پەنابەرانەی ڕۆژهەڵات بۆئەوەی مافی خۆیان پێ بدرێتو کار ئاسانییان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بۆ بکرێت.

١١. سەبارەت بە سکاڵای (سەرۆکی لەسەرکارلادراوی یەکێتی نابینایانی کوردستان– مەڵبەندی گشتی سلێمانی) دوابەدوای بەدواداچوونمان بۆ کێشەکەیان، ئەم ڕێکخراوە سەر بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک)ەو دورە لە سنوری چاودێریی ئەنجومەنەوە.

١٢. ٢٠١٥/٤/٢٨ سەردانی بەشی ژمێریاریو گەشەپێدان لەناو دیوانی پارێزگا بەمەبەستی بەدواداچوون لە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو برە پارانەی کە بۆ کەمپی کوردانی ڕۆژئاوا تەرخانکراون.

١٣. ٢٠١٥/٣/٣١ بەشداربووین لە سیمینارێک لەسەر کەمپینی (پاراستنی دیمۆگرافیای کوردستان لەهاتنی بەلێشاوی ئاوارە عەرەبەکان) لەهۆڵی یەکێتی کەمئەندامان.

١٤. لەسەر سکاڵای کوردانی شەبەکو ئێزدی لەناحیەی پیرەمەگرون سەبارەت بە بێبەشبوونیان لەو کۆمەکو هاوکاریانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی (IOM) دابینکراوە، دوای پەیوەندیکردن بە بەشی کارگێڕی ناحیەکەو سەرۆکی لیژنەی دابەشکردنی هاوکاری بۆ ئاوارەکان، بەڕێزیان سکاڵاکەیان پشتڕاستکردەوە کە ئەو ڕێکخراوە تەنها گرنگی بەعەرەبەکان دەدات نەک کوردانی شەبەکو ئێزدی، دواتر ئاگاداری هۆبەی فریاکەوتنی پارێزگامان کردەوە کە ئەو ڕێکخراوە ئاگادار بکەنەوە لەئەگەری دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکە.

١٥. ٢٠١٥/٦/٧ سەردانی نوسینگەی مافی مرۆڤی سلێمانی بۆ هەماهەنگی زیاتر لە کاروبارەکانماندا بەهاوکاری یەکتر.

١٦. سکاڵای هاووڵاتی (م. ع. ر) کە دوو ساڵ و نیوە زیندانی

کراوەو (٣٣) ساڵ بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە، کوڕە ئەنفالیشە، داواکاریەکەیمان ڕەوانەی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە بە بڕیاری (٤٩١) لە ٢٠١٥/٦/٢٣ ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشتی کراوە کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان کاری لەسەر بکرێت.

١٧. ٢٠١٥/٦/٢١ سەردانی بەڕێوەبەرێتی کۆچو کۆچبەران بەمەبەستی گەیاندنی سکاڵای هاووڵاتیو پێدانی زانیاری لەسەر ئەو بەڕێوەبەرێتییە. تائێستا لەسنوری پارێزگای سلێمانی تەنها ٤٠٢ خێزان قەرەبو کراونەتەوە، ئەوانەی کە ئاوارەی دەرەوە بوون بەهۆی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە، بەبەراورد لەگەڵ پارێزگای هەولێردا کە ٢٨٠٣ خێزان قەرەبوو کراونەتەوە، کە ئەمەش نارێکیو ناهاوسەنگییەکی زۆری تێدایە، کە بەهۆی ئیدارەی ئەو بەڕێوەبەرێتییەوە ئەنجام دراوە.

# کۆبوونەوەی لیژنەکانو
# لایەنە پەیوەندیدارەکان

یەکێک لە چالاکیەکانی ئەم پرۆژەیە (پرۆژەی بەشداریپێکردنو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هاوولاتیان) بریتیبوو لە ئەنجامدانی ١٠ کۆبوونەوە بۆ لیژنە جیاوازەکانی ئەنجومەن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو هاوولاتیاندا، بەمەبەستی یەکترناسینو خستنەڕووی کێشەو گرفتەکانو پێشکەشکردنی سەرنجو پێشنیارو پرۆژە بە لیژنەکان.

بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بۆ کۆبوونەکان ئامادەیکردبوو، لەسەرەتاوە بوار بە لیژنەکە دەدرا خۆیان بناسێننو دەربارەی دەسەلاتەکانو بەرنامەو پرۆژەکانیان بدوێن. دواتــر بەشداربووان سەرنجو رەخنەو پێشنیارەکانیان ئاراستەی لیژنەکە دەکرد، هاوکات لەرێگەی فۆرمێکی تایبەتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوەکەمان ئامادەیکردبوو، سەرنجو رەخنەکان دەنوسرانو وێنەیەکی دەدرایە لیژنەکە.

سەرەڕای لێکنزیککردنەوەی هاوولاتیانو ئەنجومەن، ئەمجۆرە کارانە فراوانکردنی سنوری چاودێرییە لەسەر دەزگاکانو پێدانی رۆڵە بە هاوولاتیان بۆ ئەوەی لە دوای هەڵبژاردنەکان، لە نوێنەرەکانیان دانەبڕێنو بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکەن.

لێرەدا بە کورتی ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان دەخەینەڕوو.

## یەکەم/ لیژنەی پەیوەندیەکانو کاروباری ئەندامانو ڕێکخراوە مەدەنیەکان

بەروار: ٢٠١٥/٣/٥

کات: ٤ی پاش نیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری گەشەپێدانی لاوان

ئامادەبووانی لیژنە

بەرزان محەمەد ساڵح- سەرۆکی لیژنە

بەشداربووان

٧ کەس بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانیان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

پاش کردنەوەی کۆبوونەوەکەو خستنەڕووی ئامانجو بەرنامەکەی، سەرۆکی لیژنە باسی ئەرکو دەسەڵاتو بەرنامەی لیژنەکەیانی کردو ئاماژەی بە چەند خاڵێک کرد، لەوانە:

١. بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێکخراوانەی تۆمارکراون، بەڵام هیچ کارو چالاکیو خزمەتێک ناکەن.

٢. گرنگیدان بە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی شارو بەشدارییپێکردنیان لە کۆنگرەو کۆبونەوەکان.

پاشان گفتوگۆیەکی فـراوان لە نێوان ئامادەبوواندا لەسەر کاری ڕێکخراوەیی لە شاری سلێمانیدا دەستیپێکردو بەشداربووان ڕەخنەیان لە ناوو پسپۆڕی لیژنەکە گرت، کە چەند کارێکی لەخۆگرتووە کە دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی لیژنەکە بەسەر ژمارەیەک پرسداو لەکۆتاییدا خزمەتی باش بەهیچ لایەکیان ناکات. لە بەرامبەردا سەرۆکی لیژنە لەگەڵ بەشداربووان هاوڕابوو داوای کرد ئەو داواکارییە بەفەرمی پێشکەشی ئەنجومەن بکەن. گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاندو بڕیاردرا پەیوەندیو هاوکاریەکانیان بەردەوام بن.

## دووەم/ لیژنەی رۆشنبیریو هونەرو راگەیاندنو پاراستنی ئاسەوار

بەروار: ٢٠١٥/٤/٨

کات: ٤ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری گەشەپێدانی لاوان

ئامادەبوانی لیژنە

ئاڤان جەمال- سەرۆکی لیژنە

فەرهاد تۆفیق- جێگری سەرۆکی لیژنە

محەمەد عەبدولوەهاب- بڕیاردەری لیژنە

بەشداربووان

بە دەیان نوێنەری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانو کتێبخانەکانو رێکخراوەکان ئامادەبوون.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا لەلایەن رێکخەری پڕۆژەکەوە تیشکخرایە سەر پڕۆژەکەو ئامانجەکانی، هەروەها ئەجێندای کۆبوونەوەکە بۆ ئامادەبووان روون کرایەوە.

دواتر لە دوو وتەی جیادا، سەرۆکو جێگری لیژنەکە ئەرکو دەسەڵاتو بەرنامەی لیژنەکەیان بۆ بواری رۆشنبیریو هونەر خستەڕوو، باسیان لەوەکرد کە دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کاریگەری هەبووە لەسەر ئیشو کارەکانیان. ئاماژەیان بەوەشکرد کە سلێمانی پایتەختی رۆشنبیرییەو دەبێت لەو بوارەدا گرنگی زیاتری پێ بدرێت. هەروەها راشیانگەیاند کە بەهۆی فراوانی بوارەکەیانەوە، بەم لیژنە بچوکە دەشێت بە سەرجەم کارەکان رانەگەن، بۆیە خوازیارن لە لایەن فەرمانگەو رێکخراوەکانەوە هاوکاریی بکرێن.

دواتر بەشداربووان بەشداریی گفتوگۆکانیان کردو چەندین گرفتیان لە بواری رۆشنبیریو هونەر باسکرد، لەو چوارچێوەیەشدا نوێنەری کتێبخانە حکومیو ئەهلیەکان لەسەر رەوشی خوێندنەوەو چاپو بڵاوکردنەوە دووانو ئاماژەیان بەوەکرد کە بوارەکە پێویستی بە ئاورلێدانەوەی جدی هەیە.

هەروەها بە بەشداری هەمووان گفتوگۆیەکی فراوان لەسەر بوارەکە کراو سەرنجو بیروڕاکان ئاڵوگۆڕ کران. لە کۆتاییدا بەڵێنی هاوکاریو هەماهەنگیو کاری هاوبەش بە یەک درا.

## سێیەم/ لیژنەی تەندروستیو ژینگە

بەروار: ٢٠١٥/٤/١٣

کات: ٤ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: هۆڵی کۆبوونەوەکانی رادیۆی نەوا

ئامادەبووانی لیژنە

رێبوار ئەحمەد- سەرۆکی لیژنە

میدیا شێخ ئەحمەد- جێگری سەرۆک

هوشیار ئیسماعیل- بڕیاردەری لیژنە

بەشداربووان

بە دەیان کەس بە نوێنەرایەتی فەرمانگەکانی تەندروستیو ئاوو نەخۆشخانە ئەهلیەکانو هەروەها پزیشکو ئەندازیارانو نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لە بواری ژینگەو تەندروستیدا کاردەکەن، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

لە سەرەتادا لیژنەکە دەربارەی کارو دەسەڵاتەکانیانو گرفتەکانی بەردەمیان دوانو بە گشتی ئەم بابەتانەیان خستە روو:

- بوونی زیاتر لە (٥) هەزار کارگە لە نێو ماڵەکانو شوێنی نیشتەجێبوون کە ئەمە دژی هەموو پێوەرە جیهانیەکانە.
- پیسکردنی ژینگە لە لایەن هاوولاتیانو کارگەکانەوە کە پێویستی بە هەڵمەتێکی هۆشیاریی فراوان هەیە بۆ رێگە لێگرتنی.
- لیژنەکە هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ هاوولاتیان.
- لیژنەکە بەدواداچوونی کردووەو دەکات بۆ هاوردەکردنی دەرمانو کوالێتیو نرخەکانیو جێبەجێکردنی رێنماییەکانی تایبەت بەو بوارە.

- هەوڵیانداوە بۆ کردنەوەی بەشی فریاکەوتنو پزیشکی دادی لە (نەخۆشخانەی شار).
- لیژنەکە لەڕێگەی سەردانی مەیدانیو کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی، سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکانن.

پاشان بەشداربووان گفتوگۆیەکی چڕیان لەسەر بابەتەکە لە ماوەی دوو کاتژمێردا ئەنجامدا، هەندێکیان پێیان وابوو لیژنەکە دەسەلاَتی کارکردنی نییە لەسەر بیمەی تەندروستیو ئەو بابەتە کاری پەرلەمانە، بەشداربوویەکی دیکەش بەباشیدەزانی لیژنەکە کاربکات بۆ ئەوەی کارگەکان فلتەری تایبەت دابنێن بۆ ئەوەی دوکەڵو پاشماوەی پیس نەکەنە دەرەوە، بە تایبەتی کارگەکانی چیمەنتۆ.

سەرنجێکی دیکە کە ئاڕاستەی لیژنەکە کرا، ئەوەبوو کە پێویستە بەدواداچوون بکەن بۆ عیادەکانی لاکۆلاَنو لە بوونی مەرجە تەندروستیەکان تیایاندا بکۆڵنەوە. هەروەها چەندین پرسی دیکە رووبەڕووی لیژنەکە کرانەوە لەوانە: داواکاری زیادکردنی رووبەری سەوزایی، پرۆسەی لەناوبردنی خۆڵو خاشاک لە (تانجەرۆ)، کاریگەری مۆلیدە ئەهلیەکان لە پیسبوونی ژینگەدا، دابینکردنی نەخۆشخانەی گەورەی منداڵبوون بە پێوەری جیهانیو هۆشداریدان لە زیادبوونی نەشتەرگەری منداڵبوون. هەروەها بەدواداچوون بکرێت بۆ کاری نایاسایی هەندێک سەنتەری جوانکاریو ئارایشتگە.

## چوارەم/ لیژنەی سکاڵاو بەدواداچوونو دەستپاکی

بەروار: ٢٠١٥/٥/١١

کات: ٣ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: هۆڵی کۆبوونەوەکانی رادیۆی نەوا

ئامادەبووانی لیژنە

ئەنوەر تاهیر محەمەد- سەرۆکی لیژنە

بەشداربووان

نزیکەی ٢٠ کەس بە نوێنەرایەتی رێکخراوو فەرمانگەکانی پەیوەست بەم بوارەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

هەرچەندە ئەندامانی لیژنەکە بە کارتی بانگهێشتنامەو تەلەفۆنو سەردان لە کۆبوونەوەکە ئاگادارکرابوونەوە، بەڵام هیچ کامیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارنەبوون، پاش تێپەڕینی زیاتر لە کاتژمێرێک، سەرۆکی لیژنەکە بەشداری کۆبوونەوەکەی کردو بە ناوی لیژنەکەوە داوای لێبوردنی لە بەشداربووان کرد.

سەرۆکی لیژنە لە وتەیەکی کورتدا باسی تایبەتمەندیو دەسەڵاتو ئەرکەکانی لیژنەکەی کرد، ئاماژەی بەوەشکرد کە تائێستا ١٠٥ سکاڵای جۆراوجۆریان بۆ هاتووە لە سەر کێشەی موڵکداری، رۆتیناتو پێشێلکردنی مافو هتد... وتیشی کە بەدواداچونیان بۆ زۆرێک لەو سکاڵایانە کردووە، بەشێکیان چارەسەرکراون، بەشێکیان کاریان تێدا دەکرێتو هەندێکیشیان لە دەسەڵاتی ئەواندا نەبووەو سکاڵاکارەکانیان لێ ئاگادار کردۆتەوە.

دواتر بەشداربووان چەندین سەرنجو پێشنیاریان خستەڕوو، لەوانە:

- پێویستی دانانی سندوقی سکاڵا لە فەرمانگەکان بەتایبەتی بۆ قەزاو ناحیەکان.

- رەخنەی ئەوەیان لە لیژنەکە گرت کە ئەندامەکانی پسپۆڕنین لە بوارەکەداو ئەزمونیان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکانیان بەجوانی بەڕێوەنەبەن.

- باسی زیادبوونی ژمارەی قەزاو ناحیەکان کرا کە کاردەکاتە سەر بودجەی هەرێم، هەروەها باسی بندیوارو فەرمانبەری زیادو گەندەڵی دارایی‌و کارگێڕی کرا.

- گفتوگۆ کرا لەسەر دانانی ئالیەتێک بۆ لێپێچینەوە لە کۆمپانیاکان‌و کەرتی تایبەت.

## پێنجەم/ لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیو هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن

بەروار: ٢٠١٥/٥/٢١

کات: ٢ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری بابان

ئامادەبووانی لیژنە

رێبوار ئەحمەد- ئەندام

هاوژین ئیسماعیل- ئەندام

بەشداربووان

٢١ کەسو لایەنی بانگهێشتکراو ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کە هەندێکیان لایەنی فەرمی بوون، وەک: (نوێنەرانی دەزگاکانی هاتوچۆو رێگاوبان) هەندێکیان رێکخراوو سەندیکا بوون، وەک: (سەندیکای گواستنەوەو کۆمەڵەی سەلامەتی هاتوچۆ)، هەندێکیشیان کۆمپانیاو نوسینگەی ئەندازیاریو پسپۆڕانی بوارەکەو هاووڵاتی ئاسایی بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا رێکخەری پرۆژە بە کورتی رێکخراوەکەو پرۆژەکەی بە ئامادەبووان ناساندو مەبەستو بەرنامەی کۆبوونەوەکەی شیکردەوە، دواتر هەردوو ئەندامی ئامادەبووی لیژنەکە دەربارەی ئەرکو بەرنامەو دەسەڵاتەکانی لیژنەکەیان دوانو وردەکاری تەواویان خستەڕوو.

ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە لە ماوەی نزیکەی دوو کاتژمێردا گفتوگۆیان لەگەڵ لیژنەکە کرد.

دەربارەی پرسی خزمەتگوزاریی شارەوانی، سەرنجەکان لەسەر پرسی زیادەڕەوی چڕ ببوونەوەو داواکرا ئەنجومەن بەدواداچوونی زیاتر بۆ مەسەلەکە بکاتو لە زیادەڕەویەکانی سەر موڵکی گشتیو زەویە

کشتوکاڵیەکانو زیادەڕەوی ناوشارو سەر شۆستەکان بکۆڵێتەوە.

سەبارەت بە پرسی هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن ئاماژەکرا بە گرفتی خراپی ڕێگەوبانو زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ وەک هۆکاری یەکەمی مردن لە پارێزگای سلێمانی. لەو ڕووەوە پێشنیارکرا کار بۆ بنیاتنانی گواستنەوەی گشتی بکرێتو بەرنامەی پێویست بۆ سەلامەتی هاتوچۆ دابنرێت.

سەرەڕای گفتوگۆکان، بەشداربووان لە فۆڕمی تایبەتدا کە ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان ئامادەیکردبوو، سەرنجو پێشنیارەکانیان بە نوسراو ئاڕاستەی لیژنەکە کرد، هەندێک لە لایەنەکانیش داوای کۆبوونەوەی تایبەتیان لە لیژنەکە کردو ژمارە تەلەفۆنو ناونیشان لە نێوانیاندا گۆڕرایەوە.

## شەشەم/ لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو

بەروار: ٢٠١٥/٦/٣

کات:٣ی پاش نیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری بابان

ئامادەبووانی لیژنە

فەرهاد تۆفیق- سەرۆکی لیژنە

رەسوڵ ئیسماعیل- جێگری سەرۆکی لیژنە

سەمەد ئیبراهیم- بڕیاردەری لیژنە

بەشداربووان

زیاتر لە ١٠ کەس بە نوێنەرایەتی فەرمانگەکانی ئاوی ناوشار، سەرچاوە ئاویەکان، بەنداوی دوکـان، کشتوکاڵو زەویـوزار، هەروەها ژمارەیەک شارەزاو ئەندازیارو رێکخراوی ناحکومی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

لەسەرەتادا لە لایەن لیژنەکەوە باس لە دەسەڵاتو بەرنامەی کاری لیژنەکە کراو هەروەها ئاماژە بەو چالاکیانەش کرا کە لیژنەکە لە ماوەی رابردوودا ئەنجامیداون، بەتایبەتی لە بواری بەدواداچوونی کێشەی زەوی کشتوکاڵیو کێشەی جوتیارانو کشتوکاڵ بە گشتی.

دواتر بەشداربووان لە ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێردا چەندین سەرنجیان ئاڕاستەی لیژنەکە کرد، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- پیسبوونی ئـاوی خـواردنــەوەو دروستبوونی مەترسی لەسەر وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاوو نەبوونی سیستەمی پاککردنەوەی ئاو.
- نەبوونی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە کشتوکاڵیەکان، لەوانە وەستاندنی پڕۆژەی بەنداوی سورقاوشان لە دوکان.
- بەکرێدانی عەلوەی سلێمانی بەکەرتی تایبەتو وەرگرتنی باجی ٪٧

قورسایی لەسەر جوتیاران دروست کردووە.

- پیسبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی بە مەوادی کیمیاوی لە خانووە پلاستیکیەکانو گەیاندنی بە دەستی هاووڵاتیو بەکاربەر، بەبێ ئەنجامدانی بەدواداچوونی پێویست لەلایەن حکومەتەوە.
- مەترسی زۆربوونی زێدەڕۆیی بۆ سەر زەوی کشتوکاڵی.
- پێشنیاری دروستکردنی بازاڕ بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی جوتیاران لە ناوچەکانی خۆیان، بۆ رزگاربوونیان لە کێشەی گواستنەوەی بەرهەمەکانیان.

لەکۆتاییدا لیژنەکە بەڵێنی هاوکاریو بەدواداچوونی بۆ هەموو بابەتەکان داو ژمارە تەلەفۆنو ناونیشان گۆڕرایەوە بەمەبەستی دروستکردنی هاوکاری لەنێوان لیژنەکەو هاووڵاتیانو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

## حەوتەم/ لیژنەی پارێزگاری (ئاسایش، پۆلیس، بەرگری شارستانی)

بەروار: ٢٠١٥/٦/١٨

کات: ٤ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: هۆڵی کۆبوونەوەکانی رادیۆی نەوا

ئامادەبووانی لیژنە

دانا محەمەد جەزا- سەرۆک

میدیا شێخ ئەحمەد- ئەندام

بەشداربووان

ئامادەبووان پێکهاتبوون لە قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی، بەڕێوەبەری هونەری لە پۆلیسی رۆژهەلاتی سلێمانی، نوێنەری پۆلیسی سەرچنارو بەختیاری، پۆلیسی نەوجەوانان، پۆلیسی فریاکەوتن، نوێنەری سەندیکای پارێزەرانو هتد...

سەرەتا لە لایەن رێکخەری پرۆژەکەوە بەرنامەی کۆبونەوەو ئامانجی پرۆژەکە بۆ ئامادەبووان روونکرایەوە.

پاشان نوێنەرانی لیژنەکە دەسەلاتەکانی لیژنەکەیان باسکردو ئاماژەیان بەوەکرد کە دەتوانن چاودێری هەموو فەرمانگە ئەمنیەکان (جگە لە پێشمەرگە) لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا بکەن. باسیان لەوەشکرد کە بەنیازن ناوی لیژنەکە بگۆڕن بۆ (لیژنەی ناوخۆ). ئەوەشیان خستەڕوو کە بەشێوەیەکی بـەردەوامو مەیدانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بەسەر دەکەنەوەو لە سەر گرفتو کەموکورتیەکانیان لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکەنەوە.

دواتر بەشداربووان باسی کێشەو گرفتەکانیان کرد کە بە هۆکاری

ئەمنی لێرەدا ئاماژەیان بۆناکەین، هاوکات چەند پێشنیارێک خرانە روو کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- دامەزراندنی کارگەیەکی سەربازی بۆ دابینکردنی جلو کەلوپەلی پۆلیسیو رێگرتن لە مامەڵەکردن پێوەی لە بازاڕی ئاساییدا.
- کردنەوەی بەنزینخانەی تایبەت بۆ ئۆتومبێلی دەزگا ئەمنیەکان.
- دابینکردنی دەرماڵەی تایبەت بە ئەفسەری لێکۆڵینەوە.
- کاراکردنی سیستەمی (جی پی ئێس) لەناو ئۆتومبێلی دەزگا ئەمنیەکاندا.
- ئاسانکاری بۆ پارێزەران بۆ بینینی دۆسیەکانی بریگرتەکانیان لە ئاسایش.
- دابینکردنی پێداویستی تایبەت بۆ بەرگری شارستانی.

ئەمانەو چەندان پرسی دیکە لە ماوەی دوو کاتژمێردا تاووتوێ کران.

## هەشتەم/ لیژنەی شەهیدانو ئەنفالو کیمیابارانو جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر

بەروار: ٢٠١٥/٨/١٢

کات: ٤ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بابان

ئامادەبوانی لیژنە

سەلمە فاتح تۆفیق- سەرۆکی لیژنە

زیاد حەمەڕەزا مستەفا- بڕیاردەری لیژنە

بەشداربووان

زیاتر لە ١٧ نوێنەری فەرمانگەو دامەزراوەو رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کە لە بوارەکانی ئەنفالو جینۆسایددا کاردەکەن، ئامادەبوون.

پاش دەستکردن بە کۆبوونەوەکەو ناساندنی پرۆژەکەو شیکردنەوەی مەبەستو بەرنامەکەی لەلایەن رێکخەری پرۆژەوە، سەرۆکو بڕیاردەری لیژنە، ئەرکو کارو دەسەڵاتی لیژنەکەیان خستەڕوو.

سەبارەت بە کاری داهاتووشیان ئاماژەیان بە چەند خاڵێک کرد لەوانە: دروستکردنی سەنتەرێکی تایبەت بە کەمئەندامی سەنگەر، بنیاتنانەوەی ناوچەکانی پاشماوەی شەڕو کیمیاوی، دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانو لابردنی زۆربەی پێشینەکانو پسوڵەی نەخۆشخانە لەسەریانو کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە شەهیدان. هەروەها چەندین چالاکی لیژنەکەیان لە ماوەی رابردوودا خستەڕوو.

دواتر دەرگای گفتوگۆ بۆ بەشداربووان کرایەوە، بە گشتی سەرنجو داواکاریو پێشنیارەکانیان خۆی لەم چەند خاڵە دەبینیەوە:

- بەبیرخستنەوەی لیژنە بە خەرجکردنی دەرماڵەی خوێندکارانی کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش وەکو پێشتر بڕیاری لێدراوە، کە ئێستا ئەو قەرەبووە لە سلێمانی خۆی لە (٣) ملیار دینار دەدات، بۆیە داوایانکرد

بۆیان سەرف بکرێت، یاخود بەو پارەیە زانکۆیەکیان بۆ دروستبکەن.

- هەوڵدان بۆ هێنانەدی دادپەروەری لە دابینکردنی موچەی شەهیدو کەمئەنداماندا و خەرجکردنی بە شێوازێکی شایستە.

- داوای پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بە لیستی شەهیدانو پاڵفتەکردنی.

- پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکی پێویست بۆ کەسوکاری شەهیدان.

- فشارخستنە سەر حکومەت بۆ هەمواری یاسای شەهیدانو کەمئەندامان.

- ئاماژەکردن بە هەبوونی ٣٠٧ بڕیاری دابەشکردنی زەوی لە سلێمانی کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراون.

- ٢٠٨ پارچە زەوی بۆ کەسوکاری شەهیدان تەرخانکراوە، بەڵام هەتا ئێستا دابەشنەکراوە بەسەریاندا.

- بێبەشبوونی ١٠٠٠ خێزانی شەهید لە پێدانی زەوی.

- هەبوونی زیاتر لە ٤٠٠٠ کەمئەندامی سەنگەر لە سلێمانی، زۆرێک لەمانە خەرجی نەخۆشیو کەمئەندامیەکەیان لە موچەکەی خۆیان دەیکێشن، ئەمەش بارگرانی بۆ دروستکردوون.

- شایستەنەبوونی شوێنی دابەشکردنی موچەی شەهیدانو کەمئەندامانی سەنگەر.

- پێشنیارکرا بۆ کردنەوەی پەیمانگەی تایبەت بە توێژینەوەو خوێندن لەسەر ئەنفالو جینۆساید.

- داواکرا پێناسێکی تایبەت بەکەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانو کەمئەندامانی سەنگەر دروستبکرێت بۆئەوەی لە هەموو فەرمانگەو دامەزراوەکان کارئاسانییان بۆ بکرێت.

لە کۆتاییدا بەشداربووان بەڵێنی هاوکاریو کاری پێکەوەییان بەیەکداو ژمارە تەلەفۆنو ناونیشانی یەکتریان وەرگرت.

## نۆیەم/ لیژنەی کاروباری یاسایی

بەروار: ٢٠١٥/٨/١٨

کات: ٤ی پاشنیوەڕۆ

شوێن: سەنتەری رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بابان

ئامادەبووانی لیژنە

سەباح فەتاح- سەرۆک

ئەنوەر تاهیر- جێگر

بەشداربووان

١١ نوێنەری یاسایی فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی ئامادەبوون، وەک نوێنەرانی: پەروەردە، دادنوس، پۆستە، ژینگە، ئاو، وەبەرهێنان، کارەبا. هەروەها نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

پاش دەستکردن بەکۆبوونەوەکەو شیکردنەوەی مەبەستو بەرنامەکەی، سەرۆکو جێگری لیژنە باسی ئەرکەکانو دەسەڵاتو بەرنامەی لیژنەکەیان بە گوێرەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کرد، بە گشتی چەند سەرنجێکیان خستەڕوو، لەوانە:

- یەکەم کاری لیژنەکەیان بریتیبووە لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە.

- دەتوانن بڕیارو رێنمایی دەربکەن بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕیی فەرمانگەکان.

- تێبینییان لەسەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیەو لەو بارەیەوە پێشنیاری هەموارکردنەوەی چەند مادەیەکیان ئامادەکردووە.

- داوایانکردووە دەسەڵاتی وەزارەتەکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا داببەزێت.

- زۆرێک لەو کەیسانەی هاتۆتە بەردەستیان بریتیبووە لە داواکاریی

گۆڕینی ناحیە بۆ قەزاو قەزا بۆ ئیدارەی سەربەخۆ، لەبەرئەوە لیژنەکەیان هەستاوە بە دانانی چەند مەرجێک بۆ کردنی هەر ناوچەیەک بە ناحیە یان قەزا یان ئیدارەی سەربەخۆ، لە ئێستادا کار بەو ڕێنماییە نوێیە دەکرێت.

- کێشەیەکی زۆر هاتۆتە بەردەستیان سەبارەت بە تاپۆکردنی زەوی کشتوکاڵی لە سنوری شاری سلێمانیو دەوروبەریدا.

- بەدواداچونیان بۆ چەندین کێشەی یاسایی تایبەتی هاوولاتیان کردووە.

- سەردانی بەشی یاسایی هەندێک لە فەرمانگەکانیان کردووە.

دواتر بەشداربووان نزیکەی کاتژمێرو نیوێک ڕەخنەو سەرنجو پێشنیاریان ئاڕاستەی لیژنەکە کرد، گرنگترین سەرنجەکانیان ئەمانە بوون:

- بەڕێوەبەری بەشی یاسایی فەرمانگەکان لە هەندێک کاری وەک (بەڵێننامە)دا دەسەڵاتی دادنوسیان هەیە، بەڵام زۆرێک لە فەرمانگەکان کار بەم ڕێنماییە ناکەنو هەمیشە پشت بە بەڵێننامەی دادنوس دەبەستن. بۆیە داوادەکەن ئەو بڕیارە جارێکی تر گشتاندنی بۆ بکرێتەوە.

- یاساییەکانی ناو فەرمانگەکان کارەکەیان بە خزمەتی قەزایی ئەژمار ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکو بەرپرسیارێتییان زۆرە، هەروەها هیچ ئیمتیازێکیان نییە، ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە یاساییەکان فەرمانگەکان بەجێبهێڵن، بۆ نموونە لە پەروەردەی سلێمانی لە ١٥ یاسایی ئێستا ٤ کەس ماونەتەوە، لە کارەبا لە ٤ کەس یەکێکو لە ژینگەش لە ٤ یاسایی کەسێک ماوەتەوە. داوادەکەن ئیمتیازیان پێبدرێت تا ئەو بەشانە چۆڵنەبن.

- داوادەکەن دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە یاساییەکانی فەرمانگەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی یاساییەوە باشتر سەرپەرشتی کارەکان بکەن.

- پارێزەری فەرمانگەکان دەتوان دادبینی داوایەک بکەن کە نرخەکەی

ئەوپەڕی ٣ ملیۆن‌و ٧٥٠ هەزار دینار بێت، لەوە زیاتر دەبێت پارێزەری لە دەرەوە بۆ بگرن‌و خۆیان لە دۆسیەکەدا چاودێربن، داوادەکەن ئەم حاڵەتە نەمێنێت‌و خۆیان دۆسیەکان ببینن بۆ ئەوەی گەشە بکەن‌و خۆیان کارەکان ئەنجامبدەن.

- هەروەها گفتوگۆیەکی یاسایی زۆرکرا دەربارەی توانای دەسەڵاتی یاسایی ئەنجومەن‌و چۆن دەتوانن هاوکاری ئەو لایەنانە بکەن لە دەرکردنی رێنمایی نوێ‌و پێداچوونەوە بە رێنماییە کۆنەکاندا.

بەشداربووان داوایانکرد لیژنەکە سەردانیان بکات بۆ ئەوەی لەسەر هەریەکێک لەو لایەنانە گفتوگۆی زیاتر بکەن.

## دەیەم/ لیژنەی پەروەردەو فێرکردن

بەروار: ٢٠١٥/٩/١٦

کات: ٤ی ئێوارە

شوێن: سەنتەری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری بابان

ئامادەبووانی لیژنە

نیاز ئەحمەد- سەرۆک

دیلمان عەزیز- ئەندام

مەهدی مەحمود- ئەندام

بەشداربووان

زیاتر لە ٢٠ کەس بە نوێنەرایەتی دەزگاو رێکخراوە پەروەردەییەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەداو دوای ناساندنی پرۆژەکەو خستنەڕووی ئامانجو بەرنامەی کۆبوونەوەکە، سەرۆکی لیژنە باسی ئەرکو دەسەڵاتەکانیانی کرد کە توانای چاودێریو بەدواداچوونی کەرتی پەروەردەیان هەیە، هەروەها لە ماوەی رابردوودا چەندین سەردانیان بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنگاو دەزگا پەروەردەییەکان ئەنجامداوەو لە گرفتو کێشەکانیان کۆڵیوەتەوە.

دواتر بەشداربووان لە ماوەی دوو کاتژمێردا گفتوگۆیان لەسەر کێشەکانی پەروەردە کردو ئەم سەرنجانەیان خستە روو:

- بە گشتی کێشەی میلاکات لە سنوری سلێمانیدا زۆرەو نایەکسانی لە دابەشکردنیدا هەیە، لە پۆلەکانی ١ بۆ ٦ی بنەڕەتی نزیکەی ٢٠٠٠ مامۆستا زیادەن، لە ئامادەییە پیشەییەکان لە کۆی ١٠٥٠ مامۆستا نزیکەی ٧٠٠ مامۆستایان زیادەیە، لە بەرامبەردا

هەندێک شوێنی دیکە پێویستیان بە مامۆستایەو بۆیان دابیننـاکرێت.
ئەمە سەرەڕای کەمی کارگوزارو پاسەوان لە خوێندنگەکاندا.

– کێشەیان لەگەڵ شێوازی بەکرێدانی حانوتەکانو دواتـر خەرجکردنی بڕێک لەو پارەیە هەیە بۆ خوێندنگاکانو پێیانوایە نا دادپەروەریی تێدایە.

– جیاوازی لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا هەیە لە رووی مینحەی خوێندنگاکانەوە.

– ناڕەزاییان هەیە دەربارەی داخستنی کۆمەڵگەی پەروەردەییو قوتابخانە درێژخایەنو نمونەییەکان.

– ناڕەزاییان هەیە لە شێوازی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە.

– زۆریـــی رێنماییەکانی وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتیەکان بێسەروبەرەیی دروستکردووە.

– ئەو خوێندنگەیانەی کراون بە ئینگلیزی مامۆستاکانیان زمان نازاننو پێویستیان بە خول هەیە.

– داوا دەکرێت ماوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دیاریی بکرێت.

ئەمانەو چەندین سەرنجو پێشنیاری دیکە خرانە روو، لە بەرامبەردا ئەندامانی لیژنەکە بەڵێنی هاوکاریو بەدواداچوونی کێشەکانیان دا.

# هەڵسەنگاندن

# سەرنجو رەخنەکان

دەربارەی کارەکانی ئەم خولەی ئەنجومەن لە ماوەی پڕۆژەکەدا، رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان ئەم سەرنجانەی تۆمارکردووە:

- بەهۆی رێکنەکەوتنی دوو لایەنی بـراوەی یەکەم (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان) پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن، هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەی بۆ ٢٠١٤/١٢/١١ دواکەوت، واتە نزیکەی هەشت مانگ دوای هەڵبژاردن سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا. بەم هۆیەوە کارەکانی ئەنجومەن لەو ماوەیەدا دواکەوتن.
- یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە، لەوبارەیەوە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن هاوڕانو لەڕێگەی لیژنەیەکەوە سەرقاڵی ئامادەکردنی رەشنوسێکن.
- لە کۆبوونەوەکانی سەرەتادا رێگە بە راگەیاندنەکانو رێکخراوەکان نەدرا بەشداری کۆبوونەوەکان بکەن.
- هاوکات لەگەڵ دواکەوتنی پێکهێنانی سەرۆکایەتی ئەنجومەندا، پێکهێنانی لیژنەکانیش ماوەیەکی خایاندو لە بەرواری ٢٠١٥/٢/١٢ لیژنەکان پێکهێنران، واتە نزیکەی ١٠ مانگ دوای هەڵبژاردن، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدای ئەنجومەن.
- ئەو بارودۆخە سیاسییو ئابوریو ئەمنیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بە خراپ کاریکردۆتەوە سەر ئەدای ئەنجومەنو جێبەجێکردنی داواکاری هاووڵاتیان.
- وەک ئاگادارین بەر لە کۆبوونەوەکان ئەندامانی ئەنجومەن لە بەرنامەی کار ئاگادارکراونەتەوەو لەو رووەوە هیچ گرفتێک نەبووە.

• هەندێک لە کۆبوونەوەکان دوور لە چاوی میدیاکانو بەشداری نوێنەری رێکخراوەکان ئەنجامدراون، هەندێک لە کۆبوونەوەکانیش کراوە بوونو تەنانەت راستەوخۆ پەخش کراون.

• هەندێک لە کۆبوونەوەکان لە بۆنەی جیاوازدا براونەتە دەرەوەی ئەنجومەن، ئەمەش لە مێژووی کاری ئەنجومەندا نوێیەو هەستی خۆشحاڵیو گرنگیپێدانی لای هاووڵاتیانی ئەو شوێنانە دروستکردووە.

• چەندجارێک لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکاندا گرژی کەوتە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنو هەندێک لە ئەندامان بەپاساوی رێگەنەدان بە قسەکردنیان لە لایەن سەرۆکەوە، بۆ نمونە لە کۆبوونەوەی شەشەمدا رۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠.

• چەندین بەربەست لەبەردەم لیژنەکاندا هەیە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لەوانە: نەبوونی ئۆتومبێلو نەسریەو ستافی کارگێڕیی هاوکار.

• گلەیی لە سەرۆکی ئەنجومەن دەکرێت بەوەی متمانەی بە زانیاری هەندێک لیژنە نییەو دوای راپۆرتی لیژنە داوا لەو لایەنەی زانیاریەکەی لەسەر دراوە دەکات بە نوسراو ئەو زانیاریانەی بۆ بنێرن.

• هەندێک لیژنە پسپۆڕییان لەو بوارەدا نییە کە کاری تێدا دەکەن یان شارەزایی پێویستیان نییە.

• هەماهەنگی نێوان ئەندامانو لیژنەکان لە ئاستێکی باشدایەو کاری پێکەوەیی ئەنجامدەدەنو لیژنەی هاوبەش پێکدەهێنن.

• جیاواز لە خولی پێشوو، لەم خولەی ئەنجومەندا لیژنەی ژنان پێکنەهێنرا، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی ژنانیش هاوشێوەی پیاوان بەشداری کاری لیژنەکان دەکەنو گرفتەکانیشیان وەک پیاوان لە لیژنەکاندا چارەسەردەکرێت.

• وەک تێبینیدەکرێت کارەکانی لیژنەکانی ئەنجومەن هەتا ئێستا زیاتر خۆناساندنو سەردانو بەسەرکردنەوەو بەدواداچوونە، کەمتر پرۆژە لەخۆ دەگرێت.

• تێبینیدەکرێت لیژنە راوێژ بە لایەنێکی حکومی دەکات، یان لیژنەی هاوبەش لەگەڵ فەرمانگەیەک پێکدێنن بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی هاوولاتیان، ئەمەش کارێکی نەگونجاوە، چونکە ئەنجومەن خۆی چاودێرە، ناکرێت لەگەڵ لایەنە چاودێریکراوەکاندا لە یەک بەرەدا کۆببێتەوەو ئەوان ببن بە سەرچاوەی زانیاری لیژنەکان.

• وەک تێبینیدەکرێت ئەنجومەن بە شێوەیەکی فراوان لەسەر هەموو بوارەکانو وردەکاریەکان کاردەکات، ئەمەش وادەکات هەوڵەکان پەرتبنو بابەتە ئاساییو گرنگو هەستیارەکان وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵبکرێت.

• کەمی نەسریەی ئەنجومەن جێگەی سەرنجە.

• بەهۆی تازەیی کاری ئەنجومەنەوە، تەنانەت زۆرجار ناکۆکی لە نێوان ئەنجومەنو فەرمانگەکاندا دروست دەبێتو ئاشنا نین بە دەسەلاتو کاری یەکتر.

• هێشتا کاری ئەنجومەن بەباشی لە لای هاوولاتیان نەناسێنراوە، هەندێک لەو سکالایانەی روو لە لیژنەکان دەکەن پەیوەندی بە کاری ئەنجومەنەوە نییە یاخود لە دەسەلاتی ئەواندا نییە.

• لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە سەردانی هەندێک لایەن کراوە کە لەسنوری کاری ئەنجومەندا نییە وەکو فەرمانگەی پاسپۆرت.

• بەگوێرەی ئەو زانیارانەی لە کۆبوونەوەکاندا کۆکراونەتەوە، پرۆسەی دابەزاندنی دەسەلاتی وەزارەتەکان بۆ پارێزگاکان، کاری ئەنجومەنو هاوولاتیان باشترو خێراتر دەکات.

- ئاستی هاوکاری ئەنجومەن بۆ پرۆژەکە تا رادەیەکی زۆرباش بووە، تەنها لەسەرەتادا نەبێت کە بۆ داواکردنی زانیاری، سەرۆکایەتی ئەنجومەن داوای نوسراویان کردووە، ئەمەش کارەکانی خاوتر دەکردەوە.
- باشترە ئامادەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا زیاتر بێت.
- راپۆرتی لیژنەکان سەرەڕای ئەوەی تێبینی ئەوەیان لەسەرە کە نایاساییە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا بخوێنرێنەوە، بەشێوازێکی باش ئامادەنەکراون لەڕووی ناوەرۆکو پۆلێنکردنی چالاکیەکانو تەنانەت زمانەوانییەوە.

# پێشنیار

بەمەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەندێک پێشنیاری سەرەتاییو گرنگ بە کورتیو پوختی دەخەینە بەردەم ئەنجومەنەکە، کە ئەمانەن:

- باشترە ئەنجومەن بەرنامەیەکی تایبەت دابنێت بۆ لێکجیاکردنەوەی پرسە ئاساییو گرنگو هەستیارەکان لەیەکتریو بەگوێرەی پێویستیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکاتو پلانی کاریان بۆدابنێت. هەمەکارەیی ئەنجومەنو وەکیەک کارکردن لەسەر هەموو پرسەکان، لێکجیانەکردنەوەی کێشە مەترسیدارەکانو ساکارەکان، وادەکات هەندێک کێشە بەهەمیشەیی بمێننەوەو سەرەڕای ماندوبوونێکی زۆر پێیانەوە، ئەنجامێکی باشیان لێ نەکەوێتەوە.
- باشترە سەرەڕای بەدواداچوونو چاودێریی، بیر لە داڕشتنی پرۆژەی پێویست بۆ بوارە جیاجیاکان بکرێتەوە، ئەمەش وادەکات لە جیاتی ئەوەی چارەسەرەکان کاتییو تایبەت بن، هەمیشەییو فراوان دەبن.
- هەندێک لە لیژنەکانی ئەنجومەن پێویستیان بە راوێژکارو کەسانی شارەزا هەیە لەو بوارەی کاری تێدادەکەن، بۆ ئەوەی بەباشی کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکەن یاخود پلانێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردن دابنێن.
- ئەندامانی ئەنجومەن پێویستیان بە بەهێزکردنە لە هەندێک بواری وەک یاساو کارگێڕیو چەند بابەتێکی دیکەدا.
- باشترە سەرۆکی ئەنجومەن لە بەدواداچونو سەردانەکانیدا

بەشداریی بە ئەندامانی ئەنجومەن بکات.

● ئاستی چالاکیی لیژنەکان جیاوازەو هەندێک لیژنە چالاکیەکانی لە ئاستێکی کەمدایە، ئەگەر بەشێکی پەیوەست بێت بە بوارەکە یاخود چالاکیی ئەندامەکان، ئەوا بەشەکەی تر پەیوەستە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە. بۆئەمەش باشترە سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لیژنەکان باشتر ئاڕاستە بکاتو هەماهەنگیان بێت لە پلانی کاردا، بەتایبەت دوای ئەوەی لیژنەکان راپۆرتی چالاکیەکانیان پێشکەش کردووەو ئەدای هەموویان دیارە.

● باشترە کاربکرێت بۆ زیاتر ناساندنی ئەنجومەن بە فەرمانگەکانو رێکخراوەکانو هاوولاتیان، هەروەها میکانیزمی نوێ دابنرێت بۆ بەردەوامیو پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانیان.

● پێشنیاردەکەین لەڕێگەی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان–ەوە ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوەی وەرزی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومیەکانی سنورەکەدا ئەنجامبدات بەمەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسو بابەتە گرنگو پەیوەندیدارەکان.

# پاشکۆی وێنە


Xelk
ZAGROS
NRT
NEWS


ڕێبەری
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
KURDSAT
Xelk
ZAGROS
NRT
NEWS































Kurdistan for Everyone
for Developing Democracy
ڕێکخراوی
کوردستان بۆ هەمووان
بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی































KEODD

کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی